برادلی.ا.تایر

ئەجندای

# ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پاش یانزەی سێبتەمبەر

وەرگێڕانی بۆ کوردی

حەسەن سەید محەمەد

2006

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

www.pertwk.com

کتێب: ئەجندای ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست
پاش یانزەی سیبتەمبەر
نوسەر: برادلی.ا.تایر
وەرگێڕانی: حەسەن سەید محەمەد
تایپ: سعاد
دیزاین و بەرگ: کۆمپتوتەری ئەندێش
زنجیرە: 128
تیراژ: (1500) نوسخە
ساڵی چاپ: 2006
چاپ: چاپخانەی تیشك
ژمارەی سپاردن ( 520 ) ی وەزارەتی
ڕۆشنبیری ساڵی 2006 ی دراوەتێ



www.pertwk.com

ناوەڕۆک لاپەڕە


بەرایی 5

بەشی یەکەم

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەردەمی جەنگی ساردا 17

1- نەوتو پێنج کۆڵەکە پاڵپشتەکە : 17

2- فراوانبوونی دەسەلاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست: 25

بەشی دووەم

چی پاڵ بە ئەمریکاوە دەنێت کە دەسەلاتی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەکاربهێنێت 39





عێراق_ بنکەو حکومەتی سەربە ئەمریکا 52

هەڕەشەکانی لە ئێران‌و سوریا 69

هەرەشە تیرۆریستیەکانی – قاعیدەوحزب الله 96

دەوڵەتێکی فەلەستینی کەهەڕەشە نەبێت بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل 116

ئەنجامی کۆتایی 128





www.pertwk.com

## بەرایی

زۆر بەدەگمەن ڕێدەکەوێ جەنگ بەکەڵك بێ، بەلاّم زۆر جار جەنگ شتی نوێ دێنێتەکایەوە، جەنگەکان گەلێك گۆرانکاری کۆمەلاّیەتییان لەکۆمەلگا رۆژئاواییەکاندا هێنایەکایەوە، بوون بەهۆی زیادبونی مافە سیاسییەکان، هەروەها خوێندەواریو هەلی فێربون زیادیکردو، بواریان لەبەردەم پێشکەوتنی تەکنیکی خۆشکرد، هەر لەدروستکردنی رادارەوە بیگرە تادەگاتە ئەنتی بایتیك ، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا راستییەك



هەیە کەجەنگ ئەو هەلە بەسەرکەوتووەکان دەبەخشێت کەبەرژەوەندییەکانیان لەپێش هەموو شتێکی دیکەوە دادەنێن لەسیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ نمونە جەنگی 1967، 1969، 1973، 1970 بۆ ئیسرائیل بووە هۆی دانانی بەردی بناخەی ئاشتی لەگەڵ میسرو ئەردەن.

سەرەرای ئەنجامە خراپەکانیش، جەنگی لوبنان بووە هۆیەك بۆ ململانییەکی دوورو درێژ لەگەڵ رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین تا لەژێر فشاردا ئیسرائیل بەفەرمی بناسێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهەمان شێوە سودی لەجەنگە هاوچەرخەکان وەرگرت، ئەو بارودۆخە ناهەموارە سەربازییەی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم هەیبوو، زۆر بەخێرایی



www.pertwk.com

رووی لەباشـــبوون کـــرد، شـــارەزایی بـــەجۆرێك پەیداکرد، کەتوانی رووبەڕووی دوژمنە زلهێزەکانی ببێتـەوە، هێرشـی کتـوپڕی سـوپای یابـان بـۆ سـەر بەنـدەری (بـێرل هاربـەر)لەسـاڵی 1941 گـورزێکی گورچك بڕبوو لەوڵاتو کارەساتێکی گەورە بـوو بـۆ سـوپاو کەشـتیگەلی دەریـایی لـەزەریایی ئـارام، سـەرەڕای ئـەوە سـەرکەوتنی لەجـەنگی جیهـانی دووەم ئـەو هەلـەی پێبەخشـی کـە هەلومـەرجی رۆژهـەڵاتی ئاسـیاو زۆربـەی وڵاتـانی ئـەورووپی دابرێژێتـەوە، بـەجۆرێك کەدوژمنـەکانی دوێنـێ بونە هاوپەیمانی ئەمڕۆ، ویلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەییەکی بێ وێنەی بۆخۆی دابینکـرد. هێرشە تیرۆریستییەکانی 2001 گورزێکی گورچك بڕبـوو چـونکە لـەو هێرشـە دەچـوو کەکرایـە سـەر بەنـدەری بـێرل، جـەنگی دژە تیرۆرکـە حکومـەتی



جـۆرج دەبـل یـوو بـوش پـاش هێرشـەکەی 11ی سـێبتەمبەر رایگەیانـد، ئەوهەلـەی بەویلایەتـە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا بەخشـــی کـــە بەرژەوەندییەکانی لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت باشـتر بکاتو، لەدوژمنەکانی رزگاری ببێتو چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی فراوان بکات[1].

ئامـانجی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەرخسـتنی ئـەو راسـتیەیە، جـەنگی دژەتـیرۆر، کەحکومـەتی بـۆش رایگەیانـدوە پـاش روداوەکـەی11ی سـێبتەمبەر، دەبێتـە هـۆی فراوانبـونی باڵادەسـتیو ئامـادەبونی زیـــاتری ویلایەتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست...ئەمەش دەبێتە هۆی سەر لەنوێ دارشتنەوەی ناوچەکە، بەجۆرێك کە لەگـەڵ بیری ئازادیخوازانەی ئەمریکادا بگونجێت: پشگیریو

1 سنوری جوگرافی ئەم لێکۆڵینەوەیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە تورکیاوە بۆ یەمەن،لە ئێرانەوە بۆمەغریب.



www.pertwk.com

گەشەپێدانی حکومەتو بازاڕە ئازادەکان، هەروەك چۆن جەنگی جیهانی دووەمو جەنگی سارد زەمینەی خۆشکرد بۆ ئامادەبونی هەمیشەی ئەمریکا لەئەوروپاو باکوری رۆژهەلأتی ئاسیا، جەنگی دژە تیرۆریش هەلی پێویست دەخولقێنێت بۆ زیادبونی هێزی سەربازییو ئابوریی ئەمریکا بەرێژەیەکی زۆر لە ناوچەی رۆژهەلأتی ناوەڕاست، ئەم دۆخە ئامازەیەکی قوڵە بۆ هەبونی هاوپەیمانو دوژمن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. تەوەری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆ دەبێتەوە لە پێویستی فراوانبونەوەی ئاشتی ئەمریکا لە ناوچەکە. بەم شێوەیە بەرژەوەندییە تەقلیدییەکانی دەپارێزێتو، دەتوانێت بەرژەوەندیی نوێ لە ناوچەکە پەرەپێبدات.



ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستپێدەکات بە هەڵسەنگاندنی ستراتیژییەتە گەورەکانی ئەمریکاو شرۆڤەکردنی ئامانجە ستراتیژییە تەقلیدییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەلأتی ناوەراست لە سەردەمی جەنگی ساردو دەیەی پێش روداوەکەی 11ی سیبتەمبەر، ستراتیژیەتی گەورە واتە دەوڵەتان بەرژەوەندییەکانیانو ئەو مەترسیانەی رووبەرووی ئەو بەرژەوەندییەکانییان دەبنەوەو شێوازی مامەڵکردنیان چۆن پێناسە دەکەن[2]

بەرژەوەندی گەورە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واتای ئەوەیە کە لە سەروو هەموو

2 ئەم پێناسەیە بۆ بەرژەوەندییە گەورەکان زیاترلەلایەن ئەولێکۆڵیارە پسپۆرانەوە بەکاردێت کە گرنگی بەسیاسەتی دەولی دەدەن

seeMelvyn p leffler,Apreponderance of: National security,the Truman Administration, and the cold War(Stanford Universty prss,1992).plx:John J.Mearsheimer,ledell hart and the Weight of history (New york:comell University press,1988), p.17,barry R.Posen, the sources of Military Doctrine:France,Britain,and Germany Between the World Wars (New york: Cornell University Prss,1984) P.13.



www.pertwk.com

شتێکەوە بێت ، یان دەستبەسەراگرتنو زاڵبون، ئەمەش لەسیاسەتی نێودەولیدا بەواتای زاڵبونی دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی دیکەدا بە هۆی هێزو بەتواناتر بوونی لەڕوی سەربازییەوە[3]

ئەو دەسەڵاتەی ئەمریکا هەیەتی ئەو توانایەی پێبەخشیوە کە بەرژەوەندییە دیبلۆماتیو ئابوریو سەربازییەکانی لەپێش هەموو شتێکی دیکەوە دابنێت، هەروەها ئەو توانایەشی پێدەبەخشێت بیروباوەڕەکانی پێشکەش بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بکات لەڕێگای دانانی پێوانەکانی جێبەجێکردنیو سیستمی سیاسی کە کەلتورەکەی بڵاوبکاتەوە[4]،

[3] زاڵبونی دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی تردا ، حاڵەتێکە لەسیاسەتی دەولیدا ،کەبەبوونی پەیوەندی دیاریکراوبەدەوڵەتێکەوە وەسفدەکرێت، بەجۆرێك کەدەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی دیکەدازاڵدەبێت بەهۆی بوونی جیاوازی لەروی سەربازیی‌وئابورییەوە. دەکرێت چەمکی تاك جەمسەر بەکاربهێنینرێت وەك ئەڵتەرناتیوی زاڵبوون بەڵام مانای تەواو نابەخشێت.تاك جەمسەری واتە چڕبەنەوەی دەسەڵات لە یەك جەمسەردا
For discussion see Kenneth N Waitz,theory of lntemational politics (why Internatonal)

4 ساموئیل ب.هنتیگنتون بەدواداچونی پسپۆریانە هەیە لە بارەی چۆنییەتی دەست بەسەرداگرتن کەبنکەدروستدەکات لەلێکۆڵینەوەکەیی(ئەندرۆباسیفتش)لەبارەی ستراتیژییەتی گەورەی خاوچەرخی ئەمریکاوە.



دەسەڵات دەتوانێت جۆرێك لە سەقامگیری بێنێتەکایەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیو هەندێك ناوچەی دیاریکراو، هەروەك چۆن ئاشتی رۆماو ئاشتی بەریتانیا هێنایانەکایەوە، ئەمەش بەکردەوە روویداوە سەبارەت بە ئاشتی ئەمریکا لە ئەوروپاو ئەمریکای لاتینیو زۆربەی وڵاتانی ئاسیادا.

لەسەردەمی جەنگی ساردا، ئامانجی گەورەی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەسکەوتنی نەوت بووبە خۆرایی بۆ خۆیو دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە ئاسیاو ئەوروپا، ئەو راستییە تاهەنوکە لە جێگای خۆیدایە کە نەوت رەگەزێکی زۆرگرنگو چارەنوسسازە لە روی ئابوریو سەربازییەوە بۆ وڵاتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان، بەبێ نەوت ئابوری لاواز دەبێتو هێزە سەربازییەکان ناتوانن بەرەنگاری یەکێتی سۆڤیەت ببنەوە ، یەکێتی



www.pertwk.com

سۆڤیەت لەم لایەنەوە بەسەر رۆژئاوادا سەرکەوتوبوو بەهۆی هەبونی کانگاکانی نەوت لە ولاّتەکەیدا.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ناچاربوو یارمەتی گەورە پێشکەش بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی بکات وەك ( میسر، ئێران، ئیسرائیل، سعودیە،و تورکیا) بە مەبەستی سنوردانان بۆ بلاّوبوونەوەی دەسەلاّتی سۆڤیەت لە ناوچەکە. نەوت گرنگی ستراتیژیی خۆی پاراست لە سەردەمی رووداوەکەی 11ی سێپتەمبەردا، هەروەها گرنگی یارمەتی دانی هاوپەیمانەکان دەرکەوت، سەرجەم بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیی دەسەلاّتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بوو لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست، دەبوو حکومەتی جورج بوش ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە



جەنگی دژە تیرۆر بۆی هێنایە پێش، ئەو سەرکەوتنەش کە لە عێراق بەدەستی هێنا بواری لەبەردەمدا کردەوە کە سەرلەنوێ ولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوەو ئامادەبونی ئەمریکا لەناوچەکە فراوانبکات. کاتێك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئامانجی خۆی رادەگەیەنێت بۆ گۆڕانکاری لە رژێمی فەرمانڕەوای عێراق، ئامانجێکی دیکەشی لەپاڵدایە کە گۆڕانکارییە لە سەرجەم ناوچەکە لەرێگای بەکارهێنانی دەسەلاّتەکەیەوە بەمەبەستی دامەزراندنی چەند رژێمێکی لایەنگری ئەمریکا لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست، بەهەمان شێوەی ئاسیاو ئەوروپاو ئەمریکای لاتینی[5].

[5] بۆدەسکەوتنی لێکۆڵینەوەیی وردلەبارەی سەرهەڵدانی ئاشتی بەریتانیا ورووخانی لەدواجاردا
**Niall Ferguson,Empire The Rise and Demise of the British World Order and the Lessons for Global power(NewYork:BasicBooks,2003)**



www.pertwk.com

هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەهێزترین دەوڵەتە لە نێو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەلاَم پێویستە خێرابکات لە بلاَوەپێکردنی فراوانی هێزەکانی لە رۆژهەلاَتی ناوەراست، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم : فرسەتی پێویست لە بەردەم حکومەتی بوشدا هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گۆرانکارییە، بەلاَم ئەو فرسەتە ماوەکەی دیاریکراوەو بەستراوەتەوە بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوی ئەمریکاوە، ئەم حکومەتە لەسەر کاردەبێت تاساڵی 2004 یان 2008 ، سەرەڕای ئەوەش ئەم حکومەتە ئەو فرسەتەی هەیە کە ناوچەی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست بداتە دەست حکومەتی دوای خۆی بەشێوەیەك کە گۆڕینی نێوەڕۆکەکەی زەحمەت بێت، بەلاَم ئەوهۆکارەی گرنگی زیاتری



هەیە بارودۆخی ئێستای سیستمی نێودەوڵەتییە، کە رکەبەرێك لە ئارادانییە هاوتای دەسەلاَتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت وەك یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی جەنگی ساردا، نەبوونی رکەبەرێك لە رۆژهەلاَتی ناوەراست ئەو بوارە دەدات بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە لە پێشەوەی سیاسەتی دەولیدا بێت، بواری ئەوەی پێدەدات کە ئامانجو بالاَدەستی خۆی بەرەو پێش بەرێت ، بەر لەوەی رکەبەرێکی بۆ دروست ببێت، بۆ بەدیهێنانی گۆرانکاری لە ناوچەکە پێویستە ئەجنەدای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەم بەندانە لە خۆ بگرێت:

بەپشتبەستن بەوەی بە پراکتیکی ئەنجامدراوە، کە رزگاربوونە لە عێراق لە رێگەی شالاَوێکی خێراو ئازایانەی وەك پرۆسەی رزگارکردنی عێراق

(کەبــە جــەنگی کەنــداوی دووەم ناســراوە) بــەو شێوەیە بووە هۆی روخانـدنی تـەواوەتی دەسـەڵاتی صەدام حسین، بەڵام پێویستە عێـراق دابینبکرێت بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی ئـەمریکا، پێکهێنـانی حکومــەتێکی لایــەنگری ئــەمریکا لــە بەغــداو دامەزراندنی بنکەی ئەمریکی مەسەلەی دەسـەڵاتی ئەمریکا بەسەرناوچەکەدا زیاد دەکات .

پێویســتە ویلایەتــە یــەکگرتووەکـانی ئـەمریکا فشار بخاتە سەر ئێران‌و سوریا بەمەبەستی گۆڕینی هەنــدێك سیاســەتی دیــاریکراو کــە هەرەشــە لــە ئامانجی گۆرانکاری لە ناوچـەکە دەکـات. پێویسـتە ئێــران هاوکاریــەکانی بــۆ تیرۆریســتان‌و بەرنامــە ئەتۆمیەکـــەی رابگرێـــت، پێویســـتە ســـوریا هاوکاریکردنی تیرۆریستان بوەستێنێت، بەدیهێنانی هـەموو ئەمانـە پێویسـتی بـە ئامـادەگی سـەربازیی



هەمیشـەیی ئـەمریکاو دامەزرانـدنی بنکـەی زیـاتر هەیـە لـە ناوچـەکە، بـۆ پاڵپشـتی کردنـی چـالاکییە سەربازیی‌و هەواڵگرییەکان دژی ئێران‌و سوریا.

پێویســـتە ویلایەتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا قاعیـــدە بـــە تـــەواوەتی لـــەناو بـــەرێت، یـــاخود کیانەکــەی لاواز بکــات، رێگــای یەکلایکــەرەوە بــۆ ئەنجامدانی ئەم ئامانجە گرێدراوە بە گۆڕین یاخود سەرلەنوێ رێکخستنەوەی حکومەتـەکانی هەریـەك لــە ئێــران‌و ســوریا. لەگــەڵ تێپــەڕبونی کــاتو دەرکــەوتنی پشــگیری دەوڵــەتان‌و گۆرانکــاری کۆمەڵایــەتی لــە رۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت، هێــزی ڕێکخـــراوی قاعیـــدە دەپوکێتـــەوە. هێرشـــەکانی ڕێکخراوی قاعیدە بەدرێژایی دەیـەی پـێش روداوی 11ی سـیبتەمبەر دژی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا ئـەوە روندەکاتـەوە کـە ئـەم رێکخـراوە



www.pertwk.com

هەرەشەیەکی راستەقینە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا پێکدەهێنێت ، لێرەشەوە ئەو رەواییە دەردەکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا رێکخراوی قاعیدەی کردۆتە ئامانجی خۆی، چەند رێکخراوی تیرۆریستی دیکە لە رۆژهەلأتی ناوەراست هەن کە دەتوانن تارادەیەك کاریگەریان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەبێت، بەلأم لەئێستادا واشنتۆن ناخوازێت بۆ تەفروتوناکردنی حزب الله لە باشوری لوبنانو ئەوگروپانەی دیکە کە دژی ئیسرائیلن، وەك بزوتنەوەی حەماس‌و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی، بۆیە پێویستە ئەمریکا رێژەی ئەو هەرەشەیە بەهەند وەربگرێت کە حزب اللە پێکیدەهێنێت. زۆرجار لێکۆڵیارە ئەمریکییەکان ئەم گروپانە بەیەکدی دەچوێنن لەروی پاڵنەرە نیشتمانیو نەتەوەییەکانەوە،



لەهەمان کاتدا پێویستە ئەمریکا تێوەنەگلێ لە ململانێی نیشتمانی نێوان ئیسرائیل‌و حەماس‌و جیهادی ئیسلامی، بەڵکو پێویستە ئەمریکا لەنزیکەوە سەرقاڵی چاودێریکردنی حزب اللە بێت‌وئامادەبێت بۆ لەناوبردنی.

پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشگیری دەوڵەتی فەلەستینی بکات بەمەرجێك هەرەشە بۆ ئاسایشی ئیسرائیل پێکنەهێنێت، ئامادەبونی فراوانی ئەمریکا لە ناوچەکە هەلێکی گرنگە بۆ باشکردنی بارودۆخی ئەمنی ئیسرائیل‌و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئیسرائیل‌و ئەمریکا، بەلأم ئەگەرێك هەیە کە ئەم ئامادەگییە ببێتە هۆی توندکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان، گرنگترین بابەت ئەوەیە کە حکومەتی بوش پەند وەرگرێت لە ئەزمونی حکومەتەکەی کلینتۆن‌و



www.pertwk.com

پێش وەخت دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی نەسەپێنێ.. چونکە مەرجە پێویستەکان تا ئێستنا لای لایەنی فەلەستینی بونی نیە، سەرکردایەتی فەلەستین ناتوانێت داخوازیی دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل جێبەجێ بکات، جگە لەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی پێویستی بەفشار هەیە کە حکومەتی ئیسرائیل پێی رازینابێت، سەرکردایەتی سیاسی فەلەستینی هەنگاوەکانی پۆزەتیڤن بەلاّم رەگەزە بەردەستەکان هێزی تەواویان نییە بۆ حوکومڕانی دەوڵەتی فەلەستینو ئەوانەی دەیانەوێت زیان بە ئیسرائیل بگەیەنن روبەڕوی دەوەستنەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە بە دوبەشی سەرەکیەوە:



بەشی یەکەم گرنگی دەدات بە پیاچونەوەی بەرژەوەندییە تەقلیدییە ستراتیژییە گەورەکانی ئەمریکا لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست. بەشی دووەم ئەو هۆیانە راڤەدەکات کە وای لە ویلایەتە یەکگرتوەکان کردوە خاوەنی توانای فراوانکردنی دەسەلاّتەکەی هەبێتو چی وای لێکرد. بنچینەی ئەم دووبەشەش تێڕوانینی واقعیانەیە بۆ سیاسەتی جیهانی، سەرەرای گۆرانکاریە زۆرەکان، بۆچونی واقعی گرنگی دەدات بەدەسەلاّتی دەوڵەتو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەسەلاّتە بۆ بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتو پاراستنو بەرگریلێکردنی، دەتوانرێت واقعیەت دابنرێت بەو گفتوگۆیانەی لەنێوان پارێزگارە نوێکانی ئەمریکادا رودەدات، وەك ئەندروباسفیتش



www.pertwk.com

یاخود ماکس بوت[6].

هەروەك هاوتا واقعیەکانیان، گفتوگۆکان لەنێوان پارێزگاره نوێکاندا لایەنی باشی دەسەڵاتی ئەمریکی پێکدەهێنێت، ئەو توندوتیژیەی پارێزگاره نوێیەکان دەیگرنەبەر لە گفتوگۆکانیاندا دەسوڕێتەوە لەدەوری پێویستی بڵاوکردنەوەی بیری ئازادیخوازی، لە ڕێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئەمریکاوە، هاوکات لەگەڵ ڕژێمی ئابوری‌و سیاسی ئەمریکادا، ئەگەر بخوازیت دەستەواژەی (گۆڕینی حکومەتە خراپەکان بە حکومەتی باش) بەکاربهێنیٚ، هیچ کەسێکی واقعبین رەخنەت لێناگرێت، چونکە واقعبینەکان گرنگی بونی بیری چونیەك‌و ڕژێمی سیاسی چونیەك لە سیستمی دەوڵەتدا دەزانن، ئەمە بەتایبەت کارێکی بەسودە

6 Max boot,the savage wars of peace.small wars and the Rise of American ower(New York:Books.2002)Bacevich,Amreican Empire



بۆ زاڵبون بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا، چونکە دەبێتە هۆی زیادکردنی کاریگەریی دەسەڵاتەکەی لەگەڵ زیادبونی بەرژەوەندیدا، دواجار بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە هاوشێوەکان کەمدەبێتەوە. لەبەرئەمە واقعیەکان خوازیاری بڵاوکردنەوەی کەلتورو ڕژێمی سیاسی‌و ئابوری ئەمریکان، لەراستیدا گفتوگۆی نێوان واقعیەکان‌و پارێزگاره نوێیەکان لە زۆر لایەنەوە دەچنەوە سەریەك.

بەڵام گفتوگۆی واقعی ئەم لێکۆڵینەوەیە جیاوازە لە روانگەی پارێزگاره نۆێکانەوە، لەخاڵێکی گرنگدا.. واقعیەکان خوازیاری کارکردنن لە گەڵ هەردەوڵەتێکدا یاخود حکومەتێکدا بەئامانجی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیە ستراتیژییە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، چونکە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان لەپێشەوەی هەموشتێکی دیکەدا



www.pertwk.com

دادەنێن، هەرکاتێك ئەم لایەنە دابینکرا،
دەتوانرێت هەنگاو بەرەو ئامانجی گرنگو
خوازراوی دیکە بنرێت، وەك بلاْوکردنەوەی ڕژێمی
بازاڕی ئازادو دامەزراندنی حکومەتی دیموکراسی،
لێرەدا هیچ ناکۆکیەك رونادات لەنێوان ئامانجە
ستراتیژییەکانی ئەمریکاو بلاْوکردنەوەی
بیروباوەڕەکانی، بەلاْم ئەگەر دیموکراسی زیانی
بەئامانجە ستراتیژییەکان ولاْت گەیاند ( بۆنمونە
ئەگەر ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی لە ولاْتێکی
هاوپەیمانی گرنگ وەك میسر) ئەوکات هەڵبژاردن
لەبەردەم واقعیەکاندا روونە، پاراستنی
هەردەوڵەتێکی هاوپەیمان گرنگە هەرچەندە
لاوازیش بێت، هەربۆیە پێویست بە پێشخستنی
ئامانجە لاوەکیەکە ناکات کە بلاْوکردنەوەی
دیموکراسییە.



هیچ فێڵێك لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیە بۆ ئەوەی
بڵێین دەوڵەتە هاوپەیمانەکان وەك میسرو تورکیا
یاخود دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، دەخوازن
ڕژێمی سیاسی یان ئابورییان کەلتوری ئەمریکا
پەیرەوی بکەن. ئەوان پشگیری دەکەن بە لاوازی -
بەڵکو هەندێك جار دژایەتی سیاسەتەکانی
ئەمریکا دەکەن لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکانیان
وا دەخوازێت. ئەگەر یەکێتی ئەوروپا، یاخود چین
دەوڵەتی بالاْدەست بونایە بە سەر جیهاندا،
ئەوەمان بەدیی دەکرد کە ئەو دەوڵەتانە کەم تازۆر
پشگیریان دەکرد، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان،
لەبەر هەموو ئەم هۆیانە پێویستە ویلایەتە
یەکگرتووەکانی ئەمریکا وریا بێت..چونکە ڕژێمە
ئابوریو سەربازیو ئایدلۆژییەکەی زۆر بەهێزە،
هەر بۆیە پێویستە لەسەری ململانێ بکات بۆ



www.pertwk.com

سەپاندنی دیموکراسیو بازاڕی ئازاد، بەلاّم لەسەر حسابی روخاندنی رژێمە لایەنگرەکانی لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستو هەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان، رەنگە زۆربە خێرایی رژێمە نادیموکراتییەکان بگۆڕێن بۆ رژێمی دیموکراسی، بەلاّم پێویستە لە هەموو بارێکدا گۆرانەکە لەسەر خۆبێتو لەناوخۆدا روبدات ، نەك شۆرشگێرانەو داسەپێنراوبێت لەلایەن هێزی دەرەکییەوە.

وەك تێبینییەکی کۆتایی، گرنگە جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە خالّی گرنگ لەم لێکۆلّینەوەیەدا، پەیوەندی هەیە بە ئامانجە درێژخایەتە گەورەکانی ئەمریکاوە لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا. لەبەر ئەوە پێویست ناکا بەدوورو درێژی باسی ئامانجە هەنوکەییەکانی ئەمریکا بکەین، وەك بەدیهێنانی ئارامی لە ئەفغانستانو



عێراقدا.

لەگەلّ ئەوەدا کەئەم ئامانجە هەنووکەییانە گرنگنو بێگومان جێبەجێکردنیان زەحمەتە لەچاو ئەو هەنگاوانەدا کە پێویستە بنرێن بۆ دلّنیابوون لە جێبەجێکردنی ئامانجە ستراتیژییە گەورەکان. بەلاّم لێرەدا گرنگیمان داوە بەو ئامانجە نەگۆرودرێژخایەنانە لە ناوچەکەدا



www.pertwk.com

## بەشی یەکەم

**بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەردەمی جەنگی ساردا:**

**1- نەوت و پێنج کۆڵەکە پاڵپشتەکە.**

ئەوەی لەسەردەمی جەنگی ساردا لەبارەی دەست تێوەردانی ئەمریکا لەکاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبینی دەکرا، ئەوەبوو کە ئامادەبوونی ئەمریکا مامناوەندیی بوو کەچی



دەسەڵاتی زۆر بوو، ئەم حاڵەتەش لەهیچ شوێنێنی تردا نەبوو جگە لە ئەمریکای لاتین، بەپێچەوانەی ئەمریکای لاتینەوە ئەمریکا دەیتوانی پرۆتۆکۆل لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە ببەستێ سەبارەت بەبوون ودەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا ، بەبێ دەست تێوەردانی سەربازیی چڕ یان داگیر کردنی ناوچەکە، گرنگی پێدانی ئەمریکا بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چڕ دەبووەوە لە دابینکردنی ڕۆیشتنی نەوتی خۆرای بۆبازاڕەکانی جیهان، بەجۆرێك کەنەوت بۆ وڵاتە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوا دابینبکات. (یابان، کۆریای باشور) هەرزانترین سەرچاوەکانی وزەن ، بالا دەستی ئەمریکا بە شێوەیەکی زۆرچالاك فراوانبۆوە بەبێ هیچ تێچونێك لەبەر چەند هۆیەك:-



www.pertwk.com

**یەکــەم/ هەرەشــەی یــەکێتی ســۆڤیەت دژی بەرژەوەنــدی‌یــەکانی ئــەمریکا لــە ناوچــەکە بەدرێــژایی شــەڕی ســارد مــام ناوەنــدی بــوو، [7] هــەروەها دەرکــەوتنی توانــا دوژمنکاریــەکانی سـۆڤیەت وبـونی لـەناو دەریاکـانی ناوچـەکە هـەتا دەیــەی هــەفتاکان گرنگیــەکی زۆری نــەبوو، لــەو کاتەداکـە یـەکێتی سـۆڤیەت هاوپـەیمانی گرنگـی هەبوو لە ناوچەکەدا وەك عێراق‌و لـەویش گـرنگتر میسرو سوریا بـەڵام ئـەم هاوپەیمانانـە زۆر سڵیان دەکـــــردەوە لەراوێــــــژکارەکانی ســــــۆڤیەت‌و یارمەتیــدانیان‌و گومانیشــیان هــەبوو لــە بــوونی سـۆڤیەت بـە شـێوەیەك دواجـار پەیوەندیـەکانیان بـەوە گەیشـت ئـەنوەر سـاداتی سـەرۆکی میسـر لـە**

[7] جگەلـەوەی هەرەشـەی سـۆڤیەت بۆسـەر ئیسـرائیل لەسـەردەمی جـەنگی سـاردا زیاتربوو،ئـەم جەنگـە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بوو سەوەرای هاوکاری کردنی دوژمنەکانی ئیسرائل بە چەك‌ویارمەتی دیبلۆماسی.



**ساڵی1975 هەســتابە دەرکردنــی ڕاوێــژکارانی سۆڤیەت لە وڵاتەکەی .**

**بەهۆی هەرەشـەی ئاسایی سۆڤیەت لـە ناوچـەی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت هــەروەها وەك ئــەنجامی پێداویســتییە گــەورەکان بــۆ بــونی ســەربازی گەورەی ئەمـەریکا لـە ناوجـەکانی تـری جیهـان (ئەوروبا، یابان، کوریـا، باشـوری روژهـەڵاتی ئاسـیا) ئەمــەریکا هــەلێکی تــری زێرینــی بــو هەڵکـەوت لەبــەدیهێنانی ئامانجــەکانی لــە رۆشــتنی نــەوتی ناوچــەکە بــەبێ بەرامبــەر بــۆ بازارەکــانی جیهــان بەپشت بەستن بە بەریتانیا بـو پاراسـتنی ئاسـایش لـە ناوچـەی روژهـەڵاتی ناوەراسـت [8] بـەڵام کاتیـك بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بەرەو هەڵدێر**

[8] پشتبەستن بە هاوپەیمانەکان رێگرنەبوو لەبەردەم دەستێوەردانی راستەوخۆی ئەمریکا لەکاتی پێویستدا وەك دەستێوەردانی لە لوبنان ساڵی 1958



www.pertwk.com

رۆیشت، ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بۆ ئەمەریکا زۆر گرنك بوو.

لەدەیەی شەستەکاندا سیاسەت داڕێژەرانی ئەمەریکا بۆیان روون بۆوە کە دەسەڵاتی بەریتانیا لە جیهان روو لەنشێوە، لە کانونی یەکەمی ساڵی1965 سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (هارولد ویلسون) بە (لیندون جونسون)ی سەرۆکی ئەمریکای ڕاگەیاند، قەیرانی ئابوری بەریتانیا پێویستی بەوە هەیە حکومەتەکەی بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بچێتەوە لە بارەی پاراستنی ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سویس، وا یدەبینێ دەست هەڵبگریت لە شوێنە داگیرکراوەکان لە عەدەنو لە پاڵپشتی کردنی شێخەکانی ناوچەی کەنداو هەروەها لەبەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایش لە دەریای هیندیو سنگافورە، پاشەکشەی بەریتانیا



بۆشاییەکی ترسناکی لە بارەی ئاسایشی ناوچەکەوە دروستکرد.

لەئەجامی ئەم روداوەشدا حکومەتی ئەمریکا لای کردەوەبە لای ئەو سیاسەتەی کە ئیدارەی (جونسون) بە سیاسەتی دوو کۆڵەکەکە ناوی دەبرد واتا ئێرانو شانشینی سعودیە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەی کەنداو لە دوای پاشەکشەی بەریتانیا[9] بەم شێوەیە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە کەوتە ئەستۆی ئەو دوو دەوڵەتە سەرەڕای گرنگی هەندێك دەوڵەتی دیکە لەناوچەکەدا وەك ئیسرائیل بۆ ڕوبەروبونەوەی فراوانخوازی ناصرییەکان.

[9] For and elaboration of the Johnson administrations tow pillars strategy see Douglas Little.American Orientalism:(Chapel Hill.NC:University of North.Carolina press.20002)p.140



www.pertwk.com

سەرەك جۆنسۆن لەساڵی 1966
لەكۆبونەوەیەكی دوو قۆڵیدا لەگەڵ پاشای سعودیە
(فیصل) بەڵێنی هاوكاری سەربازی گەورەی پێدا ،
بەمەش پەیوەندی هاوبەشی ئەمنی دەستی پێكرد،
بەلام ئێران خەلاتێكی راستەقینە بوو بۆ ئەمریكا
بە تایبەت دانیشتوانەكەی كەبەهرەمەند بوونو
خاوەن سەروەتێكی نەوتیو ئابوری پێشكەوتوو
بوو لەچاو عەرەبستانی سعودی كە خاوەنی ئەو
هێزەی ئێران نەبوو. هەر بۆیە پەیوەندییەكی
سەربازی پتەو لەنێوان شای ئێرانو ئەمریكا
پێكهات، ئەمریكا هەندێك لە پیشەسازی چەكی
پێشكوتووی لەگەڵدا دابەشكرد ئێرانیش
هاوپەیمانێكی بە وەفای ئەمریكا بوو شای ئێران
هەموو دەسەلاتەكەی خۆی بەكارهێنا بۆبەرز
ڕاگرتنی بەرژەوەندیەكانی ئەمریكاو



پێشخستنیو دانانی لە پیَشەوەی
بەرژەوەندیەكانی وڵاتانی دیكە كە گرنگترینیان
ڕێگەگرتن بوو لە دەستێوەردانی سۆڤیەت، شای
ئێران نوێنەرایەتی ئەمریكای دەكردو سڵی لەهیچ
كارێك نەدەكردەوە كە لەبەرژەوەندی ئەمریكا دا
بێت بۆ نموونە ساڵی1973 شای ئێران(1200)
سەربازی لە هێزەكانی كۆماندۆس ڕەوانەی عومان
كرد بۆ كپكردنەوەی ئەو شۆڕشەی كە بە پاڵپشتی
سۆڤیەت هەڵگیرسابوو. بەلام ئەم بارو دۆخەكە
ئەمەریكای خۆشحاڵ كردبوو بەشێوەیەكی كتوپر
پاش سەر هەڵدانی شۆرشی ئیران لە ساڵی 1979
كۆتایی پێهات، ئیتر ئەمریكا ناوی (كۆڵەكەی) لە
هاوپەیمانەكانی نەدەنا ، بەلام بوونی لەناوچەی
ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پشتی بەسێ كۆمەڵە كە
دەبەست :-



www.pertwk.com

یەکەم کولّەکە تورکیا بوو کە هاوپەیمانێکی بە هێزی ئەمریکا بوو، لەسەردەمی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە کە ئەمریکا یارمەتی ئەنقەرەی دا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی سۆڤیەت لە بارەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاّتی تورکیا (کارسو ئەردەهان)، کە مۆسکۆ ئێدەعای ئەوەی دەکرد کە ئەو دوو ناوچەیە سەر بە روسیانو دەیویست بنکەی سەربازی لە تورکیا دابمەزرێنێ، وپەیمان نامەی (مۆنترو) هەلّوەشێنێتەوە کە تایبەت بوو بە تێپەڕبوونی سۆڤیەت لە نۆکەندەوە.

پشتیوانی ئەمریکا یارمەتی تورکیای دا، لە بەرەنگاربونەوەی ملهوڕی (ستالین)، وەرگرتنیشی لە ناتۆ سالّی1952 ئەوەندەی تر تورکیای بەهێزکرد، هەروەها هاوکات دوو پالّپشتی دیکە بۆ



ئەمریکا زیادیکرد (ئیسرائیلو میسر) بەمەش بارودۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە گەشە سەندنی بە خۆیەوە بینی، پەیوەندییەکانی ئیسرائیلو ئەمریکا لەدوای جەنگی1967 پتەوتر بوو، ئەم پتەوبونە بە پلەییەکەم پەیوەندی بە ئارەزووەکانی ئەمریکاوە هەبوو کە دەیویست ئیسرائیل بکاتە قەلاّیەك بۆخۆپاراستن لە سۆڤیەت، ئیسرائیل هێزی سەربازی گەورەی خۆی نیشان دا کاتێك توانی دوو دەولّەتی هاوپەیمانی سۆڤیەت لە ناوچەکە تێك بشکێنێت ودەست بگرێت بەسەر ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان نۆکەندی سوێس وکەنارەکانی دیمەشق، ئەمەش بۆ ئەمریکا زۆر بە نرخو جێگای بایەخ بوو، ڕوخاندنی بنەمالّەی پەهلەوی لە ئێران هێندەی دیکە گرنگی وبایەخی زیاتر کردو ئەو



www.pertwk.com

[10]، هـەردوو وڵاتـیش سیاسـەتی (پرسـیار مەکـە....وەڵام مـەدەرەوە) یـان بـەکار دەهێـنا لـەو بابەتانەدا کەپەیوەندی بە بەرنامـە ئـەتۆمییەکەی ئیسرائیلەوە هەبوو، بەمەش زەمینەی تەواو خۆش کرا بۆبنیادنانی پەیوەیندییەکی تونـدوتۆڵ کـە تـا ئـەمڕۆ بەردەوامـە. میسـر لـە ناوەڕاسـتی دەیـەی حـەفتاکانـە وەهاوپـەیمانی ئـەمریکابوو، چـونکە میسـر پێویسـتی بـە هاوکـاری ئـەمریکا هـەبوو لـە ڕووی ئـابوریو سیاسـیو سـەربازی، تـا سـەقامگیری

[10] بەڵگەنامەی (Avner cohen) لەبارەی ململانێی دیبلۆماتی نێوان ئیزنهاوەروحکومەتی کەنەدی ، لەنێوان گورینوئیشگول،لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
IsraelandTheBomb(NewYork:ColumbiaUnivresity press1998)



لەحکومرانی وڵاتەکەیدا بەرپابکات، هەروەها سوود لـە کاریگـەری ئـەمریکا وەربگرێـت بـۆ سـەر سیاسـەتەکانی ئیسـرائیل. میسـرلەلای ئـەمریکا پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبوو ئەویش بـەهۆی باڵا دەستی بەسەر نۆکەندی سویس، سـەرکردایەتی کردنی جیهانی عـەرەب ورۆڵ بینینـی لـە ئاسـایی کردنـەوەی پەیوەنـدی ئاشـتی نێـوان ئیسـرائیلو وڵاتە عەرەبییە دراوسێکان، هێنانە دەرەوەی میسـر لە ژێـر کاریگـەری سـۆڤیەت، سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو بـۆ ئـەمریکا لەسـەر ئاسـتی سیاسـەتی دەرەوە، لەسـەردەمی جـەنگی سـاردا. میسـر نرخـی خـۆی دوای شـەڕی سـاردیش لـەلای ئـەمریکا پاراسـت، ئەمـەش بـووە هـۆی پاراسـتنی لـە هـەموو ئـەو ڕەخنانـەی لـەبارەی دیموکراسـییەوە ئاڕاسـتەی دەکـرا. لەدەیـەی شەسـتو حەفتاکانـدا



www.pertwk.com

ی‌یــەکانی ئــەمریکا لەلایــەن پێــنج کۆڵەکەی پاڵپشتی بەهێزەوە دەپارێزران، هەر بۆیە ئەمــەریکا پێویســتی بــەوە نــەبوو کــە هێــزی سەربازیی فراوان بەرەو ناوچەکە بهێنێت، چونکە ئەمریکا دەیویست ئـەو ئەرکانـەی کەپـەیمانی نـاتۆ خســتویانەتە ســەر شــانی جێبــەجێیان بکــات، کەپەیوەندی بە بڵاوبونەوەی سەربازییەوە هـەبوو، لەیابان‌و کۆریاو تێوەگلانی لە باشوری ڕۆژهـەڵاتی ئاسیا. لەگەڵ کەمبونـەوەی هەرەشـەی سۆڤیەت لـە ناوچــەکە، ئــەمریکا دەیتــوانی پشــت بــەو پێــنج کۆڵەکەیە ببەستێ بۆپاراستنی بەرژەوەندییـەکانی، کـە پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکایان لـە پێش هەموو شتێکەوە دانابوو، بەڵام ئەمریکا چیتر نەیـدەتوانی ئـەو خەرجییـە زۆرە دابـین بکـات بـۆ هاوپەیمانــەکانی بەمەبەســتی پاراســتنی کانــە



نەوتەکان، کاتێکیش کەلە حەفتاکاندا هەڕەشەکانی سـۆڤیەت زیـادی کـردو باڵادەسـتی سـۆڤیەت لـە ئەفریقا زیادی کردو، ئەفغانستانیشی داگیر کـرد، هەموو ئەمانەش هاوکات بوون لەگەڵ ڕوخانی شای ئێـران، وا دەردەکـەوت کەتـەرازوی هێـز لـە دژی ئـەمریکا هەڵگەڕاوەتـەوە. بۆچارەسـەکردنی ئـەم بارودۆخەش ئیدارەی کارتەر (هێـزی بڵاوبونـەوەی خێـــرا)ی پەرەپێداکـــە پاڵپشـــتی یەکـــەمی سـەرکردایەتی ناوەنـدی ئێستای ئەمریکایـە، ئـەو توانایەی بـە ئـەمریکا بەخشیوە ، بـۆ گواسـتنەوەی هێـزی سـەربازیی نهێنـی بـۆ ناوچـەی کەنـداو لـە پێناوی پاراستنی چاڵەنەوتەکاندا [11].

[11] لێکۆڵینەوەی ورد لەرۆڵی وردی‌نێردراوەکان لەبارەی بڵاوبونەوەی هێزەخێرکانی.
**Joshua M Epslein Soviet Vulneraablities in Iran and the RDF Dterrent, International ecurity,Vol.6,No2(Fall1981)pp.126/158**
**(International Security, Vol.5,No4. Spring** ستراتیژییەتی بڵاوبونەوە هێزی خێرا
**1981,pp.49 -73**



www.pertwk.com

گەشەکردنی ئەم توانایەش لە دەیەی هەشتاکاندا سەرەڕای هێزی زەمینی قورس‌و جبەخانەی دەریایی‌و ئاسمانی ئاماژەیەك بوو بۆ توانای سەرسوڕهێنەری ئەمریکا لە وردبونەوە لە بڵاوبونەوەی سۆڤیەت‌و ئێران لەناوچەی کەنداو، تەنها توانای سەربازی ئەمریکا خۆی دەیتوانی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە بپارێزێ، لە هەڕەشەکانی سۆڤیەت.

ئەمریکا لەوکاتەدا هەستی بە نرخی هاوپەیمانەکان کرد لە ناوچەکەدا، هەربۆیە هەستا بە پڕچەك کردنی ئەو چوار کۆڵەکە پشتیوانییەی کە بۆی مابۆوە.

بەدرێژایی جەنگی سارد، ئەمریکا توانی لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانیەوە بەرژەوەندییە ستراتیژییە گەورەکانی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی



ناوەڕاست بپارێزێت، ئەمەش بارودۆخێکی زۆر بەکەڵك بوو بۆ ئەمریکا کە بەهۆیەوە دەرفەتی زیاتری بۆ دروست بوو تا هێزە سەربازییەکانی خۆی لە ئەوروپاو ئاسیا زیاتر بڵاوە پێبکات، بە تایبەت کە هەڕەشەکانی سۆڤیەت لەو دوو شوێنە زیاتر بوو بەڵام کەمی بونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و بوونی بەهێزی سۆڤیەت وەك ڕکەبەرێك، وایکرد کە ئەمریکا نەتوانێت لە دوژمنەکانی لەو ناوچەیە ڕزگاری ببێت‌و فشار بخاتە سەریان بۆ گۆڕینی سیاسەت‌و سیستمی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یان ، گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی جیهان دنیایەکی جیاوازی هێنایە کایەوە، ئەو فرسەتانەی لە جەنگی ساردا بەهەدەر چوون ئێستا هاتونەتەوە کایەکەوەو بەشێوەیەکی باشتریش.



www.pertwk.com

## 2- فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

شکستی یەکێتی سۆڤیەت لە بەرامبەر ئەمریکا هەلێکی زێڕینی بە ئەمریکا بەخشی تا ببێتە تاکە جەمسەر، ئەم بەشە لە لێکۆڵینەوەکە ئەوە ڕاڤە دەکات کە بۆچی دوای ئەو باردودۆخە ئەمریکا هەوڵی فراوانبونی دەسەڵاتی دەدات لە



ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتێکدا لە سەردەمی جەنگی سارددا سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی جێبەجێ دەکرد (دەستەبەرکردنی نەوت لە جیهانو پاراستنی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی) لێرەدا ئەو هۆسەرەکییانە دەخەینە ڕوو کەوای کرد ئەمریکا ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر، دواتر لە بەرژەوەندییە دیاریی کراوەکانی ئەمریکا دەکۆڵێتەوەلە ناوچەکەدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لوتکەی زاڵبونیدایە بەسەر سیاسەتی جیهاندا بە هۆی سێ هۆکارەوە:

1- ئەو پێگە بێ وێنەیەی دەسەڵاتی ئەمریکا هەیەتی لەسیستمی جیهاندا.

2- بوونی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.



www.pertwk.com

3- هێــزی ســەربازی، و لیژنــەکانی هــەواڵگری ئەمریکا.

یەکەم:-

بــە ڕوخــانی یــەکێتی ســۆڤیەت، ئــەمریکا هــیچ ڕکەبەرێکی لە سیستمی جیهانیدا لەبەردەمدا نـەما بە دڵنیـای‌شـەوە ڕکەبـەری نـوێی لـە داهـاتودا بـۆ دروست دەبێت، وا پێشبینی دەکرێت ئـەو ڕکەبـەرە وڵاتــی چــین بێــت کــە هێــزی خــۆی بەرامبــەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەکاربهێنێت.

بەڵام لە بیست ساڵی داهاتودا ئەمریکا باڵا دەست دەبێـت بەسـەر سیسـتمی جیهانیـدا، بـەبێ ئـەوەی هـیچ لایـەنێك هاوتـای هێـزی ئـەو بێـت. ڕەنگـە لایــەنی دیکــەی بەرهەڵســتکاری سیاســەتەکانی ئــەمریکا بێتەکایــەوە وەك یــەکێتی نێــوان چــوار ولاتـە ئەوروپییەکـە (بـەلجیکا، ئـەڵمانیا، فەڕەنسا، لوکسەمبروگ) لەو کاتەدا ئەمریکا بڕیاری هێرش کردنــە ســەر عێراقــی دا، ئــەم نموونەیــە ئــەوە ڕوندەکاتەوە کە دەمانەوێت ئاماژەی پێ بدەین.

چونکە ئەو هاوپەیمانی‌یە ئـەو توانایـەی نـەبوو کە ڕێگا لـە ئـەمریکا بگرێـت لـەوەی کـە دەیـەوێت بیکات، هاوپەیمانیەکی فشەڵی لەو شێوەیە ڕەنگەلە داهـاتودا گەشـەبکات، بـەهۆی نارەزایـەتی هەنـدێك لــەولاٌتان لــە سیاســەتەکانی ئــەمریکا ، بــەلاٌم دەرئەنجامەکەی هەمان دەرەئەنجام دەبێت.

دووەم: -

ئەگەر وورد بینەوە لە هاوپەیمانەکانی ئـەمریکا لە ناوچەکە ئەوە زۆر وڵات دەبیـنین کـە پشـتیوانی لە ئەمریکا دەکات ئەو پشتیوانیانەش کە ئـەمریکا لە کۆتایی جەنگی ساردا دروستی کرد کەبریتین لە میسـرو ئیسـرائیل‌و عەرەبسـتانی سعودی‌و تورکیـا


www.pertwk.com

تائێستا بەردەوامە، سەرەڕای زۆرێك لە وڵاتە بچوكەكان كە دەكەونە نێوان مەغربی عەرەبی‌و كەنداوەوە ئەوانیش هاوپەیمانن لەگەڵ ئەمریكا، بەو پێیە ئەردەن هاوپەیمانێكی باوەڕپێكراوە هەروەها مەغریب، ئەمەش بنچینەیەكی بەهێز بۆ ئەمریكا لەناوچەكە دەستەبەر دەكات كە لە ڕێگەی‌ەوە باڵادەستی خۆی لە ناووەو دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادە دەكات لە نێوان سەرجەم دەوڵەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها ئێران‌و سوریا لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئەمریكادان.

جەنگی عێراق ئەوەی دەرخست كە ناسەقامگیرییەكی زۆر هەیە لە پەیوەندییەكانی نێوان سعودی‌یەوە توركیاو ئەمریكادا، ئەم مەسەلەیەش دەبێتە مایەی نیگەرانی، بەڵام



بەهەرحاڵ پێویست بە زیادە ڕۆیی ناكات لەسەر گرنگییەكەی، ئەمریكا باش دەزانێت كە گەلی سعودی ڕۆژ بە ڕۆژ توندوتیژی ودوژمنایەتی بۆ ئەمریكا زیاد دەكات، هەروەها سعودیە یارمەتی گروپی وەك "حەماس" دەدات كە كاری تیرۆریستی بەرامبەر ئیسرائیل ئەنجام دەداتو، هیچ هاوكاری دەرنەبڕیوە لەگەڵ نوسینگەی هەواڵگری فیدراڵی لەكاتی لێكۆڵینەوە لە بارەی تەقینەوەكانی تەلاری پاسەوانی نیشتمانی سعودی‌و ساختمانەكانی(خوبەر) (1996-1995) دوابەدوای یەك. دوای ساڵی1995 هاوكاری سعودیە بۆ ڕێكخراوی القاعی‌دە دەستی پێكرد بە پێدانی بەرتیل بەو ڕێكخراوە تا هێرش نەكاتە سەر بەرژەوەندییەكانی عەربستانی سعودی، بەڵام ڕێكخراوی (قاعی‌دە) ئەوەی سەلماند خۆپاراستن



www.pertwk.com

ی پایتـەخت تەقانـەوە لـە

ئایاری ساڵی2003، هەروەها دەسـتگیر کردنـی سـێ

کەس کـە خـەریکی پـلان دانـان بـوون بـۆ فڕانـدنی

فڕۆکەیــەك وە تەقاندنــەوەی بــە تــەلاری بــانکی

بـازرگانی نیشـتمانی لـە جـدە[12] جگەلـەوە سـعودیە

ئــەو داواکــاری‌یــەی ئــەمریکای ڕەت کــردەوە کــە

بۆکێشــانەوەی فڕۆکــە جەنگییــەگانی جــۆری

(F.100) لە فڕۆکەخانەی تبوکی نزیك ئی‌سرائل

، سعودیە ئەو فڕۆکە جەنگیانەی لـە کـاتی شـەڕی

---

12 Adamgging case against the Saudis is presented by doer cold,“Hatred’s kingdom”

چۆن شانشینی عەرەبی سعودیی پشتگیری شێوەی تیرۆری نوێی جیهانی دەکات (Washington Dc:Regncy press,2003.

روبرت بایر) ئەو تێزە دەهێنێتە ئاراوە کەشانشـینی عـەرەبی سـعودی ناسـەقامگیرە بـەهۆی زۆربـونی ژمـارەی دانیشتوانی‌و توندڕەوی یان ئازادیخوازی لاوەکـانی هـەروەها دابـەزینی داهـاتی نـەوت دەبێتـە هـۆی ئەوەی‌کـە سعودییە ببێتە جێگای ئایندەی شۆڕشی ئیسلامی ئایندە

((Robert Bear, sleeping with the Devil: How Washington sold our soul for Saudi Crude(New York: crown bishers,2003)



عێراق ئەمریکادا لەو پێگەیە کۆکردەوە بەبیانووی

پاراسـتنی سـعودیە لـە هـەر هێرشـێکی عێراقـی.

هەرچەندە زۆر دوور بـوو شـتی لـەوجۆرە ڕوبـدات،

چونکە مـەحاڵ بـوو هـیچ فرۆکەیـەکی عێراقـی لـە

چــنگ فرۆکــەکانی ئــەمریکا ڕزگاریــان ببێــت،

لەکاتێکدا ئەگەر لەتوانایاندا هەبوایە هەڵبفڕن .

گـرنگ تـرین مەسـەلەش لێـرەدا ئـەوە بـوو کـە

ئـەمریکا پێگـەکانی خـۆی لـە سـعودیە گواسـتەوەو

دەگــەڕا بــەدوای سەرچــاوەی ئەلتــەرناتیف بــۆ

پڕکردنی فڕۆکەکانی لە وزە وەك کەنـەدا وولأتـانی

ئاسـیای ناوەڕاسـت، ڕوسـیاو مەکسـیك‌و نیجیریـاو

ولأتـانی دیکـە، هـەروەها پڕکردنیـان لـە وزە لـە

خودی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

بـەڵام بــە ســادەیی راســتییەکە ئەوەیــە کــە

سـعودی‌یــە (2642)بلیـۆن بـەرمیل نــەوتی لــە



www.pertwk.com

ارکـراوی

جیهان پێك دەهێنێـت، لەگـەڵ هـەرزانـترین تێچـون لـە بەرهـەمهێنانو ئاسـانـترین ڕێگـا بـۆ چـونە سـەر دەریــاو ناردنـــە دەرەوەی، هەربۆیــە عەرەبسـتانی سـعودی بــە یــەکێك لـــە سەرچــاوە گرنگـــەکان دادەنرێـت لـە بـازاڕی نـەوتی جیهانیـدا، هـەروەها بەهێزتـرین کاریگەرە لەسـەر نـزم بونـەوەی نرخـی نـەوت لـە بـازاڕی جیهانیـدا[13] هـەروەها لـە سـاڵی 1933 وە بەیەکێك لە سەرچـاوە باوەڕپێکراوەکـان دادەنرێــت بــۆ ئـــەمریکا جگـــە لەســاڵی (1973-1974) کـە سعودیە بڕیاریـدا نـەوت بـە ئـەمریکا نـەفرۆشـێت وەك سـزایەك لـە بەرامبـەر پاڵپشـتی کردنـی لـە ئیسـرائیل، سـەرەڕای ئاسـتەنگەکان بـۆ

[13] سیاسەتی سروشتی نوێی نەوت: ویلایەتە یەکگرتووەکان, شانشینی عەرەبی سعودییەو روسیا
Caudate Bight, Rabies, vol.47, no3 (summer 2003) pp.447-461



ئەمریکا گرنگە درێژە بە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ ســـعودیە بـــدات، ئەمــــەش دەگەڕێتــــەوە بــــۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵات.

لەگەڵ ئەوەشدا: لـەم ڕاڤەکردنـەدا دەگەینـە ئـەو ئەنجامەی کە بوونی دەوڵـەتێکی سـەر بـە ئـەمریکا لــە عێــراق ڕێگــە بــۆ ئــەمریکا خۆشــدەکات کــە گۆڕانکـاری ڕیشـەیی لەسعودییە ئەنجامبـدات، لـە حاڵەتێکدا ئەگـەر خـراپترین شـتیش ڕووبـدات، کـە دامەزرانـــدنی حکومـــەتێکی دژە ئەمریکایـــە لـــە ریـاض. تورکیـا لـە لایـەن ئـەمریکاوە سەرزەنشـت کـرا کاتێـك ڕێگـەی نـەدا کـە تیپـی پیـادەی چـواری ئــەمریکا لــە خاکەکەیــەوە تێپــەڕبێتو بــوە هــۆی دواخسـتنی کردنــەوەی بــەرەی بـاکور لــە جــەنگی عێراقدا، ئەمەش ئەو هۆکارە بوو کە پاڵی بـە پـۆل وولفویتزی جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکاوە نـا



www.pertwk.com

ناو بەرێت زۆرێکیش لە چاودێران پێیان وابوو پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات گەیشتۆتە **نزمترین ئاست**[14]

لێدوانەکانی وولفویتز ئەوەی ڕونکردەوە کە پارتی دەسەڵاتدار لە تورکیا سڵ لەئەمریکا دەکاتەوە بەڵام ڕەنگە ئەوە بۆچونی ژەنەڕاڵە تورکەکان نەبێت، لەتەموزی2003 دا هێزەکانی ئەمریکا "11" ئەندامی تیپی مەغاوری تورکیایان لە شاری سلێمانی دەستگیر کرد بۆ ماوەی (60) کاتژمێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردن کە خەریکی پلان دانان بوون بۆ کوشتنی یەکێك لە دەسەڵاتدارە کوردەکانو پێشکەشکردنی یارمەتی بۆبەرەی تورکمانی کە بەرهەڵستکاری کورد دەکات.

[14] (www.defensLink.mil/transcripts/2003



لەگەڵ ئەوەشدا واشنتۆن وا دەبینێ کە پەیوەندییەکان ئاسایی بونەوە لەوکاتەدا کە تورکیا لە تشرینی یەکەمی ساڵی2002 بڕیاری ناردنی هێزی سەربازی دا بۆ عێراق لەچوارچێوەی هێزە فرە ڕەگەزەکاندا.

سەرەڕای ئەو کێشانەش پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئێستاو داهاتوو لەسەرئەو بابەتانەی پەیوەندییان هەیە بە رابردووەوە. بەرژەوەندی چونیەك لەنێوان واشنتۆنو دەسەڵاتدارانی تورکیادا هەیە کە گرنگی دەدەن بەسەقامگیربوونی بارودۆخی عێراقو ئەو هەڕەشەیەی کە ئێران پێکی هێناوە لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریستان چ سەر بە قاعیدەبن یان بەپارتی کرێکارانی کوردستان یان پارتی ئازادیو دیموکراسی کوردستان، سەرەڕای



www.pertwk.com

،

هاوپەیمانی تورکیاو ئەمریکا بەردەوام ئەبێتو دابڕان لە نێوانیان ڕونادات.

سێهەم: -

هێزی سەربازی ئەمریکا سەرکەوتووە، ئەمەش گۆڕانی بەسەردا نایەت لەم نزیکانەدا، چونکە هیچ هێزێکی گەورەی تر لە ئارادا نییە یاخود هیچ هاوپەیمانییەکی گەورە، لە ئارادا نییە کە ئەو توانایەی هەبێت بەرەو ڕوی ئەمریکا ڕابوەستێت. بۆ چەسپاندی ئاستی توانای هێزی سەربازی ئەمریکا دۆناڵد ڕامسفیلد وەزیری بەرگریو یاریدەدەرەکانی ئەوەیان ڕاگەیاند، کە ئێستا بە



مەبدەئی ڕامسفیلد ناسراوە[15] ناوەرۆکی هێزی سەربازی ئەمریکا خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی هێزی هاوبەش وسوك وئاسان لە جوڵەدا لە کاتی جەنگدا بە پاڵپشتی زانیاری هەوالگریو توانای سەرکردایەتیو دەست بەسەراگرتن، کە هێزە یاریدەدەرەکانیش دەگرێتەوە، وەك ئامێرە ئاسمانییەکانو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان.

ڕامسفیلد لە سەردانەکەیدا بۆ بەغدا لە کاتی جەنگەکەدا ئەم بابەتەی بۆ سەربازەکان شیکردەوە، وتی (ئێمە پێویستمان بەوە نییە هەنگاوی پێکانمان خێرا بکەین، بەڵکە پێویستمان بە ئەنجامدانی شتەکانە لە ماوەی کاتژمێرێكو

[15] پێکهێنانی هێزی سەربازی Donald H. Ramsfeld, Foreign Affairs,Vol,81,No.3(may,june2002) pp.20-32.



www.pertwk.com

بەبێئەوەی جێگا پێکانمان لەسەر زەوی دەرکەون [16] ژەنەڕاڵ (ریتشارد مایرز)ی سەرۆکی هێزە هاوبەشەکانیش ئەم وتەیەی دوبارە کردەوەو جەختی کردەوە کە ئەم شێوازە ئەمریکیە نوێیە لە جەنگدا کە هێزی هاوبەشی سوك‌و سۆڵ، بەشداری تیادەکەن کە توانای بینینی دوژمن وپلاندانان‌و هەڵسوکەوت کردن‌و هەڵسەنگاندنی گۆڕەپانی جەنگ بە زوترین کات هەیە [17] لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەو ماوە زۆرەی پێویست بوو بۆدیاری کردنی سەرچاوەی تەقەکردن لە جەنگی گەردەلولی

[16] ئەوکۆبونەوەییەی رامسفیلد لە هۆڵی شارەوانی بەغدا گرێیدا

17 شێوازی نوێی جەنگی ئەمریکا

**Gen.Richard B.myers, chair man, Joint chief of staff, Remarks before the navy League's sea, Air, Space Exposition, Washington,D.C,APRIL16,2003 - http//www.dric.mil/jus/chairman/new-American-way-of-war-16apr03.htrm**



بیاباندا کە چەند کاتژمێرو ڕۆژی دەخایەند کەمبۆوە بۆ چەند دەقیقەیەك، نمونەش بۆ ئەمە هێرشی موشەکی جۆری (B.IB) کەهێرشی کردە سەر ناوەندی سەرکردایەتی لە مەنصورو چەند خولەکێکی خایاند لە کاتی جەنگی ڕزگارکردنی عێراق، کاتێك هەواڵگرەکان بەڵگەیان لەبارەی کۆبونەوەی سەرکردایەتی ڕژێمەوە پێ گەیشت فڕۆکەیەك ئاراستەکرا بەرەو ئەو جێگایەو لە ماوەی (38خولەکدا هێرشی کردە سەری وبۆردومانی کرد [18] ئەم توانا کاریگەرە گرنگی زۆری هەیە لەبەر ئەوەی هیچ کەس لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕوداوەکە نەبووە، یان ئەم توانا تایبەتە تەرخانکرابوو بۆ ئامانجە زۆر گرنگەکان. ئاماژەی بەوەشدا: کە هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان

[18] هەمان سەرچاوەی پێشوو



www.pertwk.com

یـان بوردمـانكردوه وەك

ئــەنجامێك بۆدووبــارە دیــاریكردنی ئامــانج لــە ئاسمانـــەوە[19] گەشـــتنی بـــەردەوامی زانیاریـــە هــــەواڵگریەكـــــانو سەرپەرشـــــتی كـــــردنو چاودێریكردنو هەواڵگری هەمویان كاریگـەری زۆر قوڵیان هەبوو، تەنانەت لە كـاتی خۆڵبارانـەكانیش بە شێوەیەك كە عێراقییەكان نەیاندەتوانی خۆیان بشارنەوە لە پلانە ئیستخباراتییەكانو چاودێریو هــەواڵگری، بــۆ نمونـــە (ناوەنـــدی هاوبەشـــی پەیوەنـدی U-2,RC-135)و سیستمی هاوبـەش بە پشت بەستن بە ڕوپێوی رادار، بۆ هێرش كردنە سەر ئامانجەكان (E-8C)

[19] چی ڕویدا بە شێوەیەكی ڕاست؟
**Kim Burger, Nick Cook, Andrew Koch & Michael Sirak Jane's**
. **defense weekly, April30, 2003 p.p.**20-25



ســـەرەڕای بـــەكارهێنانی دە جــۆر فرۆكـــەی بـــێ فرۆكـەوان لـە جەنگەكـەدا، كـە لەوجەنگـە دا بـۆ یەكــەم جــار بــەكارهێنران هــەروەها لەئــەنجامی كۆتایهێنان بە دواكەوتنی كاتو توانا دانسقەكان لە هــەواڵگریو چــاودێریو هـــەواڵگری هێزەكـــانی ئـەمریكا ئـەو توانایـەیان پەیـدا كـرد كەبچـنە نـاو بازنەی بڕیـاردان لـەناو دوژمـن بەمـەش هێزەكانی ئــەمریكا ســودیان وەرگــرت لــە پوچــەڵكردنەوەی پلانەكانی دوژمن وململانێكەی یەك لایەنە بـۆوە ، هــەروەك (مــایرز) دەڵێــت (نــاوەرۆكی شــێوازی ئـەمریكی لـە جـەنگدا توانـا خزمەتگوزارییــەكان بـوو كـە بـە شـێوەیەكی باشـتر بـەرێوە دەچـوو لـە رێگەی تیپـی هاوبـەشەوە زیـاتر توانـای پەیـداكرد بە بازنەی بڕیار وەرگـرتن كـە پشـتی بەسـتووە بـە ســەركردایەتیو زاڵبــوونو زانیــاری هــەواڵگریو



www.pertwk.com

، ئەو بازنەیە كە
خێرایی‌و جوڵەی لەسەرخۆی سەلماند بەمەش
دەتوانین كە هەمیشە لە ناو بازنەی بڕیاردانی
دوژمندا بین، هەتا ئەگەر لە هەوڵی ڕێگا
خۆشكردنیشدا بێت بۆ گۆڕینی دەوروبەر [20]
دەستەواژەی ئاسمانی جەنگ جێگای دەستەواژەی
گۆڕەپانی جەنگی گرتەوە، چونكە هاوبەشی نێوان
بواری هەوایی‌و زەمینی‌و دەریایی‌و ئاسمانی بووە
پەیوەندییەكی زۆر توندو تۆڵ‌و بواری دا بە
بەكارهێنانی یەكەی بچوكتر كە دەتوانرێت
بەكاربهێنرێت وەك هێزێكی قەلاچۆ یان
شێوەیەكی ترو خێراتر بەكاربهێنێت، شێوەیەكی
ڕێكخراو كە سیستمێكی دسپلینكراو چاودێری

[20] Gen.Rechard B.Myres, Chairman, Joint chefs of staff Media Arability following nary leagues luncheon, Aprill16,2003. http://www.dtic.mil/jcs/chairman/Navy-League-Nedia – Availability.htm



كراوو دینامیكی ونەرم سەرپەرشتی دەكات، وە بە
هۆی ئەو تایبەتمەندییە قوڵانەی كە ویلایەتە
یەگرتووەكانی ئەمریكا لێی بەهرەمەندە لەبواری
هەواڵگری‌و پەیوەندی‌و چەك، پرینسیپی
هاوبەش‌و ڕاهێنان‌و هێزی مرۆیی بەیەكەم جار
ئەو توانایەی بە ئەمریكا بەخشی كە بە وردی‌و بە
خێرایی بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ ڕووبەرووی
ناوەندی دوژمن ببێتەوەو باكی بە هێزەكانی
نەبێت، ژمارەی قوربانییەكانی هێزە
ئەمریكاییەكان‌و لایەنە دوژمنەكان ومەدەنیەكان
كەم كاتەوە.نەبونی هاوسەنگی هێز لە نێوان هێزی
سەربازی هاوچەرخی ئەمریكاو دەوڵەتە
ڕكەبەركان ڕێگەی خۆشكرد بۆ ئەوەی
دەس‌هەڵبگرێت لە شێوازی ئاسای لە جەنگدا
(روسیل ف. وی‌گ‌لی) شارەزای بواری سەربازی



www.pertwk.com

ی ماندوکردنی دوژمن و هێزە دوژمنکارانەکەی بەمەبەستی لەناوبردن، سەرکردایەتی سەربازی لە ئاستە باڵاکاندا ئەم بەراوردەیان قبوڵ کرد: ئەو تۆوەی واشنتۆن چاندی لای (گرانتلی و ئایزنهاور) [21] سەوز بوو شێوازی جەنگی کۆنی ئەمریکا لە نەرمی نواندندا هەژار بوو، پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر لە هێزی مرۆیی وکادرو سەرچاوە هەبوو هەروەها دەبوە هۆی زیانگەیاندنی زۆر بە دۆست و دوژمن و مەدەنی. داگیرکردنی عێراق بەڵگە دەخاتە بەرچاو لەبارەی سودی ئەم شێوازە نوێیە، لەسەردەمی جەنگی ڕزگارکردنی عێراق، ڕاستەوخۆ سەرکردەی

[21] ویگلی لە دوو توێی کتێبەکەیدا بەناوی (شێوازی ئەمریکی لە جەنگدا- مێژوی ڕامیاریی و ستراتیژیی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم گفتوگۆیەیی پەرەپێدا



فەیلەقی پێنجی سوپای ئەمریکا (ویلیم والاس) ئاماژەی بە تواناکانی هێزی سەربازی ئەمریکا کردۆ وتی: (عێراقییەکان پێویستیان بە 24 کاتژمێر هەبوو تا بتوانن وەڵامی هەرچالاکییەکی سەربازی ئێمە بدەنەوە) ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لە تواناکانی ئەمریکاو درێژەی بە وتەکەیداو وتی (کاتێك سەرکردایەتی دوژمن هەستی بەوە دەکرد ئێمە چ چالاکییەکمان ئەنجام داوە فەرمانی بە سەرکردە سەربازیەکەی دەدا کارێك بکەن بۆ وەڵامدانەوەی چالاکییە سەربازییەکانی ئێمە لەو کاتەدا ئێمە خەریکی ئەنجامدانی چالاکییەکی دیکە بووین) هەروەها (والاس) بە لێزانانە ووردبینانەوە ڕەزامەندی خۆی لەبارودۆخەکە نیشاندا، (ئەوە ئەو جەنگەیە کە لەگەڵ دوژمنێکدا دەکەیت کە توانای



www.pertwk.com

ئەنجامی جەنگەکە زانراو [22]
بوو بەهۆی توانای سەربازی ئەمریکاوە، رووخانی
خێرای هێزەکانی عێراق کە بووە هۆی ڕوخانی
ڕژێم لەکاتێکدا زیانەکان چ لەبەرەی ئەمریکا یان
هاوپەیمانانو سەربازو مەدەنییە عێراقییەکان لە
نزمترین ئاستدا بوون هەروەها ئەو زیانانەش
کەبەر ژێرخانی عێراق کەوتبوو. لەوەش زیاتر
تێکشکاندنی توانای عێراق بوو لە تۆڵەکردنەوە لە
ئەمریکا، ئیسرائل، سعودیە، تورکیاو دەوڵەتەکانی
تر، لەگەڵ دانپێدانانی (فون مولتیك) بە گرنگی
چانس لە جەنگدا بەڵام وتی سەربازەکان خۆیان
چانسی خۆیان لە جەنگ دیاری دەکەن، ئەمەش
ئەوەبوو کە لە جەنگی عێراقدا ڕویدا جەنگەکە

[22] James Nitfield, National Journal, May6, 2003. http:// wwww.gorexec.com/daily fed/0503/050603db.htm



هەمووی لە بەرژەوەندی ئەمریکا بوو بە هۆی
توانا هەوالگریو سەربازیو ڕاهێنانو پلاندانانو
بەهرە دیبلوماسییەکانو چۆنایەتی ئەندامانی
هێزە سەربازییەکەی. بە دڵنیاییەوە لە کاتی
هەموو جەنگێکدا گوێمان لە ڕەخنە دەبێت
ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی لەلایەن ئەفسەرە
خانەنشین کراوەکانو ڕەخنەگرانەوە بوو کە دەیان
گوت ڕوبەری گۆڕەپانی جەنگەکە زۆر بەرتەسك
بوو کە بووە هۆی پەکخستنی دابینکردنی
پاراستنی گواستنەوەی سەربازەکانو ناردنی هێزی
پاڵپشتی بۆیان لە کاتی جەنگدا، هەروەها ئەوەشی
پەکخست کە بتوانێت ڕێگا بە تالانو بڕۆو دزیو
تاوان بگیرێت لەکاتی ململانێکەیدا.

ژەنەراڵ (باری د. ماکفری) فەرمانەدەی پێشوی
تیپی "24"ی پیادە لە جەنگی کەنداوی یەکەم لە



www.pertwk.com

: "بـــه

هەڵسـەنگاندنی مـن پێویسـت بـوو لانـی کـەم دوو تیپـی گـەورەی زرێپـۆش‌و تیپێکـی چـەکدار لـە سـەرباز لەسـەر زەوی بونایـە، ئەمـەش ئـەو شـتەیە کـە ئێمـەش دەیـزانین"[23] ڕەخنـەکان تونـدو تیـژ بـوون بـە شـێوەیەکی تایبـەت چـونکە یارمـەتی گەیانـدن بـە سـوپای ئـەمریکی دوچـاری هێـرش دەبۆوە لەلایەن ئەو بۆسانەی کە هێزەکانی عێـراق دایـان دەنـان، هـەروەها خـۆڵ بـارانیش نـاردنی سـەربازی بۆیارمـەتی پەکخسـت ... خۆشـبەختانە هەموو ئەو ڕێگریانە نەیانتوانی بەر بـە پێشـڕەوی سوپای ئەمریکا بگرێن، هـەورەها وا دەردەکـەوێت کـە مەبـدەئی یارمـەتی بـەڕێوەبردن کـە واتاکـەی

[23] وەرگیراوە لە (فیرنون لوب و توماس ریکس) چەند پرسیارێك لە بارەی هێـزی داگیرکـەر, کەلـە لایـەن چـەند فەرمـاندەیەکی پێشوی جەنگەوە ورژێنرا و وتیان کە ئـەمریکا پێویسـتی بـە هێـزی زیـاتر و چـەکی زیـاترە بـۆ گەنداو Washington post, March25و2003,P.A17



(تەنها لەکاتی گونجاودا) بەشێوەیەکی گشتی سـودی زۆر بوو.

لەگـــەڵ ئـــەو هـــەموو چاکســـازییەی دوای جـــەنگی1991 کـــرا، کەچـــی بڵاوبونـــەوەی سەربازەکان لەکاتی شوێن کەوتنی جێگاپێ‌ی ڕژێم ڕێگـای دا بـەدابین کردنـی ئیمـدادات لـە جێگـای تەواو. بەڵام تا ئێستا ئاستەنگ ماوە، کە لە هـەموو هێرشێکدا بوونی هەیە، هەر لە پەڕینەوەی هێـزی سێهەم (Patton) لـە فەرەنسا تـا ڕۆیشـتنی تیپـی پیـــادەی ســـێهەم لـــە کوەیتـــەوە بـــۆ بەغـــدا، لەمبارەیـەوە (فنسـن بـولز) جێگـری فەرمانـدەی گشـتی بـۆ یارمەتیـدانی ئیـداری لـە کـاتی جەنگدا ئاماژەی بەوەدا کەخێرای‌ی لە پێشـڕەوی کـردن لـە



www.pertwk.com

جەنگدا تائێستا گرفتە: وتی (ئەو 100کم کە ماوە تا ئێستا شتێکی قورسە[24]

ڕەنگدانەوەی ئەمەش ئەو مەترسیە بوو کە ژمارەیەکی کەم لە سەربازە ئەمریکیەکان دوچاری بونەوە، بەلاّم پلان دانەرانی پنتاگۆن ڕەنگە تورەبن لە دوبارەبونەوەی داگیرکردنی لەوشێوەیە لە داهاتودا چونکە وای دادەنێت کە ئەمجارە سەرکەوتن... وهەموو کەموکوڕیەکان بە ڕێگای خۆیان ڕۆیشتن، لەکاتێکدا پێویست بوو کەئەنجامەکان نەدەینە دەست هیچ گومان وئەگەرێك ، کۆمەلێك هێز بەس بوو بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەی کە دووچاری سەربازەکان دەبۆوە (دەریاوانەکان، کەلوپەلە

[24]وەرگیراوە لە(کیم بیرگر) "سەرکەوتن" (یارمەتییە سەربازییەکان لە کاتی ململانێی عێراقدا لە کاتی گونجاودا گەیشتن Jane’s Defense weekly, June18,2003,p.12



دەریاییەکان، کادری فڕۆکە) لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

## بەشی دووەم



www.pertwk.com

## چی پاڵ بە ئەمریکاوە دەنێت کە دەسەلاَتی خۆی لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا بەکاربهێنێت؟

ئەم بەشە بابەتێکی گرنگ و پێوانەیی ڕاڤە دەکات، ئەویش ئەوەیە: چی پاڵ بە ئەمریکاوە دەنێت کە دەستەلاَتی خۆی بەکاربهێنێت لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست بە مەبەستی ئەنجام دانی گۆڕانکاری لە ناوچەکە، ئەمە بەو تێبینییەمان دەست پێدەکات کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی دەسەلاَتێکی ئیمپراتۆری‌یە، ئەمەش بۆ خۆی بەشێکی یەکلاییکەرەوەو قوڵە کەوای لە ئەمریکا کردووە ببێتە وڵاتێکی نمونەیی‌و چالاك. ئەو خێراییەی کە وای لە ئەمریکا کرد لە سیازدە موستەعمەرەوە لە ساڵی 1776 وە ببێتە دەوڵەتێکی باڵادەست بە درێژایی 200 ساڵی



ڕابردوو بەسەر دەوڵەتەکانی تردا، بابەتێکی سەرسوڕهێنەرە، لایەنی گەورەش لە ڕاڤەکردنی ئەم بڵاوبونەوەیە خۆ دەبینێتەوە لە پێزانینمان بەوەی کەویلایەتە یەکگرتووەکان، خولیای بە ئیمپراتۆری بوونی لە زۆر کۆنەوە هەبووە ئەو خەوەش کەببێتە دیکتاتۆری خەریکە یەتەدی[25] خولیای بڵاوکردنەوەی باوەڕو بیروڕا ئەمریکییەکان لەساڵانێکی کۆنەوە لەگیانی کردووە بەبەرسیاسەتو کەسایەتییە ئەمریکییەکاندا، (توماس باین) لەبارەی ئەم خواستەی ئەمریکیەکانەوە دەڵێت (تەنها لەبڵێسەیەکی بچوکەوە لە ئەمریکا پریشکی لێ بوویەوە، ئەو ئاگرەکەوتەوە کەوادیارە هەرگیز

[25] بڕوان نوسراوەکانی (وارن زیمرمان)
**The first great triumph: How Fve Americans made their country a ward power-NewYork:Farrar Straus and Giroux, 2002 ,**



www.pertwk.com

ناكوژێتەوە، بەبێئەوەی هیچ شتێك بەر بە پێشرەوی بگرێت لەولاٚتێكەوە بۆ ولاتێكی دیكە ، ولاٚتانیش چالاك وبێدەنگ ملكەچ دەكات ... كاتێك مرۆڤ هەستی بە مافەكانی خۆی دەكات، ڕزگاری دەبێتو زۆرداریو سەركوت كۆتایی پێدێت، چونكە هێزی زۆردار لەترسی بەربەرەكانێكردنیەوە دروست دەبێت)[26] بەلاٚم بلاٚوبونەوەی ئاگری باوەڕو بۆچونە فكرییەكانی ئەمریكا لە ڕێگای ئەوەی كە (باین) ناوی دەبات بەچالاكیە بێدەنگەكان هیچ ڕۆژێك بەس نەبووە بۆ لەناوبردنی ئەوانەی سەركردەكانی ئەمریكا بەزۆرداریان ناو دەبەن.

[26] توماس باين Rights of Man"NewYork, Dover publications, 1999" part, p.145



ئەمریكییەكان زۆركەمیان زانیارییان لەباری مێژوی فراوان بووەی ولاٚتەكەیانەوە هەیە تەنانەت بەر لەراگەیاندنی سەربەخۆییش، ئەمریكا دەیخواست كە كەنەدا بخاتە سەر زەوییەكانیو هەوڵی داگیركردنی دەدا لەساڵی1772 (دون هانكوك) سەرۆكی كۆنگرێسی ئەمریكی فەرمانی بە ژەنەراڵ (فیلیب شویلر) كرد كە مونتریال داگیر بكات[27] بەلاٚم ئەم هەوڵە وەك هەوڵەكانی دواتر شكستی هێنا، خواستی داگیر كردنی كەنەداو دەستبەسەراگرتنی تەنها خولیایەكی تایبەت نییە بە نەوەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان (یانكییەكان) بەڵكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پاش

[27] ریناڵد ستیوارت United **states Expansionism and British North America, 1775-1871(chapel Hill, NC:** the **University of North Carolina press, 1988) p.13. Stuart gouts correspondence from George Mason to Richard Henry Lee on July21, 1778**



www.pertwk.com

ناوخۆ خولیای داگیرکردنی
ناوچەی دەریای کاریبی‌و زۆربەی ناوچەکانی ئەمریکای لاتینی هەبوو.

لەگەڵ ڕەنگدانەوەی بارودۆخەکانی ئێستا مرۆڤ دەپرسێت کە دابەشکردنە سیاسییەکان نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی لە ئەمرۆدا چۆن دەبێت... بەلاّم هەر چۆن بێت ئەمریکا پێویستی بە کاتی زیاترو درێژتر دەبێت تا بتوانیت خواستو تواناکانی یەکبخات.

سەرەڕای ئەوەی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لە ساڵەکانی یەکەمی پێکهاتنیەوە قابلیەتی رووخاندنی هەبووو دووچاری تەنگ وچەڵەمە بووەوە ، فراوانبونەوەو گەیشتنی بەو ئاستە سیاسییە نێو دەوڵەتییەی ئێستا ڕەنگە لەخولیای داگیرکردنو فراوانبوونو بلاّوکردنەوەی



باوەڕەکانیەوە سەریهەڵدا بێت: سەرەڕای ئامادەگی دوو ڕەگەزی دیکە:- لاوازی دەوڵەتە دراوسێکانی بابەتێکی گرنگەو دەبێت دانی پێدابنرێ، هەروەها چاوپۆشی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپا کەدەیانتوانی سنور بۆ فراوانخوازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابنێن بەلاّم بەوکارە هەڵنەسان.

سەرەڕای بوونی ئیمپراتۆریەتێکی نا فەرمی لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا، بەلاّم دەسەلاّتدارە بەسەر هێزە بچوکەکاندا بەبی ئەوەی داگیریان بکات، بڕیاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باشدەکەن کە سەرنجی ئەم لایەنە نادەن چونکە سەرنجدانیان تەنها تەرازوی هێزی دوژمنەکانیان بەرزدەکاتەوەو دەبێتە هۆی ڕوخانیان، دەبێت ویلایەتە



www.pertwk.com

یی فەرەنسیی

کە لە بارەی ئەو ناوچانەی فەرەنساوە نوسیویەتی کە ئەڵمانیا داگیری کردون (ئەلزاس ولۆرین ) کاتێك وتی (پێویستە فەرەنسییەکان هەمیشە بیر لەو زەویانە بکەنەوە بەڵام بەبێ ئەوەی هەرگیز لەبارەیەوە بدوێن) ئەمەش بۆ ئیمپراتۆریەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو سیاسەتە دەرەکییەکانی ڕاستە، پێویستە هەمیشە بیر لە چۆنییەتی فراوانبون و پاراستنی دەستکەوتەکانی بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ڕانەگەیاندنی و خۆپێوەبانەدانی ، ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا هەلگری کۆمەڵێك بیروباوەڕی راستەقینەیە (دیموکراسییەت، تاك گەرای، بازاڕی ئازاد) و خاوەنی هێزی پێویستیشە بۆسەپاندنی



ئەم چەمکانە، بەڵام پێویستە ئازایەتی تەواوی هەبێت بۆ چەسپاندنیان. خۆشبەختانە ئیدارەی ئێستای بوش خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەیە سەرۆك بۆش لە مانگی ئایاری ساڵی2003 ئەوەی ڕونکردەوە کە بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی باڵا دەستی دەدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاتێك ڕایگەیاند کە" ویلایەتە یەكگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت باڵادەستی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادە بکات بەمەبەستی گۆڕینی ڕقوکینە کۆنەکان بەهیوای نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست [28] هەرچەندە سەرۆکی پێشوی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خەندەیەکی گاڵتەجاڕانەو گومانەوە ئەم ڕاگەیاندنانەی قبوڵ کرد، بەڵام لەگەڵ ئەو

[28] سەرۆك جۆرج بۆش, وتارەکەی زانکۆی (ساوس کارولینا) **Columbia, South Carolina, may9, 2003www.white house. gov**



www.pertwk.com

، لەكاتی ڕاگەیاندنی باوەڕی بۆش لەبارەی سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە لەیەكی حزەیرانی 2002 لە ئەكادیمیای سەربازی ئەمریكی لە (ویست بوینت) كە دواتر بووە بە بەندێك لە بەندەكانی (ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكی) كەلە ئەیلولی 2002 بڵاوكرایەوەو ناوەڕۆكەكەی بریتی‌یە لە بەكارهێنانی دەسەڵاتو هێزی ئەمریكی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەكانی‌و پاراستنی دەسەڵاتی ئەمریكاو بڵاوكردنەوەی بیروڕاكانی ئەمریكا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئیدارەی بۆش بەپێی هەموو پێوانەكان سەركەوتو نەبێت، بەڵام سوورە لەسەر زیادكردنی بونی (تواجود) ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی



ناوەڕاست زیاتر لەوەی لە سەردەمی جەنگی ساردا هەبوو.

سێ باوەڕی سەرەكی لە مەبدەئی بۆشدا هەیە:-

یەكەم/

گریمانەیەك هەیە وەك مەبدەئێكی باوەڕپێكراو كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا توانای نەماوە كە پشت بەهەمان سیاسەتی ڕێگە نەدان بە بڵاوبونەوەی هێزبەستێو سیاسەتی بەرپێگرتن پیادە دەكات كەلە سەردەمی جەنگی ساردا بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ هەڕەشەكانی یەكێتی سۆڤیەت دەیگرتە بەر... بەڵكو پێویستە لەسەری هەر هەڕەشەیەك لەباربەرێت وروبەڕوی دوژمن ببێتەوە لەجەنگداو پلانەكانی پوچەڵ بكاتەوە وروبەڕوی خراپترین ئەگەری هەڕەشە ببێتەوە



www.pertwk.com

بەرلەڕودانی [29] چالاکی لەباربردن گرنگە چونکە دەولەتە لاوازەکانو تیرۆریستان توانای هێرش بردنیان هەیە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەدەبێتە هۆی ڕودانی کارەسات، لە کاتێکدا هیچ گومانێك لەوە دانیە کە چالاکی لەباربردن بەمەترسی دەورە دراوە بەلاّم هەر چۆنبێت زیانی کەمترە لەوەی کە هێرشەکە ڕووبدات.

پاش سەرکەوتن لە داگیرکردنی عێراق، بۆش دووبارە جەختی لەسەر ڕوبەروبونەوەی تیرۆریستانو ئەو دەولەتانە کردەوە کە مەترسی پێك دەهێنن، لەیەکی ئایاری2003و لەسەر فرۆکە هەلگری (ئبراهام لنکولن)و لەکاتی گەڕانەوەیدا

[29] سەرۆك جۆرج بۆش لێدوانەکەی کە لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکاران لە ئەکادیمیای سەربازی ئەمریکا بۆ سالّی2002 , 1حوزەیرانی2002



دوای بەشدار بوون لە پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق سەرۆك بوش وتی (هەرکەسێكو ڕێکخراوێك یان حکومەتێك کە پشتگیری تیرۆر بکات یان دالّدەی تیرۆریستان بدات بە هاوپەیمانی ئەوانە دادەنرێت کە دەستیان لە کوشتنی بێتاوانەکاندا هەیەو وەك تیرۆریستان تەماشا دەکرێت، هەروەها هەر ڕژێمێك کەلە یاسا دەرچووەو پەیوەندی بەهێز لەگەلّ تیرۆریستاندا کۆی دەکاتەوەو هەولّی بە دەستهێنانی چەکی کۆکوژ دەدات بە مەترسی ڕاستەقینە دادەنرێت بۆ سەر جیهانی هاوچەرخو دووچاری ڕوبەروبونەوە دەبێتەوە)[30]

دووەم/

[30] سەرۆك جۆرج بۆش لێدوانەکی لەسەر کەشتی سەربازی (ئیبراهیم لنکولن) لە کانارەکانی (سان دییغو) کالیفۆرنیا,ئایاری2003

www.whitehouse.gov/news/releases/2003/05/Iraq
/20039591/htm



www.pertwk.com

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار دەکات بۆ ئەوەی وەك تاکە زلهێزێکی جیهان بمێنێتەوە.. بوش لەمبارەیەوە ڕاشکاوانە گوتی (ئەمریکا خاوەنی هێزێکی سەربازی گەورەیە کەکەس ناتوانێت ڕوبەروی ببێتەوەو پارێزگاریش لەو هێزەی دەکات) [31] بەهۆی ئەم هێزەشەوە کە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنییەتی، ئەتوانین ئاشتی لەهەمو جیهاندا بسەپێنن، (دەتوانین ململانێی خۆپڕچەك کردن بکاتە گاڵتەجاڕی کە دەبێتە هۆی شێواندنی ئارامیو سنورێك بۆ ململانێ بازرگانی دابنێو ئاشتی لە هەموو شوێنێکدا بسەپێنێ [32]

[31] بروانە ژمارە 29

[32] هەمان سەرچاوەی پێشو



سێهەم/ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو توانای خۆی دەخاتەگەر بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، سەرۆك بۆش پلانی خۆی لە ساڵی2002 لە چوارچێوەی بەرنامەی کارەکانیدا ڕاگەیاند کە... ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها کاردەکات بۆ فراوانکردنەوەی ئاسۆی ئاشتی لە سیاسەتی جیهان بەوەی (هەژارییو چەرمەسەرییو سەرکوتکردنو ملکەچییو دەستبەسەراگرتن لەسەرجەم جیهان کۆتایی پێ بهێنرێت) واشی دایە قەڵەم کە ئەم سیاسەتە لە بواری جێبەجێ کردندایە.

بۆ سەرەك بۆشیش ئەمە چڕدەبێتەوەلە چەمکی (ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤو ڕێزگرتنی یاساو سنوردانان بۆ دەسەلاتی نێودەوڵەتی، ڕێزگرتن لە ژنانو مالکیەتی تایبەت، ئازادی



www.pertwk.com

پێویستی گەیشتن بە سەربەستی، ئەفریکا، ئەمریکای لاتینی،و جیهانی ئیسلامی دەگرێتەوە چونکە میللەتانی ئیسلامی وایان دەوێت وشایەنی ئەو ئازادیەن وەك گەلانی تری جیهان هەلیان بۆ ڕەخساوەو، پێویستە لەسەر حکومەتەکانی جیهانی ئیسلام، گوێ لە هیوای گەلەکانیان بگرن [33]. جەختکردن لەبارەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە لێدوانەکانی کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریكا زۆر ڕوونە، ئەمریکای لاتینی بەشێوەیەکی باش ئامادەکراوە بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ بیروباوەڕی ئەمریکیەکاندا، مرۆڤ گومان لە ناوهێنانی ئەفریکا

[33] هەمان سەرچاوەی پێشو



لەوتارەکەی بۆشدا دەکات کە پێدەچێت تەنها لەبەر ڕازاندنەوەی زمانەوانی بوبێت ئەفەریکا گرنگییەکی کەمی هەیە کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا [34] دوای نزیکەی ساڵێك بە سەر سەرکەوتنەکانی لەعێراقدا لە ئاهەنگی 1ی ئایاری 2003 کەبەم بۆنەیەوە ڕێکخرا سەرۆك بۆش لەوتارەکەیدا جەختی لە بارەی نیشتمانی عەرەبییەوە کردەوە ووتی (هەرکەس لەم جیهانەدا بە نیشتمانی عەرەبیشەوە ، لە پێناوی ئازادیدا قوربانی بدات ئەوە دەبێتە

[34] هیوایەکی زۆر هەیوو کە حکومەتی ئەمریکا بە دیاری کراوی(پاول) دەسەڵاتی ئەمریکا بەکاربهێنێت بۆ کوژاندنەوەی ئاگری جەنگی ناوخۆی سودان، بەڵام بە داخەوە ئەمە ڕوینەدا، حکومەتەکەی بۆش هەروەك حکومەتەکەی کلنتون ئەوەی هەڵبژارد کە هێزی زۆر لە ئەفریکا بڵاونەکاتەوە، ە,وای بەباش زانی ئەم مەسەلەیە بۆ (UN) بەجێبهێڵێت یان ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی هاوپەیمانەکان. لەم ڕووەوە فەرەنسییەکان ئارامی سیاسیان گێڕایەوە بۆ کۆنگۆی دیموکراسی و وڵاتانی دەوروبەری، هەروەها بریتانیا لە (سبرالیۆن) سەرەرای ڕەخنە توندەکانی لە حاکمیەتی (روبرت موگابی) بەڵام ئەمریکا لە بەرامبەریدا بێدەنگە, ئیدارەی ئێستای ئەمریکا زۆر چالاکترە لە ئیدارەکانی پێشوتر لە پێشکەش کردنی هاوکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشی لە ئەفریکا, ئیدارەی بۆش (15) بلیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ خۆپاراستن و چارەسەر کردنی نەخۆشی (ئایدز) لە ئەفریقاو ناوچەی دەریای کاریبی.



www.pertwk.com

وەخواستی خۆی [35]

بۆبلاکردنەوەی ئازادی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەربڕی ، هەروەها سەرەك بۆش دوای تێپەر بوونی چەند ڕۆژێکی کەم لەوتارێکی دیکەدا لەزانکۆی کارۆلینا پیشکەشی کرد وتی (بلاوبونەوەی ئازادی لەسەرجەم جیهان باشترین گرنتیە چونکە ئازادی ڕێگایەکە بەرەو ئاشتی)□□.

هەروەها وتی: بلاوبونەوەی ئازادی لەناوچەکە لە بەرپرسیارێتیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە وئەمریکا ئەم ئەرکە دەخاتە سەر شانی خۆی لە ڕێگەی پەرەپێدان بە پەیوندییە روناکبیری وئابوورییەکان وچاکسازی دادوەری وگەشە پیدان بە مافەکانی ژنان، بەکارهێنانی هێز

[35] بروانە ژمارە30

[36] بروانە ژمارە28



بۆ پەرەپێدانی بەرژەوندیی و باوەڕەکانی ئەمەریکا ئەوکارە ڕاستە نییە کە پێویستە ئەنجامبدرێت بەڵکو ئەو کارەیە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پاش شکستهێنانی (شویلر) لەداگیرکردنی کەنەدا پیادەیدەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ڕێگا وشوێنی بۆ بدۆزرێتەوەو چارەسەربكرێت. پێویستە هەرەشەکان یان هێزی سەربازی بەکار نەهێنرێت بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکان بەپلەی یەکەم و هەروەها لێکۆڵینەوە لە ئەنجامەکانی شکست.

(کولن پاول) لەبیرەوەریەکانیدا ئەوە شیدەکاتەوە، کە" مادلین ئەلبرایت" بالۆێزی پێشوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەردەمی کلینتۆندا ویستی هێزی سەربازی ئەمریکا بۆ ئامانجی



www.pertwk.com

کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت. لەم بارەیەوە دەنوسێت "خاتوو ئەلبرایت لێیپرسیم، ئەو هێزە گەورە سەربازیەی هەمیشە باسی دەکەین کەڵکی چییە گەر بەکار نەهێنرێت؟... لەو کاتەدا هەستمکرد خوێن گرتومی ، چونکە سەربازەکانمان بوکەڵەنین بخوازین لەهەرجێگەیەکی جیهاندا یارییان پێبکەین[37]. لەراستیدا هێزی سەربازی ئەمریکا بۆ ئەوە ئامادەنەکراوە کە بەمەبەستی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێ، بەڵکو بەکەڵکترین بەکارهێنانی، بەکارهێنانێتی لەپێشخستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو قەڵاچۆکردنی دوژمناندا . دوابەدوای سەرکەوتن لە عێراق، کولن پاول وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بارودۆخی ستراتیژی نویێ رۆژهەلاتی ناوەراستی بەوە پێناسەکرد کەیەکێکە لەو شتە

[37] Colin L..powell, with Joseph E.Persico, "My American Journey" New York, Random House, 1995)p.576



گرنگانەی کە سەرکەوتنەکە لە خۆی دەگرێت[38] و هێزی سەربازی ئەمەریکی ئەم بارودۆخەی هێنایەکایەوە. ئێمەی ئەمەریکی باڵادەستین بە سەرجیهانو پێویستە دەوڵەتەکانی دیکەش بەوشێوەیە تێمان بروانن، هەروەها کارکردن بەپێی ئەو هێزە فشارەی ئەمەریکا هینایەکایەوە بۆ روبەروبونەوەی مەترسیەکانی دیکە کە روبەروی باڵادەستی ئەمەریکا دەبیتەوە ئەمە دەسەلمێنێت لەراستیشدا ئەمە جێبەجێکرا.

هەنگاوی سەرەکی پەیوەندیدار بە گۆرانکاری لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەراستی لەگەڵ پرۆژەی رزگارکردنی عێراق دەستیپێکرد. کە پاول بارودۆخی ستراتیژی نوێ دەیناسێنێ، یان باشتر وایە بە بومەلەرزەیەکی هەرێمی بیناسێنین

[38] چاوپێکەوتنی کولن پاول لەکەناڵیCBS لەئایاری 2003 Interview on CBS's Face the Nation with Bob Schaeffer



www.pertwk.com

1-پێویستە هەلیك بدات بەو رژێمانەی دژی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان، کەهەڵویستەکانیان چاك بکەنەوە یان بەتەواوی لایان بەرن.

2-پێویستە هەوڵ بۆ بلاوبونەوەی دیموکراسی بدات لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، دەتوانیت ئەم کارە ئەنجام بدات بەبێ دەسکاریکردنی رژێمەکانی ئێستا[39].

[39] هەڵسەنگاندنێکی عاقڵانە بۆ تواناکانی ویلایەیە یەکگرتووەکان لە جێبەجێ کردنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



3-پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی گۆڕانکاری بدات لە رژێمەدەسەلاتدارەکاندا وگۆڕانکاری هەرێمایەتی ئەنجام بداتوگەشە بدات بەدیموکراسیو ئازادیخوازی لەسەرجەم جیهان.چونکە چەندە دیموکراسی ئازادیخوازی لە جیهان زیادبکات بەو رادەیە هەلومەرجی لە بار دێتە پێشەوە بۆ بالادەستبوونی زیاتریو یلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەرولاتانی دیکەدا. بەلام بابەتێکی زۆر گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەو رژێمە دەسەلاتدارانە رێز لەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەگرنو، پالپشتی لێدەکەنو بەو پێیەش هەر بارگرژییەك لە نێوان جێبەجێ کردنی دیموکراسیو حکومەتە لایەنگرەکانی ئەمەریکادا روبدات وەك بزوتنەوەی فیرعەونی نوێ لەمیسر لەوکاتەدا هەلبژاردنی باشتر بۆ



www.pertwk.com

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. لە کاتێکدا هیچ سەردەمیك هێندەی ئێستا ئەمەریکا لە ڕوژهەلاتی ناوەڕاست بە هێز نەبووە بەڵام هەڕەشەکان هەر ماون..فەرمانبەرە رەسمیەکانی ئەمەریکا ئەمەیان بەشێوەیەکی نادیارو بەبێ ڕەزامەندی خۆیان دەربڕیوە هەر بۆیە پێویستە ئارامی لە عێراق بچەسپێنرێ چونکە شکستهێنان لەبەدەستهێنانی ئارامی بۆ عێراق، پاڵپشتی ناوچەکە بۆ ئەمەریکا دووچاری مەترسی دەبێتەوە ، هەروەها کاریگەری لەسەر فراوانبونی بالادەستی ئەمریکا لەناوچەکە دەکات ئەوەی لە قۆناغی دوەمیشدا دەبێت جێبەجێ بکرێت گۆڕینی ڕژێمە لەئێرانو هاندانی سوریایە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی.



تیرۆر بە هەڕەشەیەکی جدیو گرنگ دادەنرێتو رزگار بون لەتیرۆریش بەستراوەتەوە بە گرفتەپەیوەندیدارەکان بە ئێرانو سوریاوە، هەندێك لە فەرمانبەرە پایە بڵندەکانی ئیدارەی ئەمەریکا جەختیان لەم بارەیەوە کردۆتەوە بۆ نمونە (ریتشاردتشینی)جێگری سەرۆك لە سەردەمی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە عێراق لە لێدوانێکدا وتی (تیرۆریستان هەوڵی بەدەستهێنانی چەکە کۆکوژەکان دەدەن ، ئەودەوڵەتانەش کەیاساکانیان پێشێل دەکەن بەپشتیوان کردنو پاڵپشتی کردنیان هەروەها ئەو دەوڵەتە یاخیانەی کەچەکی کۆکوژپەرە پێ دەدەن یان خاوەنی ئەو چەکانەن مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی ئەمەریکا پێکدەهێنن[40].

[40] (ریتشارد تشینی) جێگری سەرۆك Remarks by the vice president to the Heritage Foundation may1, 2003 Http.//www.white



www.pertwk.com

house.gov/news/releases/2003/05/print/20030501-9html.



## عێراق- بنکەو حکومەتی سەر بەئەمریکا

سەرکەوتنی ئەمەریکا لە عێراق گەلیك شتی گرنگی بۆ ئەمەریکا دەستەبەرکرد، تەنها لەڕێگەی داگیرکردنی عێراقەوە توانی بگاتە ئامانجە ستراتیژییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست.

ئیدارەی جورج بۆش پێش جەنگ، گۆڕینی رژێمی عێراقی خستە بەرباسو لێکۆڵینەوە، وروخانی ئەم رژێمەی بە گرنگ دایە قەڵەم بەهۆی چەند هۆوە:

1-عێراق سەرقالی پێشخستنی چەکی ئەتۆمی بوو، لەرێگەی هەلسەنگاندنی زانیاریە هەواڵگریە فراوانەکانەوە دەزگای هەواڵگری دەرەوەی حکومەتی ئەڵمانیا توانی بێشبینی ئەوە



www.pertwk.com

، كە عێراق دەتوانیت چەكی ئەتومی گەشە
پیبدات لەنیوان سالآنی (2008-4200) ، پاش
جەنگ وادەركەوت كە گفتوگۆ لەبارەی مێژووە
بەرایەكانەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی
گفتووگۆكانەوە بوو، چونكە ئەگەر عێراق
بەرنامەی ئەتۆمی هەبێت ئەوە دواجار چەك
بەرهەم دەهێنێت، ئەگەر ببێتە خاوەنی چەكی
ئەتۆمی هەوڵی داگیركردنی كوەیت وڵاتانی تری
كەنداوەدەداتو ملكەچیان دەكاتو دەبیتە هۆی
پەكخستنی هەوڵەكانی ویلایەتەیەكگرتووەكانی
ئەمەریكا بۆ باڵادەست بوون بەسەر ناوچەكەدا.
رەنگە ئەو توانایەش بە عێراق ببەخشێت كە گورز
لەناوخۆی ویلایەتە یەكگرتووەكان بوەشێنێت،
بەگشتی رەنگە بتوانیت ورەی ویلایەتە
یەكگرتووەكان دابەزێنێ لە هەندێك بارودۆخدا،



ئامانج لە داگیر كردنی عێراق تێكشكاندنی
بەرنامە ئەتۆمییەكەی بوو، لەوەش زیاتر
داگیركردنی سەركەوتوانەی عێراق، دامو دەزگاكانی
بەرهەمهێنانی چەكی كیمیاوی‌و بایلوجی لە
عێراق لەناوبرد ، ئەو پەندەش لەئەنجامی
ئەزموونی تاڵی ناردنی پسپۆرانی پشكنینی نەتەوە
یەكگرتووەكان بۆ عێراق وەرگیرا ئەوەی دەریخست
كە چەند سەد كەسێك ناتوانن بەرنامەی چەكیك
رابگرن كە زۆر ئاڵۆزە، دەزگای هەواڵگری عێراقیش
چالاك بوو لەدەستێوەردان لەكاروباری لیژنەی
پشكنێرەكانی سەر بەنەتەوە یەكگرتووەكان،
هەربۆیە داگیر كردنی عێراق باشترین چارەسەر
بووالی ئەمریكا بۆ كۆتایهاتن بەسەر جەم بەرنامە
پەیوەندیدارەكان بەچەكی ئەتۆمی‌و بایلۆجی‌و



www.pertwk.com

پاش جەنگ سەرنجەکان لە ئەورووپاو ئەمەریکا چوونە سەر ئەوەی کە بەڵگەی پێویست لەبەردەستدا نیە ئەوە بسەلمێنێت کە عێراق خاوەنی ئەو چەکانە بوبێت ، گومانیش لەوەدا نییە کە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا بەڵگەی ئەوتۆی لەبەر دەستدانیە جەخت لەوە بکاتەوە کە عێراق خاوەنی چەکە کۆکوژەکانە. دوابەدوای ساڵی 1998 پشکنیەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقیان بەجێهێشت ،بەڵام ئەوەی کە ئاشکرا بوو بەردەوام بوونی عێراق بوو لە درێژەدان بە بەرنامەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە بەلاوەکی مایەوە، بەم شێوەیەچەندین پرسیارلە بارەی بەرنامەی چەکە کۆکوژەکانی عێراقەوە بێ وەلام



ماوەتەوە، ئایا رژێم خۆی پاش شکستهێنانی لە شوباتی1991 ئەم چەکانەی لەناو برد؟ یان پشکنێرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە نوێترین هۆیەکانی پەیوەندیان لەبەر دەست بوو وئەم چەکانەیان پاش یاخی بوونی (حسین کامل وبراکەی لەناوبرد؟، کەڕایانکردبوو بۆ ئەردەن لەئابی1995 "ئەم دووبرایە هاوسەری هەردوو کچەکەی صەدام حسین بوون وحسین کامل ئاگاداری وردەکاری بەرنامەی چەکە کۆکوژەکانی عێراق بوو"، هەروەها دەتوانین واتێبگەین کەئەم چەکانە لەکاتی جەنگدا تێکشکاون یان گواستراونەتەوە بۆ ولاتێکی تر، یان ڕەنگە وەك قاوخی بەتاڵ مابێتنەوە لەگەڵ نزیکبونەوەی ئازاری 2003 عێراق تەنها پارێزگاری لە زانست وپلانەکانی بەرهەمهێنانی چەکە کۆکوژەکان

ێ لەکۆتایی
هێنان بەبەرنامەکە، جگە لە داگیرکردنی عێراق‌و لێکۆڵینەوەی وردو دروست لەبارەیەوە .

2-ئیدارەی ئەمەریکا بایەخی دەدابەو پەیوەندییەی کەلەنێوان حکومەتی عێراق‌و ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە دا هەبوو، ئەمەریکا ڕایگەیاند کەبەڵگەی تەواوی لەبارەی پەیوەندی توندو تۆڵی نێوان حکومەتی عێراق‌و قاعیدەی لەبەردەستدایە، بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە بەگومانێکی گەورەوە تەماشاکرا لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی سروشتی عەلمانیەتی ڕژێمی صەدام حسین‌و تەکفیر کردن‌و تایبەتمەندی ڕێکخراوی قاعیدە کە لەبەر



هەڵستکاری ئەو ڕژێمانەیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ چ لە عێراق‌و مسرو سوریاو تورکیا .تەنانەت ڕێکخراوی قاعیدە دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتانە بەکافر دادەنێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم گومانانەڕەنگە پەیوەندی نێوانیان گەشەی کردبێت ، خواستی ئیدارەی ئەمەریکی دوای هێرشە تیرۆریستیەکەی سێبتەمبەر ئەوە بوو کە وڵات بپارێزێت لە هەر هێرشێکی ترکە ڕەنگەچەکی ئەتۆمی‌و بایلوجی‌و کیمیاوی تێدا بە کاربێت‌و عێراقیش خاوەنی چەکی بایلوجی‌و کیمیاوی بوو، هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیشی دەدا، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێویستی دەزانی سنورێك بۆ هەوڵەکانی دابنرێت .

هەروەها ئیدارەی ئەمەریکی نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی کەڕەنگە عێراق لەگەڵ تێپەڕبوونی



www.pertwk.com

ەشەکانی سبتەمبەر پێویستە بەهەر نرخێك بێت بەری پێبگیرێت ، گومانیشی تیدا نییە ڕێکخراوی قاعیدە دەخوازێت ئەوچەکانە بەرامبەر ئەمەریکا بەکاربهێنیت، هەتا ئەگەر لە ڕژێمێکی کافریش وەریبگرێت، لە رابردوودا هیچ هاوپەیمانێتیەك لەنێوان عێراقو قاعیدە نەبوو، پلاندانەران لە ئیدارەی ئەمەریکی ئەوە بەدوور نازانن کە ڕەنگە لەداهاتوودا ئەو هاوکارییە لەنێوان عێراقو قاعیدە دروستبیت بۆ گورز وەشاندن لە ئەمەریکا کە قاعیدە بەسەری مارەکەی دادەنێت .



3-ویلایەتە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە صەدام حسین پیاوێکی سەرچڵو سەرەڕۆیەو گوێ بەئەنجامی کردەوەکانی خۆی ناداتو کەسێکە ئامادەگی تێدایە کە هەنگاو بنێت بەرەو مەترسی گەورە لەئەنجامی ناحاڵی بوونەوە، بەهۆی ئەو دەسەڵاتەشەوە کەهەیەتی دەتوانیت بڕیار وەربگرێت، ڕەنگە زیان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانو بەرژەوەندیەکان لەناوچەکە بگەیەنێت، بەبێ بیر کردنەوە لە تۆڵەکردنەوەی ئەمەریکا.

ئەگەر ووردبینەوە لەو بەڵگانەی کەپەیوەندیان بە رەفتارەکانی پێشوی "صەدام حسین"ەوە هەیە بۆمان دەردەکەوێت کە " صەدام حسین "چەندین بڕیاریداوە بێ بیرکردنەوەو سڵەمینەوە



www.pertwk.com

وه.

ئاستەمە پێشبینی ئەوە بکرێت کە لە داهاتوودا چی دەکات، ڕەنگە پرۆتۆکۆلی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە ببەستیت بۆ هێرش کردنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، ڕەنگە ئەو پرۆتۆکۆلەش ئەنجام نەدات، بەڵام ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری داوە کە پشت بە عەقڵی صەدام حسین نەبەستێت لە بڕیار وەرگرتن .

4- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕژێمی عێراقی لە سەرکار لابرد، بەئامانجی بنیاتنانی دیموکراسیەت لە عێراق، جێگای سەرسوڕمان نییە



کە بەدیهێنانی دیموکراسی لە عێراق ئەرکێکی قورس بێ .چونکە صەدام حسین حوکمڕانی نەوەیەکی بەتەواوی کردووە، بە شێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو ژیانی سیاسی وڵاتەکەی تێکشاندوە.

بارودۆخی عێراق زۆر جیاوازە لە بارودۆخی ئەڵمانیاو یابان پاش جەنگی دووەمی جیهانی لەو وڵاتانەدا سەرکەوتنێکی بەرچاو هەبوو لە داگیرکردنەکەدا، زۆر هەڵەیە عێراق بەو دوو وڵاتە بەراورد بکرێت، لەو دوو وڵاتە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی تر هەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانی سوودیان لێوەربگرنێ لەرێگەی هاوپەیمانەکانیەوە بۆچەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی، ئیدارەی بۆش ئەوەی ڕاگەیاند کە بەنیازە لانی کەم بۆ



www.pertwk.com

دوو ساڵ عێراق داگیربکات، بەڵام ڕەنگە داگیرکردنەکە چەند ساڵێکی دیکەش بخایەنێت، چونکە ئەو دیموکراسیەتەی لە عێراقدا لە دایك بووە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەپشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆپاراستنی لە هەڕەشە ناوخۆی ودەرەکیەکان وەك هەرەشەی شیعەکانو پاشماوەی چەکدارەکانی "صەدام حسین" یان ئێران، هەروەها بۆ یارمەتیدانی لە بنیاتنانەوەی دەزگا ئابورییەکان کە بەهۆی جەنگەوە زیانیان بەرکەوتووە.

سەرەڕای ئەو هۆیانەی ئیدارەی ئەمەریکی ڕایگەیاند، هۆکاری دیکە هەیە کەپاڵی بە ئەمەریکاوە نا ڕژێمی عێراق لەناوبەرێت ، دیاریکردنی ئەو هۆکارانەش ئاسانە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو هۆکارانەش



بەگرنگوپڕبایەخ دادەنێت، بەڵام ناخوازێت لە بارەیانەوە بدوێت، بەهۆی کاریگەرییان لەسەر ڕایگشتی ناوخۆی ئەمەریکا وهەندێك دەوڵەتی دیکە وەك سعودیە وئێران وکۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، بە شێوەیەکی گشتی، یەکەم هۆکار لە وهۆکارانەی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕاینەگەیەنێت ئەوەیە: کە دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمەرکی لەسەر خاکی عێراق بنکەی سەربازیو هەوالگری دادەمەزرێنێت کاتێکیش ئەم بنکانە دامەزران ، حکومەتی سەر بە ئەمەریکا لە عێراق ئەو هەنگاوە بە پێویست لە قەڵەم دەدات بۆ پاراستنی دامو دەزگاکانو پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ دەسەلأتەکەی .

لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکان چوار بنکەی سەرەکی بەکاردەهێنن (فرۆکەخانەی بەغدای



www.pertwk.com

گولیل لە باشوری عێراق نزیك ناصریە، فڕۆکەخانەی (H-1) لە ناوچەی ڕۆژئاوا، فڕۆکەخانەی باشور لەناوچەی کوردستان)[41]. ئەم بنکانە بوار خۆشدەکەن لەبەردەم هەڵمەتی فرۆکە جەنگیەکان‌و هیلیکۆپتەرە ئەمریکییەکاندا بۆ چەسپاندنی ئارامی‌و هەندێك چالاکی تر سەرەڕای گەڕان‌و پشکنین بەدوای چەکە کۆکوژەکان‌و ڕوبەروبونەوەی پاشماوەکانی صەدام حسین‌و چەکدارە عێراقیەکان، هەروەها ئەم بنکانە پشتیوانی دەکەن لە یارمەتیدانی هێزە پیادەکان وبنکەی (باغرام) لە ئەفغانستان‌و سەربازگەی (بوندستیل) لە کۆسۆڤۆ، یارمەتی ئەم هێزانە

41 تیم دیبلای: ئەمریکا و بەریتانیا, پلانەکانی خۆیان بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە عێراق ئاشکرا دەکەن .Jane’s Defense weekly April 30,2003,p.2



دەدات لە دۆزینەوەی حەشارگەی گونجاوو پاراستنی پێویست، بە شێوەیەکی گشتی ئەم بنکانە ئەوە بۆ ئەمریکا دابین دەکەن کە بەردەوام لە قولآی ناوچەکەدابێت ئەو ولآتانە بەیەکەوە ببەستێتەوە، یارمەتی دەدات بۆ مانەوە لە سنوری عێراق دوای جەنگ هەروەك پێش جەنگ، ئەمریکا ڕێگا نادات بە دابەشکردنی عێراق بەسەر کوردو سونەو شیعە بۆئەوەی ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەمەش تورکیای تەواو دڵنیا کردۆتەوە. تورکیا مەترسی هەیە لە دروستبونی هەرێمی کوردستان کە ببێتە هۆی دابینکردنی بنکەی ئارام بۆ چالاکییەکانی هەردوو ڕێکخراوی تیرۆریستی کوردی (پارتی کرێکارانی کوردستان‌و کۆنگرەی ئازادی‌و دیموکراسی لە کوردستان)و ئەوانەی پشتگیری دەکەن، ئەو سێ ناوچەیەی



www.pertwk.com

خێردەداتەوە.

دووەم هۆ: ئەم بنكانە سودیان دەبێت بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئێران، هەروەك چۆن دواتر ئاماژەی پێدەدەین كە ئێران گەورەترین پاڵپشتی تیرۆرە لە عێراق، زۆر دەمێكە ئێران پشتیوانی (حزب الله)ی لوبنانو شیعەی عێراق دەكات، بە دڵنیاییەوە هانی ( بزوتنەوەی حەماس) دەدات لە ململانێدا لەگەڵ ئیسرائیل، لەوەش زیاتر پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ ڕێكخراوی قاعیدەو هەبوونی هێزی قاعیدەو تالیبان لە ئێران، هەروەها ئێران خاوەنی بەرنامەی چەكی ئەتۆمیو كیمیاییو موشەكی دورهاوێژە ،پاش شۆڕشی 1979 ئێران بوەتە دوژمنی ئەمریكا بەپێی



بیردۆزەی "لاهوتی" كەلە هەموو شتێكدا ئەمریكا تاوانبار دەكات، ئێران یەكێك بوو لە سێ تەوەری شەڕ كە عێراق، ئیرانو كۆریای باكورە، هەروەك سەرۆك بوش لە وتارەكەی دا لە2 ی كانونی دووەمی 2002 ئاماژەی پێدا (هەموو ئەو هۆكارانەی ڕێگایان لەبەردەم ئیدارەی بۆشدا خۆش كرد بۆ هێرشكردنە سەر عێراق لە ئێرانیش بوونیان هەیە بەشێوەیەكی زیاتریش) ئەگەر ئیران دووەم وڵات بیت كە هێرشی دەكریتە سەر پێویستە كە بنكە لە عێراق هەبێت، چونكە هەموو ئەوبنكانەی ئێستا لە ناوچەكەدا لە ناوەڕاستی ئاسیا، ئەفغانستان وكەنداودا هەن بەشی لیدانی ئیران ناكات.

سێیەم هۆ: حكومەتێكی سەر بە ئەمریكا لە عێراق دەبێتە ئەلتەرناتیفی سعودیە، پێش



www.pertwk.com

ی‌یه وئه‌مریكا به‌هۆی ڕوداوه‌كانی
11ی سێبته‌مبه‌ر، ئه‌مریكا پێی وایه كه سعودیه
پاڵپشتی ڕێكخراوی قاعیده‌ی كردوه به‌شێوه‌یه‌كی
ماددی یان ڕاسته‌وخۆ، ئه‌مریكییه‌كان ئاماژه به‌وه
ده‌ده‌ن كه‌پانزه كه‌س له‌كۆی ئه‌و نۆزده كه‌سه‌ی كه
فڕۆكه‌كانیان ڕفاندو هێرشه‌كه‌ی 11ی
سێبته‌مبه‌ریان ئه‌نجامدا سعودی بوون. هه‌روه‌ها
سعودیه یارمه‌تیدانی ئه‌مریكای له پڕۆسه‌ی
ڕزگاری عێراق ڕه‌تكردوه‌وه هه‌رچه‌نده به‌شێوه‌یه‌كی
دیكه هاوكاری پێشكه‌ش كرد، به‌رێگه‌دان
به‌تێپه‌ڕبوونی موشه‌ك‌وفڕۆكه‌به‌ئاسمانی
وڵاته‌كه‌یدا، له‌مانه‌ش گرنگتر ئه‌وه‌یه كه‌ئه‌مریكا
واده‌بینێت كه سعودیه ڕووبه‌ڕوی مه‌ترسی ده‌بێته‌وه
به هۆی سه‌رهه‌ڵدانی نه‌وه‌ی نوێوه. چونكه‌به‌شی



زۆری سعودییه‌كان له‌و نه‌وه تازه‌پێگه‌یشتووه‌ن‌و
زۆریان به‌ره‌و توندره‌وی مل ده‌نێن، ئه‌گه‌ر
حكومه‌تی ئێستای سعودی‌یه ڕوخا كه سه‌ر
به‌مریكایه، ئه‌وه له‌و كاته‌دا عێراق گرنگییه‌كی
زیاتری بۆ ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا
ده‌بێت وه‌ك پێگه‌یه‌ك بۆ بنكه سه‌ربازییه‌كان‌و
سه‌رچاوه‌یه‌كی نه‌وت به تایبه‌ت كاتێك ده‌چێته‌وه
پاڵ نه‌وتی ده‌وڵه‌تانی كه‌نداوو بنكه سه‌ربازیه‌كانی
له‌كه‌نداو و بوونی سه‌ربازی ڕوو له‌زیادی ئه‌مریكا
له یه‌مه‌ن. باشتر وایه ئه‌مریكا پارێزگاری
هاوپه‌یمانییه‌تی عه‌ره‌بستانی سعودی‌ی بكات به‌ڵام
به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی پاڵی پێوه ده‌نێت بۆ نه‌خشه
دانان بۆ داهاتووو به تایبه‌تی له حاڵه‌تێكدا كه
حكومه‌تی سه‌ر به ئه‌مریكا له سعودیه ڕوخا،
ئه‌مریكا وانه‌ی له‌ڕوخانی شای ئێران وه‌رگرتو



www.pertwk.com

ئەوە بوو بەدەرسێك كەچۆن خۆی بپارێزێت لەلەدەستدانی هاوپەیمانێكی دیكە لەناوچەكەدا. ئامانجەكانی ئەمریكا لە عێراقی دوای صەدام حسین خۆی دەبینێتەوە لە (چەسپاندنی ئارامی لە وڵات، سەركوتكردنی فشاری ڕەگەزیو دینی قێزەون) دروستكردنی حكومەتێكی سەر بە ئەمریكا لە بەغدا، ئەم حكومەتە دروستكراوە كۆمەڵگای دیموكراسی بەشێوەیەكی تەواو گشتگیرو نمونەی دەبێتو، ڕەنگە لەگەڵ نوێكردنەوەی ڕژێمی ئابوریو پەروەردەییو كۆمەڵایەتی ببێتەپاڵپشتی بوونی ئەمریكا لە ناوچەكە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە لەگەڵ لەدایك بوونی ئەم حكومەتە نوێیەدا جێبەجێ ناكرێت، بەڵكو لە ئێستادا تەنها ڕوپۆشێكی دیموكراسیەتێكی ناراستەقینە بەسە، بابەتی سەرەكیو



یەكلایكەرەوە لە ئێستادا پێكهێنانی حكومەتێكی عێراقی هاوپەیمانە بۆ یارمەتیدانی ئەمریكا لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو ڕژێمە دوای جەنگ لەعێراق پێكهاتووە پێویستی بە ڕێگەپێدانی ئەمریكایە لە دانانی بنەماكانو گەیشتن بەو مافانەی كە دەستی ئەمریكا واڵا دەكات لە باڵادەست بوونی بەسەر عێراقو دەرەوەیدا، ئەو چوار بنكەیە كە ئەمریكا بەكاریدەهێنێت تەنها بۆ ناوخۆی عێراق گرنگ نیە بەڵكو تەرازوی هێز پێك دەهێنێت لەگەڵ پاشەكشەی ئەمریكا لەسعودیە، بونی هێزەكانی ئەمریكا لە سعودیە تەنها وەك هێزێكی ڕاهێنەرە وەك سەردەمی جەنگی سارد، هەروەها بنكەكانی عێراق جێگای بنكە لەكاركەوتوەكانی ئەڵمانیاو بنكەكانی دیكەی ئەوروپا دەگرێتەوە، لەگەڵ



www.pertwk.com

ئەو

داواکاریەی تورکیا پێشکەشی ئەمریکای کرد کەلەدوای جەنگ هێزەکانی کەم بکاتەوە، لەسەر ئەو داوایەش هێزەکانی ئەمریکا بۆ (1400) سەرباز کەمبونەوە، چانسی ئەمریکایە کە خاوەنی چەند بنکەیەکە لە ناوچەکەدا، عێراق ئەو گۆڕەپانەیە کە هێزەکانی تیادا نیشان بدات، ئەگەر بڕوانینە سەرجەم ناوچەکە ئەوەبەدیدەکەین کە هێزێکی گەورەی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو هەیە ئاشکراشە کەکوەیت میوانداری لەژمارەیەکی زۆری هێزەکانی ئەمریکای کرد لە کاتی جەنگی2003 لەگەڵ عێراقدا.



هەروەها کویتییەکان سەرقاڵی بیناکردنی سەربازگەی (ئەریفجان)ن کەدەکەوێتە دوری 40کم لە باشوری شاری کویتەوەو خەرجییەکی زۆری تێدەچێتو دەبێتە ئەلتەرناتیفی سەربازگەی(دوحە) لە ساڵی 2005، واش چاوەڕوان دەکرێت کە ببێتە بنکەی سەربازی سەرەکی ئەمریکا لە کوێت ئەو ساربازگەیە سەرەڕای تەواو نەبونی ڕۆڵی گەورەی بینی لە یارمەتیدانی هێزەکانی ئەمریکاو لەگەڵ تەواو بونیدا دەبێتە جێگای ناوەندی سەرکردایەتی پێشکەوتوترو هەزار سەرباز جێگای تێدا دەبێتەوە لە قەتەریش هێزەکانی ئەمریکا لە سەربازگەی (سیلیە)و بنکەی ( عودیدی ئاسمانی) جێگیرکراون، سەربازگەی "سیلیە"ش بە گرنگ دادەنرێ چونکە بنکەی سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمانان بوو



www.pertwk.com

### ئـەمـیر سـولّتانی ئاسمانی

لـــە دەرەوەی شـــاری ریـــاضـــی پایتـــەختی سـعودیەبوو[42] . بنكـــەی عودیـــد لـــە كۆتـــایی سـالّی2000 بـووە پالّپشـتی چـالاكییەكانی ئـە فغانستانو كەنداو، ئیدارەی گەلەكەشـتی ئـەمریكی پێنجەم لە شاری منامـەی بحرینـەو، بنكـەی شـێخ عیسـای ئاسمـانی لـە بحـرین زۆر گـرنگ بـوو بـۆ

[42] گرنگی بنكە ئاسمانییەكان لە پالّپشتی كردنی هێرشە ئاسمانییەكان لە ناوچەكە بۆ دەسكەوتنی ڕاڤـەكردنی تەواو بۆ توانای بنكـەی (A1-Udeid) وەك ناوەنـدی هاوبـەش بـۆ چـالاكییە ئاسمانی‌یـەكان بڕوانـە كتێبـی (مـارك هویش).



عێـراق، هـەروەها میرنشـینی عـەرەبی یـەكگرتوو میوانداری بنكەی (زەفرە)ی ئاسمانی دەكات.

هـــەروەها عومـــان ڕێگـــەی بـــە ویلایەتـــە یـەكگرتوەكان دا بـە تەقانـدنی موشـەكی(B-1B)، و فرۆكــەی بارهــەلگری (C-130) وبارهــەلگری جـەنگی(AC-130) لـە بنكـەی ئاسمـانیـەكانی لەهەریـەك لـە" مەسـیرە، سـیب، سـەمرایت" واش چـاوەڕوان دەكرێـت كـە بنكـەكانی ئـەمریكا لـە ناوەڕاستی ئاسیا گرنگی زیاتری هەبێت بۆ ئەمریكا وەك (بـــا غـــرامو قنـــدهارو خوســـتو لـــوراو مزارشـــریفو بـولی قنـــدهار لـــە ئەفغانســـتان)و بنكەكانی دیكە لە جورجیـا (فازیـانیو فرجسـتانو ماناساو تاجیكستانو ئوزبـەكستانیش (قـریش – خانـدباد) دواجـاریش بنكـەی (دییغوغارسـیا) كـە بـەریتانیا بالادەسـتە بەسـەریدا لـە زەریـای هـادیو



www.pertwk.com

## هاوكاری بۆ ئەمریكا.

سەرەڕای ئەمانەش ئەو بنكانەی لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیاو ئەوروپای نوێدا هەیە فرسەتی گرنگ بە ئەمریكا دەبەخشێت وەك بنكەی (بویدزو كرزیسنی) ئاسمانی لە پۆڵەنداو بنكەی (میهایل كوغالینسینو)و ناوچەی ڕاهێنان لە (باباداج)و كەناری دەریای ڕەش (كونستانزا) لەڕۆماو (بیزمیر گراف ئگناتیفو) لە بلگاریاو فرۆكەخانەی (سارایی‌فو)ی سەربازیو، ناوچەی ڕاهێنان لە (نوفوسیلو)و كەناری (ئەجیاو بورگاس)و هەروەها دەتوانی هێزەكانی لە (لیتوانیا) دابنێت ئەم بنكانەش زۆر گرنگیان هەیە بەهۆی:-



یەكەم/

نزیكیان لە ناوچەی هەڕەشەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چونكە دەكەونە ناوەڕاستی نێوان برلینو بغداد.

دووەم/

پێویست نەبوونی وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر تێپەڕبون بە ئاسماندا وەك وڵاتانی نەمساو فەرەنسا كە ڕێگە لەبەردەم تێپەڕبونی هێزەكانی ئەمریكا دەگرن یا تەگەرەی ناپێویست دادەنێن بۆ تێپەربوونیان بەسەرخاكەكەیاندا.

سێهەم/

چالاكی‌یەكان لەم بنكانە كەمتری تێدەچێتو ڕێگرییەكانی كەشو هەوا كەمترەو فراوانكردنیان زیاتر ئیمكانی هەیە بە پیچەوانەوە، بنكە سەربازییەكانی كە لە ئەوروپا هەن گرنگییەكی تایبەتییان دەبێت ئەگەر تێزی (ڕێكەوتن نامەی نیلوفر) لە بنكە سەربازییەكان بچەسپێت كە



www.pertwk.com

لـه[43] روانگەی ئەم بۆچونەوە ژمارەی ئـەو بنکانـە کـەمن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێ لە ناوچە ستراتیژیـیـە گرنگـەکان وەك بنکـەی (رامسـێن)ی ئاسمـانی لـە ئەلمانیا کە ژمارەیەکی کەم لە کادر لـەخۆ دەگرێت، ئـەو بنکانـە لـە ئاینـدەدا بـەکاردەهێنرێن جێگـای قسـەو باسـە لەگـەڵ کادرەکـانی کەراسـپێدراون بـە هەڵسانی کاروبارەکانیـان بـە شـێوەیەکی کـاتی، ئـەو کادرانەیئـەم ئەرکانـەیان خراوەتـە سـەرشـان هـیچ بەرپرسـیارێتییەکی خێزانیـان لەسـەر شـان نییـە وهـەموو پێداویسـتی‌یـەکانی ژیانیـان بـۆ دابـین کـراوە ئـەم بنکانـە تـەنها ژمارەیـەکی پێویسـت کەسیان تێدایە، جۆنز لە رۆژی 28نیسانی 2003 لە بارەی ئەم بنکانەوە وتـی (لـەم بنکانـەدا هەست دەکـەیت لـە شـوێنێکی گونجـاودا بـۆ ئەنجامـدانی هێرشـە ئاسمـانی‌یـەکان ئەگەرچـی یـەك کەتیبـە سەربازیشـی لێیـە کـە بۆمـاوەی دوو مـانگ راهێنـاننیـان پێـدەکرێت لەگـەڵ میلـەتێکی میـوان دۆست دا وەك ئەوە وایە چالاکییەکان لەسـەر شـانۆ

[43] مەبدەئی (رێکەوتنی نیلوفر) کەلە بنکە ئەوروپییەکاندا جێبەجێی دەکرێت ڕەنگە لە بنکە ئەفریکییەکان لە جیبوتی وکینیا و ئاسیا و ئوستراليا و تایلاند و ڤینامدا جێبەجێ بکرێن.



ئـەنجام بـدەیتو برۆیـتو بۆنمونـە دوای شـەش مـانگ بگەڕێیتـەوە[44] ئـەم بنکانـە بنچـینەی پشـتگیری پێکـدەهێنن بـۆ پاڵپشـتی هێـزە سـەربازییەکان لـە رۆژهـەلاتی ناوەراسـتو قوقـازو ئاسـیای ناوەراسـت، دەتوانرێـت پاڵپشـتی زیـاترو بکرێنە حەشارگە بە واتای ئەو جێگایانـەی چەکە قورسـەکانی لێـدادەنرێت وەك تانـك لـە شـوێنی دیاریکراو پارێزراو.

ئەم بنکانە وەك هاوشێوەی ئەو بنکانە دەبن کە لە (دیی‌گـو گـارسیا)و هەندێ شوێنی تر هەن یـای ئـەوەتا لـەداهـاتودا بەمەبەسـتی پاڵپشـتیو بـەهێزکردنی بـەکاردێت یـان خۆیـان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ بـەکاردەهێنرێن، سـەرەرای بنکـە گشـتیەکان ، جـۆنز وای دەبینێـت کـە بنکـەی چالاكیەکانن لە داهاتوودا[45] رەنگە ناوەندەکـەیان بەشـێوەیەك‌ی بنـەرەتی لـە ئـەفریکابێت، بەشێوەیکی تایبەتی لەلایەن هێـزە گەرۆکەکانـەوە بەکاربهێنرێن بۆچالاکی دیاری کراو[46] وە لـە کـاتی

[44] جموجۆڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەرە و دانانی بنکەی جیهانی بەشێویەکی ئاسانتر.

[45] http://www.estripes.com/article.asp?sectio=104 atricle=16070

[46] سەرەرای ئاماژە لاوازەکان لە نێوەندی میدیا ئەمریکییەکاندا لە بارەی پەرەپێدانی بوونی سەربازیی لەباکوری ئەفریکا, بە تایبەتی مەغریب و تونس و هەندێك دەوڵەتی کەنار وەك تشاد, موریتانیا, مالی,



www.pertwk.com

، یەکـــــەکان

پاشەکشەدەکەن‌و هێـزی جێگرەکـان دەمێنێتـەوە، بەمـــەش ئاســـەواری ئـــەمریکی لەکــــەمترین ئاســـتیدادەبێت، هۆکـــارێکی دیکـــە کەســـەرنجی ئـــەمریکا ڕادەکێشـێت بـۆ دروسـتکردنی بنکـەی سـەربازی لـــەئـــەورووپـــای نـــوێ، ئەوەیـــە کـــە حکومەتەکان خۆیـان دەیانـەوێت بنکـەی ئـەمریکی لەسـەر خاکەکـەیان هـەبێت.یـەکێك لەبەرپرسـە سـەربازییە گـەورەکانی ئـەمریکا لـەبارەی گـۆڕینی بنکەکانـەوە لـە لێدوانێکـدا گـوتی (ئامانجمـان لـەم کـارە ئەوەیـە ئـەو جێگایانـە چـۆڵ بکـەین کـە حەزمان پێناکەن یان مامەڵەی گـوجاومـان لەگـەڵ ناکـەن... کۆمـەڵێك لـە دەوڵـەتانی ڕۆژهـەڵات دەستمان بۆ درێژ دەکـەن‌و خوازیـاری هاوپـەیمانین لەگـەڵمان)[47] ئەوەشـی پەیوەنـدی بـە داگیرکردنـی عێراقـەوە هەیـە، وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا ســـەرکەوتنی بەرچـــاوی بەدەســـتهێناوە لـــە چەسـپاندنی ئـارامی لـە وڵاتەکـەدا، دوابـەدوای

---

نەیجیر, و هەندێك دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا وەك جیبوتی و کینیا وە بەشێك لە بیابانی ئەفریقا, بە تایبەتی سینگال وئۆگەندا, لەبەرئـەوەی وا دەبینیێـت کـە تەنانـەت ئـەو بوونـە کەمـە لـە ناوچـەکە یارمـەتی دەدات بـۆ پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی ڕێکخراوی (القاعیدە) یان گروپە تیرۆریستەکانی تر بۆ دۆزینەوەی مولگە.

[47] Quoted in Esther Schrader,”U.S Expedites Reshuffling of Europe Troops" Los Angeles Times, May1,2003.



کۆتـایی هـاتنی جـەنگ بـەڵام ئـەوەی کـە دەرکـەوت ئــەو هەڵانەیــە کــە ئــەمریکا کــردی دوا بــەدوای داگیرکردنەکـە، ئـەو کاتـەکاتی گونجـاو بـوو کـە دەســـەڵاتی خـــۆی بســـەپێنێ‌و یاســـا دابنـــێ‌و ئامـــادەکردنی دەســـتوری نـــوێ ڕابگەیـــەنێ‌و فەرمانبــەران‌وچــینی ناوەڕاسـت بانگــەواز بکـات ئەوانـەی وڵات بەڕێوەدەبـەن، بـە ئاشـکراو بـەڕونی ئــەوەی ڕابگــەیەنێت کــە داگیرکردنــی عێــراق درێژەی دەبێت بۆ (10تـا15) سـاڵی ئاینـدە قۆنـاغ بـــە قۆنـــاغ دەســـەڵاتی بگواســـتایەتەوە بـــۆ حکومەتێکی عێراقی لایەنگری ئـەمریکا، بۆچـی ئەمریکا ئەمانەی نـەکرد؟ ئـەوە ئـەو بابەتەیـە کـە تێی ناگــەین ڕەنگــە ئــەمریکا خوازیــاری ئــەوە بــووبێـت کـە وەك دەسـەڵاتی سـەرکوتکەر سـەیر نــەکـرێ کــە دەبێتــە هــۆی کاردانــەوەو تورەبــون لەلایەن بیانییەکان‌و ترس لەلای عێراقی‌یەکان... لەگــەڵ ئەوەشــدا... لەبــەر ئــەوەی ویلایەتــە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـەم کـارە هەڵنەسـتا کـە دەبوایە بکرایە، توانای بەرەنگاربونەوەی فراوانترو ئاسانتر بوو. هێزەکـانی ئـەمریکاو هاوپەیمانـەکانی ئەگەر چی ئاسـتەمیش بێـت دەتـوانن سـنورێك بـۆ چالاکی هێرشـە چەکدارە تیرۆریستەکان دابنێـنن‌و



www.pertwk.com

.چونکە ئەوانە هێشتا باوەڕیان نەکردووە بەوەی کە ئیتر سەدامو حزبی بەعس ناگەڕێنەوە بۆ سەر حوکمو، ئەمریکا لەعێراق دەکشێتەوە،

## هەڕەشەکان لە ئێرانو سوریا

ئێران گەورەترین هەڕەشەیە کە ڕووبەڕوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێتەوە، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، زۆر مەترسیدارترە لە تیرۆر، وولاتانی دیکە وەك سوریا، بەهۆی سێ هۆی سەرەکییەوە:-



یەکەم/ پەیوەندی توندو تۆڵی نێوان ئێرانو ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە، داڵدەدانی گروپە تیرۆریستەکانو پاشماوەی هێزەکانی تالیبان، ڕامسفیلد زۆرجار جەختی لەمبارەیەوە کردۆتەوە، ئێرانیەکان خۆشیان دانیان پیادا ناوە[48] هەروەها لێپرسراوانی دەزگای هەواڵگری پاکستان ڕایانگەیاند کە ناوەندی چالاکییەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە پاکستانەوە گواستراوەتەوە بۆ ئێران، دوابەدوای دەستگیرکردنی سەرکردەی کارە تیرۆریستەکانی ڕێکخراوەکە (خالید شیخ) لە ئێران[49] هیچ گومانی تیادا نییە کە ئێران هێزەکانی تالیبانو قاعیدەو گەورە بەرپرسەکانی

---

48چاوبخشێنە بەلێدوانەکانی (دۆنالد ڕامسفیلد) وەزیری بەرگری
DOD News Briefing, June 24,2003 & August 5,2003

49 لێدوانەکانی قاعیدە لە بارەی گواستنەوەیان بۆ ئێران
amirLlatife, the Washington times, July 2003,www.washington Tims, July 2003,www.washington times.com.



www.pertwk.com

دالّدەداوە. تاران دانی بەدەسگیرکردنی (سیف عدل)دا ناوە کە بە یەکێك لە نەخشە دارێژەرانی چالاکییە سەربازیەکانو بەسێهەم کەسایەتی گرنگ لە ڕێکخراوی قاعیدە دادەنرێت ، 25 ملیۆن دۆلار پاداشتی تەسلیم کردنی بوو، هەروەها هەریەك لە "سلیمان ئەبو غەیس" قسەکەری ڕەسمی قاعیدەو "سعد بنلادنی" کوڕی سێهەمی ئوسامە بنلادن، واشنتۆن گومانی لەوە هەیە کە ئێران چەند کەسایەتی تری گرنگی دیکەی دالّدەدابێت وەك (ئەبو حفص ناسراو بە موریتانیو (ئەبو مصعب زرقاوی) کە دادەنرێت بە پردی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی قاعیدەو صەدام حسین، هەروەها (محمد مصری) تێوە گلاو لە کارە تیرۆریستیەکانی ڕۆژهەلاّتی ئەفریقیا، پێویستە لەسەر ئێران بە زوترین کات



ئەندامەکانی تالیبان دەربکاتو ڕێگە بە ئەمریکاو حکومەتی (کارزای) بدات کەلێکۆڵینەوە یان لەگەڵ ئەنجام بداتو ئەندامە مەترسیدارەکانی قائیدەوتالبان زیندانی بکات، پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرجەم ئەندامانی قاعیدە تەسلیم بە ئەمریکا بکات.

دووەم/

ئێران پشتگیری بزوتنەوەی نەیارانی حکومەتەکەی " کارزای" دەکات، کە ئەمریکا پشتگیری دەکات لە ئەفغانستان، لەڕێگەی هاوکاریکردنی حزبی ئیسلامی کە (قلبەدین حکمتیار) سەرکردایەتی دەکات، هاوکاریکردنی ئەو حزبە بەو واتایەیە کە ئەمریکاو حکومەتی ئەفغانستان ڕوبەڕوی هێرشی ڕێکخراو دەبنەوە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەلە ڕیزەکانی ئەم



www.pertwk.com

**جگە لەوەش**

**خـــودی ســـوپای نیشـــتمانی ئـــەفغانی پشـــتگیری لێدەکات، ئەندامانی سوپا ئامادەگی ئەوەیان تێدایە هەلگەڕێنـەوە وزانیـاری هـەوالگری بـدەن بـەحزبی ئیسلامی لەکاتێکدا کە سوپا بە نیـازی ئەنجامـدانی چـالاکی سـەربازی بێـت دژی ئـەو پارتـە، بـەم شـــێوەیە هەولـــەکانی ســـوپا پەکدەخـــەن و لـــە کاریگەریەکـەی کـەم دەکەنـەوە، لەگـەڵ ڕۆژگـاردا تواناکانی حزبی ئیسلامی زیـاد دەکـات و چـەکداری زۆرتردەبێـت و کێشـەکە گـەورەتر دەبێـت، بـەلام گرنگـی بـونی سـەربازی ئـەمریکا تـا ئـەو کاتـە لەئەفغانستان هەروەك خۆی دەمێنێتەوە**

**-سـێهەم/ گـرنگترین خـاڵ، گومـانی کۆمـەلگای نێودەوڵەتییـــە لـــەبارەی ســـەرقاڵی ئێـــران بـــە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی، ڕەنگە ئێـران لـەماوەی**



**(8 تا 10) سـاڵی تـر ببێتـەخاوەن چـەکی ئـەتۆمی بـەبێ یارمـەتی هـیچ دەوڵـەتێکی ئـەتۆمی تـر وەك چـین و کۆریـای بـاکورو پاکسـتان، ئەگـەر هـەر دەوڵـتێـك لـەم دەوڵەتانـە یارمـەتی تـەواوی بـدات پێشبینی دەکرێت تا ساڵی 2005 ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، چەندین ڕاپۆرت جەختیان لەسەر ئەم زانیاریانە کردووەتەوە.**[50] **ئەم گومانانـە وەك خۆیـان دەمـێنن ەوە، هەرچـەندە ئێـران ئـەوەی ڕاگەیاندوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی:**

**1- ئاشتی خوازانەیە.**

---

50 وەرگیراوەلە هەلسەنگاندنی هەشت بۆدەساڵ لە لێکۆلێنەوەکەی گۆنگرێس بۆ خزمـەتگوزاری لێکۆلێنـەوە لە کانونی دووەمی/2003و لە شوباتی/ 2003, دەزگای هەوالگری سەر بە وەزارەتی بەرگری ڕایگەیاند کە ئێـران تـا سـاڵی2010 دەبێتـە خـاوەنی چـەکی ئـەتۆمی ئەگـەر بـەردەوام بوولـە بەرنامـە ئەتۆمییەکـەی (تۆمەتبارکردنی ئێران لـە لایـەن ئـەمریکاوە بـۆ بـوونی چـەکی ئـەتۆمی.(بـول کـیر) **Arins Control today, June2003, p047**.

لە حوزەیرانی 2003 ناوەندی لێکۆلێنەوەی (PIR) کە پەیمانگایەکیی ڕوسی نافەرمییە ڕایگەیانـد کـەئێران تا سێ ساڵی تر توانای پەرەپێدانی چەکی ئـەتۆمی دەبێـت و ئـەو کاتـە دەتوانێـت هەڕەشـە لـە (20) ملیـۆن ڕوسی بکات لە باشـوری ڕۆژئـاوای ولات لـە ئسـتراکان, فولـوگراد و هەنـدێك بەشـی ئۆکرانیـا ئەگـەر چـەکی ئەتۆمی ئێران هاوتای موشەکی (KM SHAHAB-3)10300بێت.



www.pertwk.com

2- ڕاپۆرتێکی گشتی لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە پێشکەشی دەزگای ئەتۆمی جیهانی دەکاتو بەردەوام دەبێت لە پێدانی ڕاپۆرتی پێویستو داواکراو.

3- ئێران ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ڕونو ئاشکرایە لە مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتەکانو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، ئەم گومانە کاتێك دروست بووە کە ئێران زۆر بە ئاگایانە هەڵسا بە دانانی بنچینەی بازنەیەکی تەواو بۆ سوتەمەنی ئەتۆمی، هەر کات بەرهەمهێنانی مادەی ئەتۆمی تەواو بوو ئەوە دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسان چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێ. سەرەڕای پڕوپاگەندەکانی ئێران کە گوایە ڕاستگۆو ڕاشکاو بووە لەگەڵ کۆمەڵی نێو دەوڵەوتی، بەڵام ئێران لە ژێر فشاردا، دەزگا ئەتۆمییەکەیوهەندێ



کەرەسەی، ئاشکرا کرد کە پێشتر بە هیچ شێوەیەك باسی نەکردبوو، سەرەڕای ئەوەی ئێران خاوەنی نەوتو گازێکی سروشتی زۆرە کەچی پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەمەبەستی دابینکردنی وزەی کارەبایە بۆ (66) ملیۆن دانیشتوان بە تێچونێکی کەمتر. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دامو دەزگا ئەتۆمییەکان وزە کەمتر لەو وزەیە بەرهەم دەهێنن کە لە ئەنجامی سوتاندنی گازی سروشتی بەرهەم دێت بە ڕێژەیەکی ساڵانە لەگەڵ ئەوەشدا ئێران سورە لەسەر ئەوەی کە (7000) میگاوات وزەی کارەبا بەرهەم بهێنێت لە دامودەزگاکانی وزەی ئەتۆمی لەساڵی2004.ئاسایشی نەتەوەیی پاڵ بە دەوڵەتێکەوە دەنێت کەبەرنامە ئەتۆمییەکانی

،

حکومــەتی ئێســتای ئێــران وای دەبینێــت کــە بــەرەوڕوی هەڕەشــەی ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئەمریکاو دوژمنەکانی لە ناوچەکەو ڕکەبەرەکانی وەك ئیســرائیل‌و تورکیــا دەبێتــەوە[51] ئێــران وا دەبینێــت کــە ئــەمریکا وەك تــەوەرەی جــەنگ ناساندویەتی‌و چواردەوری بــە بنکــەی ســەربازی گرتــووە، هــەر لــە ناوەڕاســتی ئاســیا لــە بــاکور، شــێخەکانی کەنــداو لەباشــور، ئەفغانســتان لــە ڕۆژهەڵات ، عێـراق‌و تورکیـا لـە ڕۆژئـاوا، هـەروەها ئێــران ئــاڵۆزییــە ناوخۆیەکانیشــی دەخاتــە پــاڵ ئــــەمریکا وەك ئــــەو خۆپیشــــاندانانەی کــــە

51بۆ خوێندنەوەی گفتوگۆ لە بارەی (ئاستی هۆکاری بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی) چاوبخشێنە.
Theuer, Secyeity studies, vol.5.no.3-Spring, 1995,pp-3-519.
هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و سودی بڵاوبونەوەی



خوێندکاران لەساڵی2003 ئەنجامیانداو حکومەتی (ئایەتولاً خامەنئی) هێنایە لەرزین، بەم هۆیانەوە ئەگــەر ئێــران ببێتــە خــاوەنی چــەکی ئــەتۆمی دەتوانیت خۆی لە هەڕەشەکانی ئەمریکا بپارێزێت هــــەروەها ســــەرکردایەتی ئێــــران دەتوانێــــت سـەرەڕۆیانەو دوژمنانــەتر کاربکـات، ئەگـەرکاتێك هەستی کرد مەترسیەکان کەم بونەتەوە.

ئێـران لـە دوو ڕێگـاوە هـەوڵی بـە دەسـتهێنانی چـەکی ئـەتۆمی دەدات، بەرهـەمهێنانی یۆرانیـۆم‌و لبوتونیـومی پێویسـت بـۆ بەرهـەمهێنانی چـەکی ئـەتۆمی (U23S&U239)، ئێـران سـەرکەوتنی گـەورەی بەدەسـتهێناوە لـەو دەزگایانـەی کـە لـە (ناتانز) دروستی کردون کە تایبەتە بە (پیتانـدنی یورانیوم)و توانەوەی گاز، هەروەها ماکێتی نمونـەی (SCALE-CASSADE) لەبەردەســــــتدایە



www.pertwk.com

شوراى نيشتمانى .[52]

بەرگرى ئێران كە باڵى سياسى ڕێكخراوى مجاهدى خلقى چەپڕەو پێكدەهێنێ دەزگاكانى (ناتنز)ى لە ئابى2002 ئاشكرا كرد ئەم دەزگايە بوە مايەى سەرسوڕمانى سەرجەم فەرمانبەرانى (دەزگاى نێو دەوڵەتى ئەتۆم) كاتێك بۆ يەكەم جار لە فێبرايرى2003دا سەردانيان كرد (محمد برادعى) دەزگاكەى بەوە وەسفكرد كە ئالۆزەو لە ئاستێكى بەرزدايە. لە هەمووى گرنگتر ئەوەيە كە

[52] AgGood rally of thumb is that it takes about 2.500 centrifuges to make one nuclear Weapon's worth of highly enriched uranium each year



بەشێك لە دەزگاكە لەژێر زەويدا دروستكراوە ئامانج لەمەش تەنها بۆ پاراستنێتى لەهەر هێرشێكو هەر چاودێريەكى دەزگا هەواڵگريەكان تا بتوانن بە نهێنى خەريكى پەرەپێدانى دەزگاكەبن كە هەزاريەكەى تواندنەوە لە خۆ دەگرێتو ڕەنگە بكاتە (50000) لە ماوەى پێنج تا دە ساڵدا ئەمەش بەسە بۆ ئەوەى ئێران بتوانێت (500)كغم يۆرانيۆمى تايبەت بە چەكى ئەتۆمى بەرهەم بهێنێت لەساڵێكدا، ئەگەر بەرهەمهێنانى يەك چەكى ئەتۆمى پێويستى بە (15 تا 20)كغم يۆرانيۆم هەبێت واتە بەرهەمهێنانى (20تا30) چەكى ئەتۆمى لەيەك ساڵدا، ڕەنگە ئەو بەشەى لەژێر زەوى دروستكراوە زۆر لەو بەشە ئاشكرايە گەورەتربێت كە ئەندامانى (دەزگاى نێو دەوڵەتى وزەى ئەتۆم) بينىويانە، ئێران ئەوەى ڕاگەياند



www.pertwk.com

ی سوڕاندنی
یەکە توێنەوەرەوەکان لە زانکۆی (ئەمیر خەبیر) لە بارەگای دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران ئەنجام دراوە[53] لەیۆلیوی 2003دا چەند نمونەیەك لە ناوچەی (ناتانز) وەرگیرا، پاش تاقیکردنەوەی دەرکەوت کە پاشماوەی (یۆرانیۆمی پیتێنراو)ی پێوەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کرداری (پیتاندن) ئەنجام دراوە[54] کۆمپانیای (کالای کارەبایی) لە تاران پێشتر هیچ زانیاریەکی لەبارەیەوە ئاشکرا نەکردبوو، چاودێران گومانیان هەیە کە ئەو کۆمپانیایە بارەگای سەرەکی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی ئەو کارەبێت کە ئێستا

53 ئاشکراکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران
Andrew Koch and Alone Ben-David, Defence weekly, June 25,2003 .

54. David Alright and Corey Hinder stein, September/october, 2003 Bulletin of the Atomic Scientists



پێی هەڵدەستێت بۆ جیبەجێکردنی بەرنامەی توانەوەی گازو پیتاندنی یۆرانیۆم[55] ئێران ڕازی نیە کە هیچ پشکنینێك لەو کۆمپانیایە ئەنجام بدری، چونکە ئەو کۆمپانیایە بە کۆمپانیایەکی تایبەت بە دروستکردنی کاتژمێرو شتی دیکە لەقەڵەم دەدات، بەڵام گومانەکان هەر لە جێگای خۆیانن‌و بە شوێنی پەیوەندیدار دادەنرێ بە بەرنامە ئەتۆمییەکانەوەو کۆمپانیاکە تەنها بەڕوکەش دەدرێتە قەڵەم، ئێران ڕازی نەبوو بەوە کە ئەندامانی دەزگای نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم سەردانی هەندێك شوێنی (کۆمپانیای کالای) بکەن، یان بتوانن چەند نمونەیەك لە خاکی دەروبەری کۆمپانیاکە بەرن بۆ لێکۆڵینەوە.

55 ئاشکرا کردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران Koch and Beer- David,p.2



www.pertwk.com

ڕاپۆرتەکان لەساڵی 2003 ئاماژەیان بەوەدا کە ئێران (109)کغم ماددەی (هیکسا فلوراید یورانیوم)ی لە چین هاوردووە لەساڵی 1991 و لە کۆمپانیای (کالای کارەبای) تاقیکراوەتەوە بۆ دەسنیشانکردنی خەلەلەکان لە بونیادنانی دەزگایەکی گەورەتر بۆ توانەوە لە (ناتانز)[56] ئەندامانی دەزگای نێو دەوڵەتی وزەی ئەتۆم ئاماژەیان بەوەدا کە (109) کغم لە ماددەی (هیکسا فلوراید یورانیوم) دیار نیە، بەڵام کارمەندە ئێرانییەکان وتیان (دیار نەمانی پەیوەندی بە تێکچونی سۆندەی کۆنتەینەری هەڵگرتنەوەوە هەیە بەپێی وتەی هەریەك لە دافید ئەلبرایتو کوری هندرستین کە لە پەیمانگای زانستەکانو ئاسایشی نەتەوەی، هەر

56 -هەمان سەرچاوەی پێشوو



تاقیکردنەوەیەکی توانەوە ئەگەر بچوکیش بێت پێویستی بە (1)کیلۆ تا (2) کیلۆ (هیکسا فلوراید یورانیوم)هەیە[57]، بەهەرحاڵ ئەم توخمە بەشێکی بچوك بوو لە بارێکی گەورە لەو ماددەیەی کە بارستاییەکەی (1000) کغم بوو، ئێران لە چینی کڕی، حکومەتی ئێران بەهیچ جۆرێك لەبەردەم ئەندامانی دەزگای نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم باسی لەم مادەیە نەکرد[58].

هەروەها (پکین) 400 کغم لەماددەی (تترافلورایدی یورانیوم)و 400 کغم (دووەم ئۆکسیدی یۆرانیۆم)ی بەخشیوە بە ئێران، کە هەمووی لە تاقیگەکانی (جابر بن حیان) هەڵگیراوە کە بۆ چەندین مەبەست بەکاردێت، لە

57 ئێران: یاریچی یان سوارچاکی جەنگ Albright and Hinderstein,p.56

58 Iran failed to comely with Nuclear NPT, IAEA Reports "Arms control today,July/August2003,p.p22.



www.pertwk.com

یورانیــۆم)ی كــردووه بــه

یورانیۆم لـه تاقیگـەكان (تاقیگـەی جـابربن حیـان)

بـەڵام لەبەرئـەوەی كـانزای یۆرانیــۆم لـه راسـتیدا

بەرنامــەی وزەی بازرگــانی بــەكارناهێنرێ ئەمــه

خۆی له خۆیدا بەڵگەیەكی بەهێز بۆ خواستەكانی

ئێــران لــەبارەی بەرهــەمهێنانی چــەكی ئــەتۆمی،

رەنگــه ئێــران دەزگــای دیكــه پەرەپێبــدات بــۆ

(پیتانــدن) لــه شــوێنەكانی دیكــه، ئەنجومــەنی

بــەرگری نیشــتیمانی ئێــران رایگەیانــد كــه دوو

دەزگای نوێی دروستكردووه بۆ تواندنەوەی گـاز لـه

"رامانـدەو لاشـكار ئابـاد"[59]. دەوترێـت كەیـەكێك

لــەو دەزگایانــه بــه چــاودێری وردی ســەربازی

59 ئاشكرا كردنی چالاكییه ئەتۆمییەكانی ئێران/لا2



تەوقـدراوه كـه هـیچ پێویسـتی بەو چـاودێری‌یـه

ورده نی‌یــه، ئەگــەر ئــەم شــوێنه بــۆ كاروبــاری

سروشـتی‌و كشـتوكاڵی بـەكاربهێنرێت، وەك ئێـران

پڕوپاگەنــدەی لــەبارەوه دەكــات[60] ، بــونی ئــەم

هــەموو دەزگــای‌ه ئــەوه ڕوندەكاتــەوه كــه ئێــران

ئەزموونی وەرگرتبێت لەو هێرشەی كـه ئیسرائیل

كردیــــه ســــەر عێــــراق لــــه ســــاڵی1981

بۆسـەر(كۆمـەڵگای كوره ئەتۆمیـەكانی عێـراق) كـه

بەشێكی كەمیشی دروستكرابوو، ئێـران لەسـەرئەوه

كـاری كــردووه كـه بەرنامەكـەی لەیـەك جێگـادا

كۆنەبێتەوه بۆ ئەوەی له هەر هەڕەشەو هێرشـێك

بیپارێزێـــت‌و بـــەردەوامبێت لەســـەر بەرنامـــه

ئەتۆمییەكەی، ئەگەر یەكێك لەدەزگاكانی دوچاری

60 ڕاپۆرتەكان له بارەی گرنگی پێدانی زیاتر بەكاره ئەتۆمییەكانی ئێران **Andrew Koch, Jane's Defense weekly, June11**, 2003,p.2



www.pertwk.com

له كاتێكدا ئهم گهشهسهندنانه دهبێته مايهی دڵهڕاوكێ بهڵام مهترسی گهوره خۆی دهبينێتهوه لهوهدا كه لايهنی دهرهكی يارمهتی بهرنامه ئهتۆميهكهی ئێران بدات، تا ئێستا ههست بههيچ جۆره يارمهتييهكی دهرهكی ناكرێت، ئاستهمه لهم مهسهلهيه تێبگهين به پێی مێژووی گهشهكردنی چهكی ئهتۆمی، له ههموو حاڵهتهكاندا ئهو دهوڵهتانهی لهباری ئهتۆمی پێدهگهن پێويستيان به يارمهتی دهوڵهتانی تر ههيه، بۆنمونه ويلايهته



يهكگرتووهكانی ئهمريكا يارمهتی لهبهريتانياو كهنهداو پهنابهره ئهڵمانیو ئهوروپييهكان وهرگرت كه وڵاتهكهی خۆيان به زۆرو بههۆی هۆكاری سياسی جێهێشت، ويلايهته يهكگرتووهكان يارمهتی بهريتانيایداو فهرهنسايدا، فهرهنسا يارمهتی ئيسرائيليدا، ئيسرائيل يارمهتی ئهفريكای باشووريداو سيخوڕهكانی (پرۆژهی مانهاتن) يارمهتی يهكێتی شورهوياندا، يهكێتی سۆڤيهت يارمهتی چينيدا، چين يارمهتی پاكستانيدا، پاكستان يارمهتی كۆريای باكوريدا) بهپێی ئهم ريزبهندييه مێژوويه دهتوانين پێشبينی ئهوه بكهين كه كۆريای باكور يارمهتی ئێرانی دابێت، رهنگه ئێران لهم دهيهيهدا ببێته دهوڵهتێكی ئهتۆمی، ئهگهر بهرنامه ئهتۆميهكهی رانهگيرێت، بهڵگهی بههێز ههيه كه ئێران



www.pertwk.com

پریـــل‌و یۆنیـــوی ســـاڵی2003 گەشـــتە ئاسمانییەکانی ئێران بۆ (بیونگ یانگ) شەش جار دوبـارە بۆتـەوە[61] ئـەم ژمارەیـە زۆر لـە ژمـارەی گەشتەکانی رابردوو زیاترە کە لـە یـەك‌دووگەشت لەسـاڵێکدا تێناپـەڕێت، بارهـەڵگرە ئاسمانییـەکان ئاسایشـیان پـارێزراوترە، چـونکە لـە لایـەن پـاپۆڕە دەریاییەکانەوە پێشیان لێناگرێ، کۆریای باکور لـەم بـوارەدا ئـەزموونی زۆرە بەتایبـەت پـاش ئـەوەی کەشـتییەکی ئیسـپانی ڕێگـەی گـرت لـە پـایۆڕێکی کۆریای باکور کە موشەکی هەڵگرتبو بەرەو یەمـەن دەڕۆیشت لە کانونی یەکەمی2002 ، لەوە دەچێت ئێـران حـەز بـەو جـۆرە مجـازەفانـە بکـات چـونکە ئێران پایۆڕێکی بارهەڵگری لە ساڵی2003 نارد بـۆ

61 -فرۆکـەکانی ئـیران دەچـنە بـونگ یـانگ Kim Ki-tae, the korea times,june16 ,2003. 62-



کەنارەکانی (هایجو) لە کۆریای باکور کە دەکەوێتـە دوری (120)کـم لـە باشـوری" بیـونگ یـانگ" بـۆ هـەڵگرتنی موشـەك‌و کەلوپـەلی سـەربازی. ڕەنگـە هەندێك لەوە سەری سوڕبمێنێ کـە کۆریـای بـاکور یارمەتی ئێرانی دابێت، چونکە کۆریـای بـاکور بـۆ خۆی زانیـاری لـەبارەی تـەکنیکی موشـەك‌و چـەکی ئـەتۆمی‌و مـاددە پێویسـتەکانی ئەتۆمـەوە کەمـە چ جای ئـەوەی بیفرۆشـێت، پێشتر تـەکنیکی موشـەکی ئاڵوگۆڕکردوە بە تەکنیکی ئەتۆمی لەگەڵ پاکستان. کۆریـای بـاکورو ئێـران مێژویـەکی دورودرێـژیان هەیـە لـە هاوکـاری کردنـی یـەکتری، کۆریـای بـاکور یارمەتی ئێرانیدا بۆ پەرەپێدانی موشەکی" شـهاب-3"کـە دەتوانێـت بگاتـەئـیسـرائیل[62] ئـەمریکا گرنگـی زۆردەدات بـەو دەزگایانـەی کەلـە نزیـك"

62 Zeer Schiff, haaratz, june18, 2003, wwwhaaret.com



www.pertwk.com

کـــه دەکەوێتـــه دوری

(250)کـــم لـــه باشـــوری تـــاران‌و بـــەکاردێت بـــۆ بەرهەمهێنانی ئاوی قورس، (غلام رەزا ئاغا زادە) بەڕێوەبـەری بەرنامـەی وزەی ئـەتۆمی ئێـران لـە کۆنگرەی پێداچونەوە بە پەیمان‌نامەی ڕێگا گرتن لەبلاو بونەوەی چەکی ئەتۆمی لە 6 ئاياری3003 وتـــی: ( ئێـــران هەڵدەســـتێت بـــه دامەزرانـــدنی دەزگايـــەك بـــۆ بەرهـــەمهێنانی(40) ميگـــاوات يۆرانيۆمی پيتێنراو کە تايبەتەبە بەرهەمهێنانی ئـاوی قـورس، چاوەڕوان دەکرێـت کـه ئـەم (کـورە ئەتۆميانە ) لە ژێرچاودێری دەزگای نێو دەوڵەتی وزە بخرێتـــه گـــەڕ[63]، کـــه لـــه ســـاڵی2004

63 تۆمەتەکانی ئەمەریکا دژی بەرنامەی چەکەکانی ئێران kerr,p.47



دەستدەکرێت بە دروست کردنی، کە بـه کورەکانی ئێران بە لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی ناودەبرێ[64]

ئەو سوتەمەنییەی بـەکاردەهێنرێت لـەم جۆرە کـورە ئەتۆميانـەدا زۆربەکەڵکـە بۆبەرهـەمهێنانی مـاددەی (بلوتۆنيـۆم)، لـــه ڕاســـتيدا دەتوانرێـــت (8تـــا10) کغـــم لـــەو ماددەيـــە لـــە يـــەك ســـاڵدا بەرهـــــەمبهێنرێت، ئـــــەو ڕادەيـــــەش بەشـــــی بەرهـــەمهێنانی دوو چـــەکی ئـــەتۆمی دەکـــات لـــە ساڵێکدا، ئاوی قورس کە پرپـەتی لـە هايـدرۆجينی قورس دەتوانرێت بەکاربهێنرێ بۆ ئەو کورانەی کە مـــــادەی بلۆتۆنيـــــۆمی تايبـــــەت بـــــە چـــــەك بەرهەمـدەهێنن کـه پـاش چاکسـازی دەگۆڕدرێـت بەچـــەکی ئـــەتۆمی، تايبـــەت مەنـــدی کـــورە ئەتۆميـەکانی ئـاوی قـورس لەوەدايـە کەبـەکاردێت

64 ئاشکرا کردنی چالاکییە ئۆتۆمیەکانی ئێران Koch and ben-david,p.2



www.pertwk.com

وێڵە بەدوایدا، بەگوێرەی لێدوانی سەرۆك محمد خاتەمی لە شوباتی2003 دا، لەوەش زیاتر چاودێری یۆرانیۆمی سروشتی قورسترە لە چاودێری یۆرانیۆمی پیتێنراو.

لە 4 ئازاری 2003 دا حەسەن روحانی سکرتێری شورای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ڕایگەیاند کە ئێران خاوەنی کارگەی چاك کردنی یۆرانیۆمە کە لە ساڵی2003 دەستبەکاردەبێت، کارگەکە دەکەوێتە نزیکی شاری (ئەصفهان) لە دوری (450) کم لەتارانی پایتەخت، ئەم کارگەیە ئەو یۆرانیۆمی کانە نزیکەکانی (ساگاند) دەیگۆڕێت بۆ"دووەم ئۆکسیدی یۆرانیۆم" و" چوارەم فلۆرایدی یۆرانیۆم "و "شەشەم فلۆرایدی یۆرانیۆم "دواتر دەتوانرێ ئەم ماددانە



بگوستڕێتەوەبۆ (ناتانز) بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر چارەسەربکرێت بۆ پیتاندنی یۆرانیۆمی تایبەت بە چەك[65]، هەروەها دەتوانرێت دووەم ئۆکسیدی یۆرانیۆم بەکاربهێنرێت بۆ کارگەی ئە صفهان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی ئەتۆمی بۆ کورە ئەتۆمیە قورسەکانی ئاو لە (ئارك)، ئەو کورە ئەتۆمیانەی ڕوسیا دروستی کردون بەجۆرێکی خراپو ناتەواو بۆ (پیتاندنی یۆرانیۆم) لە بوشەهربە تواناترو سوکترن بەڵام کەمتر چالاکن لەبەرهەمهێنانی بلۆتۆنیۆم، کورە ئەتۆمیەکانی ئاوی قورس گەلێك باشترن.

ڕوسیا یارمەتی ئێرانی دا لە دروستکردنی دەزگای بوشەهر بەرامبەر (800) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، چاوەڕوان دەکرێت کەلە ساڵی2002 بە

65دەزگاکانی ئیران دەتوانن یورانیوم لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بەرهەم بهێنیت Reaters,march4,2003



www.pertwk.com

ی بوشەهر سود
دەگەیەنێ بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و دەبێتە هۆی پێگەیاندنی پسپۆڕو دەسکەوتنی زانیاری لە بەکارهێنانی کورە ئەتۆمییەکان و چاکردنیان، هەروەها گەشتن بە تەکنیکی بەکارهێنانی دوو فاقی کە ڕەنگە بگۆڕێت بۆ بەرنامەئەتۆمییەکەی ئێران. هەروەها دەتوانرێ کورەی ئەتۆمی دووەم لە کارگەی بوشەهر دروست بکرێت، بەو شێوەیە ڕوسیا دەستەبەری پێویستییەکانی دەکات ئەگەر ئێران سوتەمەنی بەکار هاتووی (بوشەهر) بنێرێت بۆ ڕوسیا، وپاش چاك کردنی لەکارگەی (مایاك) لە ڕوسیا، ئێران ڕەنگە هەمو سوتەمەنییەکە یان بەشێکی بە نرخێکی هەرزان بکرێتەوە، لەم نێوەدا ئەوەی ئەمریکای رازیکردوە ، رازینەبوونی ڕوسیایە



لەسەر فرۆشتنی سوتەمەنی بەکارگەی بوشەهر هەتا ئەوکاتەی ئێران رێکەوتن لەگەڵ (دەزگای نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆم) مۆردەکات و رێگە بە پشکنەرەکان دەدات سەردانی سەرجەم جێگاکان بکەن، نەك تەنها ئەو جێگایانەی ئێران ئاشکرای کردون، هەروەها ئێران رەزامەندی خۆی نیشان بدات لەسەر پشکنینی کتوپڕ. لە ئۆکتۆبری 2003 دا ئێران رازی بوو بەوداواکاریانەو بریاری راوەستاندنی بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆمیدا، ماوەتەوە ببینین کە ئایا ئێران ئەم بریارەی جێبەجێدەکات یان تەنها گەمە بەکات بکات .پێویستە ئەمریکا حکومەتی ئێران ناچاربکات کە دەست هەڵبگرێت لە هاوکاریکردنی رێکخراوە تیرۆریستەکان و ئاژاوەچیەکانی ئەفغانستان وبەرنامە ئەتۆمیەکەی رابگرێت ، کات



www.pertwk.com

ی کەم ببنەوە.

ئەوەی کە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران ئالۆز دەکات بەرنامەی ئەتۆمی کۆریای باکورە، زۆر پێویستە بەرنامەی کۆریای باکور ڕابگیرێت ئەگەر سنورێك بۆ هەوڵەکانی (بیونگ یانگ) دانەنرێ، کۆریای باشور دەتوانێت ئەو تەکنیکە بە ئێران بفرۆشێت بەو جۆرەبەرنامەی ئەتۆمی کۆریای باکور هاریکاری ئێران دەبێت بۆئەوەی بەئاسانی چەکی ئەتۆمی چنگ بکەوێت.

خۆشبەختانە ئەو بنکانەی لەعێراق دروستکراون سودی زۆرگەورە یان دەبێت لە



ڕووبەڕووبونەی ئێراندا، عێراق ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە کۆریای باشور بەڕوی کۆریای باکوردا دەیگێڕێت، لەڕووی پێشکەشکردنی شوێن بۆ کۆکردنەوەی هێزو بلاوەپێکردنی دژی دوژمن. بە دڵنیاییەوە ڕووبەڕووبونەوەی ئێران ئەوە ناگەیەنێت کە داگیر بکرێت، یان گورزی سەربازی لێبوەشێنرێت. ڕزگارکردنی عێراق هێندەی ئاستەنگتێدا بوو ئەبێت ئێران چۆن بێت کە ترسناكو گەورەترە بەڵام ناتوانین داگیرکردنو هێرشی سەربازی بەدوربگرین ، ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا هێزی پێویستی هەیە بۆ هەرچالاكیەکی لەو جۆرە، بەڵام هەڵبژاردنی گونجاوتر ئەوەیە کە ئیسرائیل لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بدات چونکە ئەگەر گورز لەو دەزگایانە بوەشێنێت مەترسییەکی گەورە لە



www.pertwk.com

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەتوانێت ژێر بەژێر ڕەزامەندی ئەو دوو دەوڵەتەی بۆ فەراهەم بکات، بە مەبەستی کردنەوەی بوارەی ئاسمانی بەروی فرۆکەکانیدا ، ئیسرائیل لەپاڵ هێرشی فرۆکەکانیدا توانای بەکارهێنانی هێزی مۆسادی نهێنی هەیە بۆ دڵنیابون لە تێکوپێك شکاندنی دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران[66] . هێرشی

[66] دەسکەوینی بەڵگەنامە لە بارەی ئیران لەلایەن کارمەندێکی گەورە لەمۆساد Haatretz,september4.2003



ئیسرائیل بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، کارەکە لە کۆڵ ئەمریکا دەکاتەوەو فرسەتی بۆ دروست دەکات تا زیاتر سەرقاڵی گرنگی دانبێت بە چەسپاندنی ئارامی لە هەندێك ناوچەی عێراق‌و ڕوبەروبونەوەی چاوەڕوانکراو لەگەڵ کۆریای باشور. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆریا بە مەترسیەکی گەورەتر دادەنێت بە هۆی سروشتی حوکمڕانی (بیونگ یانگ)، ئەگەری بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ڕۆژ بەڕۆژ زیادەکات ،

زەمەن خێرا تێدەپەڕێت هەربۆیە مەترسی ئێران بۆ سەر ئەمریکا کەمترە ، بەڵام بۆ ئیسرائیل مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە . دابەشکرنی ئەرکەکان بە جۆرێك کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبسێت بە ڕووبەڕووبونەوەی کۆریای باکورو، ئیسرائیل دامەزراوە ئەتۆمییەکەی



www.pertwk.com

ناڕەزایەتی دەردەبڕێ بەرامبەر ئەو هێرشەی ئیسرائیل. هەروەك ئەوهەلوێستەی لە ساڵی1981دا گرتیەبەر، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی باوەڕپێهێنەرانە دەتوانێ تێوە گلانی خۆی لەم چالاکییەی ئیسرائیل ڕەتبکاتەوە. لە کاتێك کە چەکی ئەتۆمیو موشەکەکانی ئێران هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل پێکدەهێنێت، بە دڵنیاییەوە زۆر



لە وڵاتە ئیسلامییەکان پێیان وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەڕوی تورەیی جیهانی ئیسلام نابێتەوە ئەگەر ئیسرائیل بەوکارە هەڵبستێت .

سودێکی دیکەی ئەم کار دابەشکردنە کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە هێرشی ئیسرائیل مەترسی تۆلەکردنەوەی ئێران لە دژی بارهەڵگرە نەوتەکانی کەنداو کەم دەکاتەوە، نقوم کردن یان تێكو پێکشکاندنی بارهەڵگرەکانی نەوت دەبێتە هۆی نەڕۆشتنە دەرەوەی نەوت لە کەنداوەوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە لە ئێران چاوەڕوان دەکرێت وەك میکانیزمێکی سەرەکی لە تۆڵە سەندنەوە لە ئەمریکا ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی[67] ، دەوڵەتانی کەنداوی

67 دانەر لەم ڕووەوە پێی وایە کە تۆڵە چاوەڕوانکراوی ئێران کاریگەر دەبێت بە,OwenR .Cot



www.pertwk.com

دەكات لە هێرش كردنە سەر ئێران .

ئێـران لـە ماوەیـەمی كـورتدا یـان لـە كاتـژمێرو ڕۆژو هەفتـــەكانی یەكـــەمی ڕووبەڕووبونەوەكـــەدا دەتوانیـــت كۆتوبەنـــدی تونـــد دابنێـــت لەســـەر گواستنەوەی نـەوت لە كەنـداودا، لـە بەنـدەرەكانی بـەحرەین، عێـراق، كویـت، قەتـەر، عەرەبسـتانی سعودیـیەو ئیمـاراتـی عـەرەبی بـۆ خراپتركردنـی دۆخەكـەش رەنكـە ئێـران ڕێـژەی هـەناردنی نـەوت كـەم بكاتـەوە ، بـەلاَم لـەو ماوەیـەدا كەشـتـیـیـە



جـەنگـییـەكانی ئـەمریكا ڕەنگـە بتـوانن سـەرجەم بنكەكانی هەڵدانی موشەكو هێزی ئاسمـانی ئێـران تێكو پێك پشكێنن، بـەلاَم ئـەم زیانـەی كـە بـەر ئێران دەكـەوێت لـەو زیانانـە كـەم ناكاتـەوە كەبـەر ئــابوری جیهــان دەكــەوێت، كەنـــداو سەرچــاوەی سـەرەكی نەوتـە، ڕۆژانـە (13.6) ملیـۆن بـەرمیل نــەوت لــە نۆكەنــدی هورمــوزە وە تێدەپــەڕێت، ئەگەر سەیری ڕێژەی هـەر ساڵێك بكـەین دەبیـنین كـە پێـنج بـەشی نـەوتی جیهـان لـەم نۆكەنـدەوە بـەرەو ئاسـیاو ئـەوروپاو ویلایەتـە یـەكگرتووەكان دەڕوات. ئێـران خـاوەنی كـەنارێكی دورو درێـژە كـە دەتوانێـت هێرشـەكانی لێـوە ئەنجامبـدات، ئێـران بەسـەر نزیكـەی(34)میـل لـە نۆكەنـدی هورمـزدا بالاَدەسـتـەو هەرسـێ دورگـەی (ئەبوموسـا، تـەنبی گەورە، تەنبی بچوكی)ی لەژێر دەستدایە، كەشتییە



www.pertwk.com

لەبەرچەند

هۆیەك:-

1- جوگرافیای ناوچەکەو توانای کەشتی دەریای لەسەر مانۆرکردن، مانەوەی کەشتییەکانیش لەسەردەریاو ژێر ئاودا سنوردارە، ئەمانە جکەلەژمارەی کەمی کەشتی دەریایی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تەنانەت چەکی ئاسمانی کەبتوانرێ بلاۆبکرێتەوە لەم ئەرکەدا.

2- ئەگەر ڕوبەروبونەوە لە نێوان ئێرانو ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕویدا، کەنداوی فارسی دەبێتە ناوچەیەك مەترسی بۆ کەشتیوانە مەدەنیو سەربازییەکان، بە دڵنیاییەوە شوێنی ئەو کەشتیانە دیاری دەکرێت، موشەك بارانەدەکرێت،



ئەگەر سەرجەم موشەکەکانیش ئامانجەکانیان نەپێکن ئەوە بە دڵنیایەوە هەندێکیان دەیپێکن، ئەگەر ئاگادار بین لەوئەنجامەی کە پەیوەندی هەیە بە"دڵنیاییەوە –التأمین"و نرخی نەوتو کاریگەریەکانی لەسەر ڕۆژئاواو یابان دەیبێت کارێکی لەو شێوەیە هاندەر نابێت، ئەو ڕادارانەی لەسەر کەشتییەکان هەن تەنها کاتێك دەتوانن موشەکەکان دەستنیشان بکەن کە ئاسۆ تێپەردەبێت، ئەگەر بیرمان لە خێرایی موشەکەکە کردەوە ئەوا کەشتیەکان کاتی پێویستیان نابێت بۆ لێدانی موشەکەکانو تێکشکاندنیان، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بیرمان لەوە نەکردەوە کە چەند موشەکێك بگرێتە یەك ئامانج.

3- ڕەنگە لە ناوچەکە هێزێکی کەمی لێبێت کە پالپشتی کەشتیە بارهەلگری فرۆکەکان بکەن،



www.pertwk.com

ێی

ئاسمانی سنوردار دەبێت، جێگەی متمانەش نییە دەوڵەتانی ناوچەکە ڕێگە بەوە دەدەن کە سەرچاوەکانی هێزی ئاسمانی دیکە هەڵسن بە لێدانی ئامانجە ئێرانیەکان هێرش بۆ سەر ئێران مەترسی زۆر بۆ سەر ئیسرائیل پێکدەهێنێت، بە هۆی نەبونی هاوسەنگی هێزی سەربازی پێشبینی ئەوە ناکرێت کەئێرانیەکان، هێرشێکی ئاسمانی بکەنە سەر ئیسرائیل، بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمەش ڕویدا ئەوە هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل دەتوانێت ڕوبەروی ببنەوە، پێشبینی گەورە ئەوەیە کە ئێران ڕێکخراوی حەماس‌و جهادی ئیسلامی فەلەستینی‌و حزب اللە بەکاربهێنێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هێرشەکان، بەڵام ئەوەی ئەو



هەوڵە شکست پێدەهێنێ بێتوانایی ئەوگروپانەیە لە پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست، ئەوەش روون نیە کە ئێران بتوانێت ئەو گروپانە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بەکاربهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ڕێکخراوی حماس‌و جهادی ئیسلامی فەلەستینی کەوتونەتە ژێر گوشاری هێزی ئاسایشی ئیسرائیل بەو پێیەی هەردووکیان ڕێکخراوی تیرۆریستین. سەبارەت بەحزب اللەی لوبنان ئەوە زۆر لێی رادەوەستێ پێش ئەوەی ملکەچی تاران ببێت، چونکە ناخوازن بچنە ژێرچاوی هێزی سەربازی ئەمریکاوە، مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت ... پێویستە کردەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ ئەنجام نەدرێت، پێویستە ئەمریکا سەرەتا فشاری دبلۆماسی‌و ئابووری بخاتە سەر ئێران، ئەوەش ئێستا پیادەدەکرێت ، ئەمریکا



www.pertwk.com

بە پێچەوانەوە ئەم شێوازە سەرکەوتوو بوو لەڕازی کردنی یابانییەکان، یابانییەکان هەڕەشەی ئەوەیان لە ئێران کرد کەڕێکەوتننامەی نێوانیان هەڵدەوەشێنەوە کە بەبڕی(2)بلیۆن دۆلار لە نێوانیان ئیمزا کراوە بۆ گەشەپێدانی بەشێك لە کانەکانی نەوت لە (ئازاد جان) لە ناوچەی (خۆراسان) کە گەورەترین کانە نەوتییەکانی ئێرانەو (26) بلیۆن بەرمیل نەوت لە خۆ دەگرێت.

پێویستە یارمەتی نهێنی بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە ناوخۆو دەرەوەی ئێران



زیاد بکرێت بۆ بەردەوام بوونو گەیشتن بەڕوخانێکی نمونەیی‌و خێرای ڕژێمی ئێستا، بەڵام ئەمە دوورە لەگەڵ ئەوەدا کە یارمەتی دانی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان گرنگە چونکە دەبێتە سەرچاوەی گرنگی زانیاری نهێنی‌و سەرکردەکانی پاش ڕووخانی ڕژێمن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت هێز بەکاربهێنێ ئەگەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان نەیانتوانی رژێم بروخێنن بەوخێراییەی ساڵی 1979نیشانیاندا، یان کاتێك هەوڵە دبلوماسی‌و فشارە ئابورییە قورسەکان ئامانجە خواستراوەکانیان بەدەست نەهێنا.

باشتر وایە ڕێگاکانی دیکە سەرکەوتوو بن لە ئاساییکردنەوەی باروودۆخ چونکە ناچارکردنی ئێران یا لەڕێگای هەرەشەی سەربازییەوە دەبێت یاخود بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی. چونکە



www.pertwk.com

كـات تـەنگی هەڵچـنیوە بـە ئـەمریكا، سـەرەڕای ئەمانــە، پێویســتە ویلایەتــە یــەكگرتووەكانی ئەمـەریكا بەرنامـەی ئـەتۆمی ئـیران لەساڵی2005 بوەسـتێنێتو دەبێـت كاتیشـی بۆدیـاری بكـا. ئەگەرلەگــەڵ ســاڵی2005دابەرنامــەی ئــەتۆمی رانەگیرائــەوا پێویســتە ئــەمریكا هێــرش بكاتــە سەردەزگا ئەتۆمییەكانی ئێران ، هەروەك هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر عێـراق، لەهەمانكاتـدا پێویستە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا گرنگی بدات بە، بەرنامــە ئەتۆمیەكـەی كوریـای باشـور، ئەگـەر وادابنــێبن كــەكوریای باشــور خــاوەنی چــەكی ئەتۆمییـەوئیران خـاوەنی ئـەو چـەكە نییـە ئـەوە مامەڵـە كردنـی سـەربازی لەگـەڵ كوریـای باشـور دەبێت ببێتە ئەجندای یەكەمی كردەوەكان ، هەتا ئەگـەر راگرتنـی بەرنامــە ئەتۆمیــەكانی ئــیران



وایخواسـت حكومـەتی ئـەو ولاَتـە بروخێنرێـت، گۆرانكاری دەسـتكردی سروشـتێكی قورسـی هەیـەو پێشـبینی ئـەنجامـەكانی ناكرێت، ڕەنگـە ببێتـە هـۆی پێكهێنـانی حكومـەتێكی دیموكراسـی یـان بەتەواوەتی بە پێچەوانەوە، ئەگەر گۆڕینی رژێمی ئێران سەركەوتنی بەدەستهێنا ئـەو كاتـە ویلایەتـە یەكگرتووەكان بەرپرسیار دەبیت لەبەرامبەر گشت خەڵكـدا لەناوچـەكە، هـەر تێـڕوانینێكیش بـۆ حكومەتی نوێ وەك حكومـەتێكی كارتۆنی دەبێتـە هـۆی روخانـدنی[68] ، گرنـك ئەوەیـە ئەمـەریكا نەبێتە تەوەرەی باس لەلایەن هیچ گروپێكەوە كـە نارەزایەتی بەرامبەر حكومەتەكان هەبێت[69] ،

[68] دەرسە وەرگیراوەكان لە ئیران Barry Raben ,the Washington Quarterly,VOI.26,3,sammer 2003,pp.109-119

[69] Rubin,op.cit,p.114



www.pertwk.com

لــــەبارەی ســــوریاوە، پێویســــتە ویلایەتــــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشاری بخاتــە ســەرســوریا بــۆ ئــەوەی: کۆتــایی بــە پشــتگیری کــردن لــە تیرۆریســــتان بهێنێــــتو ئیــــدارەی گروپــــە تیرۆریستەکان لەسوریا دەربکات، تونـدوتۆڵکردنی سـنورەکانی لەگـەڵ عێـراق، وازهێنـان لـە چـەکە کۆکوژەکان ئەگـەر هـەبیت. لـەم بارەیـەوە جێگـری وەزیـری بـەرگری ئەمـەریکا "بـول وولفـویتز"لـە ئەپری‌لی 2003 هەرەشـەی لـە سوریا کـردو وتـی: (پێویستە رژێمی دەسەلاَتداری سوریا بگۆڕێت )[70] ، پاش مانگێك وولفویتز دوبارە وتی :(ئەم نامەیە ئاراســتەیە بــۆ ســوریاو ئــیران، دەســهەلگرن لــە دەستتێوەردان لـە هـەموو شـتێك، ئـەمە داواکاری

[70] ئەمەریکا گرنگی بە سوریا دەدات.
Quoted in Ribin hughes,janes,Defence weekly,April23,2003,p.27



یەکەمە ...مەبنە هۆی ئاژاوەنانەوە لە عێراق )[71] ، لەگەڵ ئەم هەڕەشەو ئاگاداریـەی (وولفـویتز) بـە ماوەیـەکی کـەم زمـانی ئیـدارەی ئەمـەریکا کـەمێك گـۆڕانی بەسـەردا هـات، حکومـەتی بەشـار بـوو بـەهاوکاری جـەنگی دژە تـیرۆر، سـوریا هاوکـاری ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی کــرد لــە دەستنیشــان کردنی شوێنی پیاوانی هەواڵگری نهێنی ڕێکخراوی قاعیدە بەتایبەت (محمد حیدر زمار) ئـەو کەسـەی کـە گومانــدەکرێت (محمــد عــەتا)ی ســەرکردەی هێرشـی 11ی سـبتەمبەر رایسـپاردبێت، هـەروەها سوریا هاوکاری واشنتۆنی کرد بـە پێدانی زانیـاری نهێنی کە باوەڕوایە بوبێتە هـۆی پوچـەڵکردنەوەی

[71] جێگری وەزیری بەرگری لەبول وولفوتین — چاوپێکەوین لەگەڵ دافید ئیناپتوس
TheWashingtonpost,may8,2003 http:Iidod.mil\transcirpts\2003



www.pertwk.com

لە یولیوی2003 هەندێك لە هێزە سەربازیەكانی سوریا لەناوچەی (بترون وعەگار) لەباكوری لوبنان پاشەكشەیان كرد بۆ سوریا ، هەروەها نزیكەی 1000 سەربازی دیكەش لە گەڕەكەكانی خلدەو عرمون لە بیروت پاشە كشەیان كرد، هەروەها دەستی هەڵگرت لە پاڵپشتكردنی پارتی كرێكارانی كوردستان لەژێر فشاری سەربازی توركیادا سەرەڕای ئەو هاوكاریانەی دیمشق پێشكەشی واشنتۆنی كردوە بەڵام سوریا لە تێگەیشتن لە بارودۆخی ستراتیژی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شكستی هێنا چونكە پێویستە زۆر هەنگاوی دیكە بنێین بۆ ڕازی كردنی ئەمەریكا، ئەمەش دەرئەنجامی پشتگیری كردنێتی



لە عێراق لە كاتی جەنگەكەدا ، سوریا تاكە رێگەی تێپەر بوونی چەك بوو بۆ عێراق پێش جەنگ ودوای جەنگ.گومان هەیە لە بارەی گواستنەوەی موشەكی دژە تانكی جۆری (gornet-e)روسی لەرێگەی سوریاوە بۆ عێراق هەرچەندە هیچ بەلگەیەك لە بارەی بڕی ئەم موشەكانە لە عێراق تا تەموزی 2003 لە بەردەست نیە، بەڵام بەلگە لەبارەی بونی دوربین جۆری gps وزیاد كردنی وزەی تانك ( T-12-TL-2)[72] ، لە28 ئازاری 2003 لە كاتی جەنگەكەدا (رامسفیلد) ڕایگەیاند كەئامێری دوربینی شەوانە لە سوریاوە هاتۆتە عێراقو داوای لە دیمشق كرد كە هاتنی چەك ڕابگرن ورۆژی 3ی نیسانیش ئەم داوایەی دوبارە كردەوە پاش ئەوەی بەهۆی روخانی رژێمی

[72] ئەمەریكا گرنگی دەدات بە سوریا Hag hes,p.z3



www.pertwk.com

## سوريا دەرگاى ولاَتەكەى والآكرد

لەبەردەم بەرپرسە گەورە عێراقیەكان بە تایبەت ئەو كەسانەى كە دەتوانن سوریا تێوە بگلێنن، لەوەش زیاتر سوریا ڕێگەى بە مجاهیدە عەرەبەكان دا كە پالَپشتى (صەدام حسین ) دەكەن بێنە ناو عێراقەوە بۆ بەرگرى كردن لە رژێمە ڕوخاوەكەى .سوریا لە سەر ئەم كردەوەیەى تادواى جەنگیش بەردەوام بوو لەكاتى پرۆسەى رزگارى عێراقدا راپۆرتەكان ئاماژەیان بوە كرد كە سەدان چەكدارلە سوریاوە هاتونەتە عێراق بۆ هێرش بردنە سەر هێزەكانى ئەمەریكاو عێراقیە هاوپەیمانەكانى ئەمریكا، ئەم چەكدارانە سودیان لە سوریا بینیوە وەك حەشارگە[73] . دوو داواكارى

73ڕەنگە ئەمەریكا بیر لە بەكارهێنانى هێزبكاتەوە دژى سوریا
Shlom amer,taaretz, june20,2003



سەرەكى هەیە كە بەوانە كۆتاى بە پالَپشتى سوریا دێت بۆ گروپە تیرۆریستەكانو، وەستاندنى بەرنامەى موشەكىوچەكە كۆكوژەكان، سوریا ماوەیەكى زۆرە پارمەتى بالَى چەكدارى (حزب الله)ى لوبنانى لە (بیقاع) دەدات وەك هەولێك بۆ نكۆلَى كردن لە بوونى ئاسایش بە درێژاى سنوورى باكورى ئیسرائیل[74] ویلایەتە یەكگرتووەكانى ئەمەریكا فشارى خستە سەر سوریا بۆ داخستنى نوسینگەكانى حزب اللە ورێكخراوە تیرۆریستە فەلەستینیەكان لە دیمشقو راگرتنى یارمەتیەكانیان، ئەم رێكخراوانە بریتین لە (حزبى ئەبو موسا، كروپى ئەحمەد جبریل ، حماس، جهادى ئیسلامى، بەرەى گەل بۆرزگارى

74 پێناسەیەكى ئیستسنائى بۆ دنیابینى حیزب الله هەیە لەكتێبى (حزب اللە –سیاسەت ودین)ى ئەمەل سعید غریب. Sterling ,VA:plutopress,2003.



www.pertwk.com

، سـوريا ئـەم

داواكاريانەی تائيستا جێبەجی نەكردووە، ئەمريكا، سـوريا بـەخـاوەنی چـەكی كيميـاویو بـايلوجی لەقەڵەم دەدات وبەوەتاوانباری دەكات كە گەشە بە موشەكە كورت هاوێژەكانی جۆری (سكودB-سكود C-سكودD)دەدات كە دوريەكەی دەگاتـە 300كم و550كم و506كم و)و يارمـەتی لـەچين، ئـيران، كوريـای باشـورو روسـيا وەردەگرێـت ، هـەروەها سـوريا ئەنـدامی پروتوكـولی جنيفـی سـاڵی 1925 نيـە كە ڕێگـە لـە بـەكارهێنانی چـەكی كيميـاویو بايلوجی دەگرێت لـە كـاتی جەنگدا، ئاشكراشـە كـە سـوريا 30 سـاڵە خـاوەنی چـەكی كيميايـيـەو گـازی خـەردەلی لـە ميسـر وەرگرتـووەو خـاوەنی مـادەی (سارين، سيانيدو گازی عەسابی) 77ی هەيە كە لە



سۆڤيەت وەرگرتوە كە ئيستا لە كارگەكانی دمشقو حمص بەرهەم دەهێنرێت [75]

گومانی ئـەوە هەيـە كـە سـوريا خـەريكی گەشـە پێـدانی چـەكی بـايلوجييـە هەرچـەندە بەڵگـەی پێويسـت لـە بەردەسـتدا نييـە كـە سـوريا چـەكی بايلوجی بەرهەم هێنابێت [76] سوريا لەساڵی 1972 ڕێكەوتنامـەی تايبـەت بـە بـەكارنـەهێنانی چـەكی ژەهـراوی وبـايلوجی واژوكـردوە، بـەڵام جێبـەجێی نـەكردووە مـادەی (بوتاسـيوم، زيگـان، رايسـين، كلـوليراو وجـەمرەی خـەبيسـە) ی، بـە يارمـەتی روسـيا پـەرە پێـداوە، بـە پێچـەوانەی ئيرانـەوە، ويلايەتـە يـەكگرتووەكانی ئەمـەريكا دەتوانيـت

75 پەلەی روناكی ئەمەريكا لەسەر سوريا Hughes,p.22 ولەبارەی توانا نائاساييەكانی سوريا بڕوانە (المكر،الفاز،والجراثيم)اسلحه سوريا الساسيه.

76 چـەكە كۆكوژەكـانی سـوريا wade boese,arms control today,vol .33,no.4,may2003,p.32.



www.pertwk.com

بەڵام مەسەلەکە

لەگەڵ سوریا دەبێت لەوە واوەتر بڕوات کە تەنها گروپە تیرۆریستەکان لە دیمشق دەربکاتو کۆتای بەهاوکاری حزب اللە بهێنێتو نەبێتە کەناڵی ئێران بۆ پشتگیری ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە. پێویستە حزب اللە لاواز بکرێت بەڵام لەهەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێت وورد بین بێت لەوەدا کە ڕێکخراوی قاعیدە جێگای حزب اللە لە باشوری لوبنان نەگرێتەوە، گونجاوترین بارودۆخ ئەوەیە کە حکومەتی لوبنان دەسەڵاتی هەبێت بەسەر سەرجەم لوبناندا ، بەهەرێمی باشوریشەوە، ئەم کارەش بەبێ پاشەکشەی سوریا لە لوبنان مەحاڵە



ئەنجامبدرێت•، پێویستە ئەمە لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت کاتێك حکومەتی لوبنان بتوانێت دەسەلاتی خۆی بسەپێنێو دڵنیابێت کە ڕێکخراوی قاعیدە یان هەر ڕێکخراوێکی هاوشێوەی ئەو ڕێگا نادۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەلوبنان نیشتەجێ ببێت پێویستە خاڵی سەرەکیو یەکەمی ئەمەریکا کۆتایهێنانی هاوکاری سوریا بێت بۆ حزب اللە ،هەروەها باشترە کە ئەمەریکا بتوانیت سوریا ملکەچ بکات بۆ وەستاندنی پەرەپێدانی چەکی کۆکوژو، ڕێگە بە پشکنێرە نێو دەوڵەتییەکان بدات لەم بارەیەوە دڵنیا ببنەوە.

لەگەڵ گرنگی زۆری بالادەست بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکە واباشترە کە ئەمەریکا هەنگاوی نوێ

• سوریا لە 26 مایسی 2005 پاشەکشەی کرد ، پاش دەرچونی بریاری 1559ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە تایبەت بوو بە پاشەکشەی سوریا لە لوبنان (وەرگێر)



www.pertwk.com

## هەرەشە تیرۆریستیەکان - قاعیدەو حزب الله

هەرەشەکانی ڕێکخراوی (قاعیـدە)، لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چ لەناوخۆی ئـەمریکا چ بـۆ سـەر بەرژەوەنـدیو هێزەکـانی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە هەڕەشـەیەکی مـەزن دادەنرێـت. بـە



www.pertwk.com

،

**هـەروەها وتـی: هەرەشـە سـەرەکیەکانی سـەدەی بیسـتویەك جیـاوازە لەهەرەشـەکانی سـەدەی بیستەم، ئەو ولأتانەی هەڕەشە لە ئەمەریکا دەکەن خاوەنی چەکی کۆکوژنو پەیوەندییان بە گروپە تیرۆریستەکانەوە هەیە، ناوچە هەیە لە جیهاندا کە خاوەنی هیچ حکومەتێك نیەو، دەبێتە لانکەی گەشەکردنی گروپە تیرۆریستیەکان وەك ڕێکخراوی قاعیـدە[77]. بـەلأم دەتـوانین ئـەوە بلـێین کـە هەڕەشـەکانی هەنـدێك ولأتـی وەك چـین ڕەنگـە هاوتـای هەرەشـەکانی سـەدەی بیسـتەم بنولـە هەڕەشـەکانی قاعیـدە گـەورەترە، بـەلأم لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا "رامسـفیلد" راسـتی کـرد لـە**

[77] کۆبونەوەی رامسفیلد لە هۆلی شارەوانی (خرج لـە سعودییە-هـۆلی ئـەمیر سـولتانی ئاسمـانی)| April 29,2003,www.defen selink.mil/tran scripts/2003.



**پەیوەنـد بـەم ساتە وەختـەوەی ئێسـتاوە، بـەلأم جـەنگ دژی (قاعیـدە) ئـەو هەلـە بـە ئەمـەریکا دەبەخشـێت کـە شـەرعیەت بداتـە بلأوبونـەوەی ئـەمریکا لـە رۆژهـەلأتی ناوەڕاسـت، تـەواو وەك ئـەوەی لـە ڕوداوی (بەنـدەری بـیرل) ڕویـداو ئـەو هەڕەشـــەیەی ســـۆڤیەت پێکیـــدەهێنا بوەهـــۆی شـەرعیەتدان بـە بـونی سـەربازی ئەمـەریکا لـە ئـەوروباو بـاکوری ئاسیا، بەهـەمان شێوە جـەنگی دژە تیرۆر شـەرعیەتی زیـاتر دەبەخشێت بـەبوونی سـەربازی ئەمـەریکا لـە رۆژهـەلأتی ناوەڕاسـت، لـە سـۆنگەی جــەنگ دژی ئــەو تیرۆریســتانەی بەرپرسیارن لـە هێرشـەکەی 11ی سـبتەمبەر ئـەم لێکدانەوەیـە شـەرعیەتی زیـاتر دەبخشـێت بـە فراوانخـوازی ئەمـەریکا لـەناوخۆی ئەمـەریکاو لای نوخبـەی ئـەمریکی، ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی**



www.pertwk.com

ی کرده

کارەساتێکی هاوشێوەی کارەساتی (بەندەری بیرل) بەڵام لێرەدا کارەسات هەلی فراوان بوونی بەرژەوەندییەکانو پێشخستنی ئیمپراتۆریەتەکەی دەرەخسێنێ .

ئەو جەنگەی حکومەتەکەی جورج بوش بەڕێوەی دەبات دژی تیرۆر، بەدرێژای دوو ساڵی رابردوو سەرکەوتنی گەورەو بەرچاوی بەدەستهێنا، بەئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا بۆ لە ڕەگەوە هەڵکێشانی ڕێکخراوی (قاعیدە)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوپەیمانیەتی کارتۆنی لەگەڵ دۆستە بەهێزەکانی وەك بەریتانیای مەزن وئوستراڵیاو هاوپەیمانە نوێکان هەیە کەگرنگی زۆریان هەیە وەك پاکستانو یەمەن، ئەم هاوپەیمانیەتیە روخاندنی



حکومەتی تالیبانی لە ئەفغانستانو خستنە ژێر فشاری ڕێکخراوی قاعیدە لەسەر تاسەری جیهاندا لێکەوتەوە. ئیدارەی بوش زۆر چالاکانە کاری کرد تا ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە هیچ حەشارگەو پەناگەیەك نەدۆزێتەوەو ژمارەیەکی زۆری لەئەندامە دێرینەکانی دەستگیر کردو پەشێوی خستە ناو شانەکانی لەسەرتاسەری دنیاو هێزە هاوپەیمانە تیرۆریستیەکانیانی بێهێز کردو تواناکانی لەچەکدارکردنی زیاتری تیرۆریستان کەم کردەوە، دەستی گرت بە سەر پارە بلوك كراوەکانیاندا، لە هەمووی گرنکتر ئەوە بوو کەرێگەی نەدا "قاعیدە" بێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیو وزەی بایلوجیو کیمیاوی. ئەمەریکا تەنها لە شکستپێهێنانی القاعیدە سەرنەکەوت بەڵکو شکستی هێنا، بەسەرجەم ئەو ڕێکخراوە



www.pertwk.com

ه چەپڕەوانەی لە ماوەی جەنگی ساردا هەبون وەك ڕێكخراوی ( wether underyvound) لە ویلایەتە یەكگرتووەكان، سوپای سوری یابان (باڵی سوپای سور لەئەڵمانیا، ئالأی سور لەئیتاليا، بەریتانیا جەنگی دژی (سوپای كۆماریخوازی ئیرلەندا ) كرد تا بەتەواوەتی لەكاری خست، هەروەها جەزائیریەكان سەركەوتن لە سەركوتكردنی (GIA )و ئیسرائیلیەكانیش وەك ئەردەنیەكان شكستیان هێنا بە (ڕێكخراوە رزگاریخوازی فەلەستین. میسریەكانیش (الاخوان المسلمین)و (بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی میصری)یان شكان، لەڕاستیدا نابێت لەچالاكیو كاریگەریو تواناكانی ڕێكخراوی قاعیدە كەمبكرێتەوە، قاعیدە خاوەنی توانایەكی گەورەیە بەلأم كەڵێنی زۆری تێدایە كە دەتوانێ شكستی



پێبهێنێ ، ئاماژە بەوە درا كە ئەم جەنگە درێژە دەخایەنێ ڕەنگە هێندەی جەنگی سارد بخایەنێتو سەركەوتنو شكست لە خۆ دەگرێت، ڕەنگە قائیدە بەو گورزانە كۆتایی نەیەت بەڵكو هەڵبوەشێتەوەو پەكی بكەوێت تا وردە وردە بەدەم ئازارەوە دەمرێت، لەگەڵ كۆرانكارییەكانی جیهانی ئیسلامیو عەرەبی تەنها وەك دەیناسورەكانی چاخە دێرینو سەرەتاییەكانی لێبێت یاخود بەدەردی(سوپای كۆماریخوازی ئیرلەندا) بچێت سەرەڕایئەوهەموو پێشكەوتنانەش بەلأم زۆر شتی كەدەبێت ئەنجام بدرێت بۆ شكست پێهێنانی قاعیدە وبەدیهێنانی سەركەوتن لە جەنگی دژە تیرۆر .لە بەرژەوەندی ئەمەریكا دابوو كە هەنگاوی راست هەڵبهێنی لەبەر ئەوەی چالاكانە هەوڵی دابۆ فشاردانان لەسەر كردەوەكانی ڕێكخراوی قاعیدە بۆ



www.pertwk.com

هەرچەندە ئیدارەی ئەمریکی سەرنجی نەچۆتە سەر هاوشێوە بوون لەگەڵ ئیسرائیل لە کوشتنی تیرۆریستان، بەڵام ئیسرائیل بەشێوەیەکی ڕاستو ڕەوا پشتی بەست بە کوشتنی بە ئەنقەست





www.pertwk.com

رۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات، ئیسرائیلییەکان گەشتونەت ئەوە ئەنجامەی ئەو شێوازە باشترین شێوازە بۆ ڕوبەروبونەوەی جەنگی گروپە تیرۆریستە



فەلەستینیەکان، ئێمە لە ئۆکتۆبری 2003 حاڵەتی کوشتنی بە ئەنقەستمان بینی لەکاتی هەوڵدانەدا بۆتەقاندنەوەی کەشتی U.S.SCOLE (کە چەند پلاندانەرێکی پرۆژەکانی لەیەمەن لە خۆگرتبوو، گومانی تێدا نییە حاڵەتی لەو شێوەیە لەو جەنگە دوورو درێژ دا زۆر دوبارە دەبێتەوە، هیچ کاتێ ڕێکخراوی قاعیدە هێندەی ئێستا دووچاری فشارە نەبۆتەوە، ئەم فشارە وردە وردە دەبێتە هۆی لاواز بونی، بۆ زیاتر لاوازکردنیشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات کە قاعیدە لەو لایەنانە دابڕێ کە دەوڵەتانی دیکە پشتگیریا دەکەن، ڕەنگە ئەم هاوکاریە ڕاستەوخۆ نەبێت وەك ئەو هاوکاریانەی لایەنگرەکانیان لە عەرەبستانی سعودی پێشکەشی دەکەن، ئەوە گرنگ نییە کە



www.pertwk.com

ئەم هاوكارییە چۆن ئەنجام دەدرێت بەڵكو گرنگ
ئەوەیە كۆتایی بەو هاوكارییانە بهێنرێ، تا قاعیدە
هیچ یارمەتییەك وەرنەگرێت یان هیچ مۆڵگەیەكی
نەبێت یان چەكی كۆكوژو ئەتۆمی چنگ
نەكەوێت. تەنانەت پێویستە ئەمریكا بەوردی
چاودێری هاوپەیمانەكانی خۆشی بكات لەم
جەنگەدا وەك پاكستان، بۆ رێگە گرتن لە هەر
هاوكارییەك كە لەو وڵاتەوە پێشكەش
بەلایەنگرانی قاعیدە بكرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی
زانایانی چەكە ئەتۆمییەكان یارمەتی ڕێكخراوی
قاعیدە نادەن، یەكەمین دەوڵەت كە هاوكاری
قاعیدەو پاشماوەكانی تالیبان دەكات ئێرانە،
ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە هاوكاری
كرنی ئێران بۆ قاعیدە بێدەنگە، ئێران كۆسپی
ڕاستەقینەی هەوڵەكانی ئەمریكایە بۆ كۆتایهێنان



بە هاوكارییەكانی قاعیدە كە دەبێت سنورێكی بۆ
دابنرێت، ڕەنگە لە ئایندەیەكی نزیكدا ئیدارەی
ئەمریكی دژی ئێران بجوڵێتەوە، ئەمریكا بە
دەنگێكی بەرز ئەوە ڕابگەیەنێت كە ئێستاكە ئێمە
دەیزانین، ئێران ڕێكخراوی قاعیدە داڵدەدەداو
هاوكاری زۆری دەكات... لە ڕاستیدا ئەگەر
بمانەوێ پێشبینی لەبارەی ئەوەوە بكەین كە
هەرسێ دەوڵەتی (تەوەریجەنگ) كامیان لە
پێشەوەن بەپێی پێوانەی هاوكاری ئەلقاعیدەو
تیرۆریستانی دیكە، ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی
كە ئێران لە پێشەوەی هەرسێ دەوڵەتەكەوەیەو
پێویستە هێرشی بكرێتە سەر تەنانەت پێش
عێراقو كۆریای باشوریش هەنگاوی دواتر كە
پێویستە ئیدارەی ئەمریكی بینێت فەرمانكردنە
بە ناوەندەكانی دەسەڵات كە بە شێوەیەكی جدی



www.pertwk.com

نەگ تەنها بە دروشم

لە ڕاستیدا حکومەتی ئەمریکا لە کاتی ڕوداوی 11ی سێپتەمبەر باشترین ڕۆڵەکانی هێنایە مەیدانی جەنگی دژە تیرۆرو پێویستە لەسەری کەبۆ ماوەیەکی دورو درێژ بەردەوامبێت، ڕەنگە بۆ (50) ساڵ ، لە ڕاستیدا کردەوەکانی دژە تیرۆر لە پێش 11 سێپتەمبەر بە پێی ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگری ناوەندیو نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیو ناوەندەکانی دیکە لە نزمترین حاڵەتدا بووە، چەند حاڵەتێکی دانسقە ئەبێت کە جێگای گرنگی زۆرینە نەبوو، دواجار بە بنبەست گەیشتووە، بەلام ئەو هەلۆیستە ئێستا گۆڕاوەو پێویستە هەنگاوەکان خێرا بکرێن... گۆڕینی دامو دەزگاکانیش لەئێستادا گرنگە وەك پێکهێنانی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوخۆ، بەلام ئەو نامەیەی



پێویستە ویلایەتەیەکگرتووەکان ئاڕاستەی جیهانی بکات ئەوەیە کە تیرۆر یەکێکە لەو دوو هەرەشەیەی کەڕوبەڕوی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێتەوە، هەرەشەی دووەمیش گەشەکردنی هێزی چینە، ئەگەر هەرەشەکانی چین ڕونتربێتەوە ئەوکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدا کە کەسانێك لەسەر ئاستی بەرز بەم ئەرکە گرنگە ڕاسپێرێ، لەسەرەتای جەنگی ساردا حکومەتی ئەمریکا ژمارەیەکی کەم پسپۆری هەبوولە کاروباری سۆڤیەتدا، لەگەڵ هاتنەکایەی ئەو بارودۆخەدا ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی خێرا گۆڕاو ڕوون بووەوە کە پسپۆر لەبواری سۆڤیەت تەنها ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، بەو شێوەیە زانکۆکانی ئەمریکا فراوان بونەوە بۆ فێربونی



www.pertwk.com

کاروباری سۆڤیەت بۆ
پرۆگرامەکانی زانکۆ زیادکران، هەروەها پیشەسازی دروست کردنی چەکی تایبەتی بۆ شەڕ کردن لە دژی سۆڤیەت بەرهەمهێنرا، دامودەزگای هەواڵگری تایبەت بۆ چاودێری سۆڤیەت پێکهێنرا، هەروەها لێکۆڵینەوە لەبارەی (سەرچاوەی ئایدیا)ی سۆڤیەت بە چڕی دەستی پێکرد ، دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لە نهێنییەکانی پەرەپێدانو گەشەکردنی حکومەتی سۆڤیەت لە هەموو زانستەکاندا.
ئەمڕۆش هەنگاوی هاوشێوە پێویستە بەڕووی دوژمنێکی نادیارو نامۆ بەحکومەتوگەلی ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەگەر سەیری تیرۆر بکەین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕوانگەیەکی گشتگیرترەوە، دوو جۆر لەڕێکخراوی تیرۆریستی بەدیدەکەین لەم ناوچەیەدا، هەموشیان کاریگەری



خراپیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە لەوانە (گروپە تیرۆریستە فەلەستینیەکان، حزب اللە، حەماس، جهادی ئیسلامی فەلەستینی) کەهەڕەشە بۆ ئیسرائیل پێکدەهێننو پێویستە لەناو ببرێن، بەڵام باشتر وایە ئیسرائیل خۆی بەو کارە هەڵبسێت نەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر دوو هۆ:

1- حماسو جیهادی ئیسلامی فەلەستینی لەڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە بەم کردەوە تیرۆریستانە هەڵدەستن، تائێستا پەیوەندییەکی گرنگیان بەڕێکخراوی قاعیدەوە نیە، بەڵام لە پەیوەند بە وەرگرتنی هاوکاری ئێرانو سوریا لەڕێگەی (حزب اللە)ەوە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشاری پێویست بخاتە سەر ئەو وڵاتانە بۆ کۆتایی هێنان بە هاوکاری



www.pertwk.com

ئیسلامی فەلەستینی تا ئێستا
دەست نابەن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چونکە ئەوان ئێستا هەڕەشەیەکی کەم بۆ ئیسرائیل پێکدەهێنن.

2- ئیسرائیلیەکان توانای ڕوبەروبونەوەی هەڕەشەکانی ئەم دوو گروپەیان هەیە گروپی (شین بت)ی ئیسرائیلی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ڕاگرتنی زۆربەی ئەو هێرشانەی دژی ئیسرائیل دەکرێن پێویستە هەوڵەکانی(شین بت) بە یەکێك لەسەرکەوتوترین شاڵاوەکانی دژە تیرۆر لە مێژودا دابنرێت هەرچەندە کەمترین دانپیانان هەیەلەبارەی ئەم جۆرە چالاکیانەی ئیسرائیلەوە، کاتێك ئیسرائیل سەرکەوتنی خۆی دەبینێت



لەسەرکوتکردنی ئەو گروپانەدا، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفی قبوڵکراو بۆ عەرەفات لەڕوی سیاسییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت هاوکاری پێشکەش بە ئیسرائیل بکات لە ململانێدا لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکان، ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام دەدەین:- بە پێچەوانەوەی حەماس یان جیهادی ئیسلامی فەلەستین، حزب الله هەڕەشەیەکی زۆر گرنگ پێك دەهێنێت بەهۆی تواناکانیەوە.تواناکانی (حزب الله) بە بەراورد لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکانی دیکە زیاترە، لەبەرئەوەی چەكو تەقەمەنی جەنگ لەئێرانو سوریا وەردەگرێت، چەندین جار چەکی ئێرانی لە سوریاوە گەشتۆتە حزب الله کە ئەم چەکانەی لە خۆگرتووە (24MM،6Zelzal- 2 SRBM) موشەکی



www.pertwk.com

سێ، فەجر پێنج) [78] بەڵام حزب الله زۆر هەوڵدەدات کە لە دەرەوەی ئەو گۆڕەپانە بێت کە ئەمریکا تێی دەڕوانێت چونکە حزب الله دەرك بەوە دەکات کە هەڵی ئیستسنائی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە بێتە پێشەوە پاش پرۆسەی ڕزگاری عێراق.

. ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا سی تۆمەتی خستۆتە پاڵ حزب الله:-

گومان هەیە لەبارەی پەیوەندی ڕێکخستنو جێبەجێ کردن لە نێوان حزب اللەو ڕێکخراوی قاعدە ئەگەر ئەم گومانە راست بێت ئەوکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خێرایو بەهێز دژی حزب الله دەجولێتەوە هەمان

[78] ئەمەریکا گرنگی دەدات بە سوریا Hag hes,p.23



خێراییو هێز کە ویلایەتە یەکگرتووەکان مامەڵەی پێدەکات لەگەڵ ئەو گروپانەی پەیوەندی توندو تۆڵیان لەگەڵ قاعیدە هەیە وەك گروپی (ئەبوسیاف)و بەرەی ڕزگاریخوازی مورۆی ئیسلامی لە فلیپین، بەڵگەش بۆ ئەمە دوپاتکردنەوەی تاوانبارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزب الله وقاعیدەو سۆزداریو هاوکاریان لە ئەرجەنتینو بەرازیلو پاراگوای، کە ژمارەیەکی زۆر پەنابەری لوبنانیو عەرەبی لێ دەژی بە هۆکاری سیاسی ئەم ناوچانە هاوسنورنو شوێنی بازرگانی چەكو ماددە بێهۆشکەرەکانن، لەو شوێنانە حزب الله پشگیری زۆری لێدەکرێت. سەرەڕای ئەوە یەکێکە لەگەورە تیرۆریستە داواکراوەکان لە لایەن نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکا، (عماد مەغنیە) لەو



www.pertwk.com

مەغینیە) پێشتر
بەکاری لەوجۆرە هەستاوە لە نێوان لقی هەواڵگری سەربازی حزب اللەو ئێرانو سوریا بەڵام هیچ بەڵگەیەکی تەواو نییە لەبارەی پەیوەندی بە قاعیدەوە.

هەندێك لە چاودێران پێیان وایە حزب الله لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ قاعیدە دەستکەوتی کەمی چنگ دەکەوێت، (ماتز فارن) لە زانکۆی ستۆکهۆلم کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە (حزب الله)ی کۆڵیوەتەوە دەڵێت (حزب الله) هیچی چنگ ناکەوێت ئەگەر لەگەڵ قاعیدە مامەڵە بکات بەڵکو وێنای خۆی ناشرین دەکات وەك بزتنەوەیەکی بەرپرسو



خاوەن پەیوەندی باش لەگەڵ حکومەتی لوبنانی
پەیوەندییەکانی لەگەڵ
سوریا ئاڵۆزدەبێت[79] سەرەڕای ئەوە تالیبانو قاعیدە ڕەشەکوژی‌یان بەرامبەر شیعەکان ئەنجام دا کە بوە مایەی توڕەیی هەریەك لە ئێرانو حزب الله.

حزب الله یەکێکە لە سەرەکی ترین ئەو لایەنانەی کە یارمەتی گروپە تیرۆریستەکانی فەلەستین دەدەن بەچەكو پارە وەك (حماس، جهادی ئیسلامی فەلەستین، بەرەی گەلی ڕزگاری فەلەستین، فەرماندەی گشتی) ئیسرائیلییەکان لەم بارەیەوە دەڵێن کە حزب الله بونی چەکداری لە (بەری ڕۆژئاواو غەزە هەیەو پردی پەیوەندی

[79] هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو هەڕەشانەی کە حیزب الله پێکیدەهێنێت
Qaotedin Anders streners berg,janes Intelligence review, march 2003 ,p.29.



www.pertwk.com

سەرەڕای نکوڵیکردنی حزب اللە[80]
لەم لێدوانانەی ئیسرائیل لەسەر زاری (عیماد عەلەمی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حەماس) کەلەم بارەیەوە وتی (سەلماندنی پەیوەندییەکی لەو شێوەبە لە نێوان قاعیدەو حزب اللەو سوریاو ئێران خەلاَتێکی گەورەیە کەئیسرائل چاوەڕوانی دەکات). بەلاَم هیچ پەیوەندییەکی لەوجۆرە لە ئارادا نییە[81] هەڵوێستە کردن لە بارەی پەیوندی قاعیدەو حزب اللە لەبونی ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی قاعیدە لە لوبنان سەرچاوەی وەرگرتووە، گروپی (عەصابەی ئەلنەهار) چالاکییەکانی لە ئۆردوگای پەنابەران ئەنجام

80 هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو هەڕەشەکان کە حیزب اللە پیکیدەهێنێت strind berg,p.26
81 هەمان سەرچاوەی پێشوو



دەدات کە نزیکەی (100000) کەسی تیادا دەژی لە نزیك صەیدا؟ لەوەدەچێت کە (200)ئەندامی سەربە تالیبان‌و قاعیدەیان لەنێواندابێت[82]. لە حوزەیرانی 2003دا گروپێکی تیرۆریست هێرشیان کردە سەر کەناڵی ئەو تەلەفزیۆنانەی کەخاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی لوبنان کەپەیوەندی توندو تۆڵی بە عەرەبستانی سعودییەوە هەیە، ئەم هێرشە بەهێرش کرنە سەر بەرژەوەندییەکانی سعودییە لێکدرایەوەو بوە هۆی دردۆنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەلەوە دەترسێت لوبنان‌و ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی (حزب اللە) دایە ببێتە حەشارگەی ڕێکخراوی قاعیدە.

82 جەنگاوەرەکانی رێکخراوی قاعیدە بنکەیەیان لەئۆردوگای پەنابەرە لوبنانیەکاندا هەیە Sunday telegraph june22,2003



www.pertwk.com

تەنانەت ئەگەر نکوڵی کردن لە پەیوەدنییەکان ڕاستیش بێت گومان لەوەدا نییە کە هەریەك لە حزب اللە وگروپە تیرۆریستەکانی فەلەستین ئیسرائیل بە دوژمنی سەرەکی دادەنێن ، ئەمەش گومان لەبارەی بونی هاوسۆزیو هاوکاری لە نێوانیاندا زیاد دەکات... حزب اللەو بەرەی ڕزگاری فەلەستین- فەرماندەی گشتی، لەگەڵ ڕاپەریندا باس لە پەیوەندی ستراتیژی نێوانیان دەکەن کە هاوکاری یەکتریان کردووە بۆ هێرش کردنە سەر ئامانجە ئیسرائیلییەکان لە باشوری لوبنان[83]

حزب اللە بە هەرەشەیەکی ڕاستەوخۆ دادەنرێت بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،

[83] هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو هەڕەشانەی حیزب الله پێکیدەهێنێت Strind bery, p.26



ئەم تۆمەتە کۆمەڵە لەلایەن سیناتۆری ئەمریکی (بوب گراهام) (D-EC) ئاراستەکرا کە (حزب اللە)ی بە (ڕێکخراوێکی ئیرهابی گەورەو چالاك و شەڕەنگێز لە جیهان) پێناسەکردو، وتی(ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ئەمریکا لە ساڵی1980وە بە دەست حزب اللە کوژراون، حزب اللە سەرپەرشتی شانەی تیرۆریستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە بۆ ئەوەی گورز بوەشێنێت لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[84].

ڕاستە حزب اللە ئەمریکی کوشتوەو چەندین شانەی تیرۆریستی لە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات... بەڵام هێرشە تیرۆریستییەکەی 11سێپتەمبەری مەحکوم کردو ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی ڕێکخراوی قاعیدە بە پشت بەستن بە

[84] هەمان سەرچاوە



www.pertwk.com

گومان هەیە کە ئەو کۆمەکەی لە ڕۆژئاواوە دەگات ڕێژەکەی کەمتر بوبێتەوە بەهۆی بەرزبونەوەی ئەو پارەیەی کە لە ماددە بێهۆشکەرەکانەوە دەست دەکەوێت. پێویستە ئەوانەی لە ماددە بێهۆشکەرەکان کاردەکەن لە ناوچەی باشوری لوبنان یارمەتی حزب الله بدەن لە گواستنەوەی چەكو تەقەمەنی جەنگی لە بەرامبەر بەرکاهێنانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حزب الله، لە کانونی یەکەمی 2002 ئیسرائیل ڕایگەیاند کە (9) ئیسرائیلی دەستگیر کراون کە بازرگانی بە ماددە بێهۆشکەرەکانەوە دەکەن، ئەو

---

85 -چالاکیەکانی حیزب الله لە هاوکاریکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان (تیرۆریستەکان لە ناوماندا دەژین2002,Steren Emerson,American dinad, new york, free press)



www.pertwk.com

لــه شــوباتی2003دا لایەنــه بەرپرســەکانی ئیسرائیل دەستگیر کردنی سێ کەسی ئیسرائیلیان ڕاگەیاند لەگەڵ سێ نیشتەجێی یەهودی لە گوندی (غەبر)کە باوەڕوایە هاوکاری حزب الله دەکەن ... یـەکێك لـە دەسـتگیرکراوەکان دانــی بــەوەدانا کــە دەمانچەو نەخشـەو وێنـەو زانیـاری داوە بـە حـزب

86 حزب الله دزەدەكات بۆ ئیسرائیل Daniel Sobelman, janes Intellingence Review,april 2003, pp.26-27



اللـــه بەرامبـــەر هێنـــانی بڕێـــك لـــه مـــاددە بێهۆشکەرەکان[87].

جهانبینینی حزب الله جیاوازی گرنگ دەکات لـە نێـوان سیاسـەتی بـەرگری لـە خـۆکردنو سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا لــە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەها جیاوازی دەکات لـە نێـــوان میللـــەتو حکومـــەتی ئـــەمریکا، لـــە ئــازاری2002 (حەسەن نەصــرالله) ئەمینــداری گشـتی حـزب اللـه وتـی دەسـتەواژەی (مـردن بـۆ ئەمریکا) واتا (مـردن بـۆ حکومـەتی ئـەمریکا) مـن مەبەسـتم گـەلی ئـەمریکا نییـە ... ئـەمریکا واتـە پـرۆژەی ئـەمریکا... ئـەمریکاش واتـە زایـۆنیزمی ئەمریکی[88] ئەگەر بڕوانینە بیری حزب الله ئـەوە

87هەمان سەرچاوە

88 سوریا پەیوەندییە توند وتۆڵەکانی خۆیلەگەڵ حزب الله دەپارێزێت سەرەڕای فشارەکانی ئەمەریکا Qaoedin Anders strindberg and mast wara ,janes Intelligenece Review,june 2003,p.23.



www.pertwk.com

ی هێرش کردنە سەر ئامانجە ئەمریکیەکان ئەگەرێکی دوورە، هەروەها هیچ بەڵگەیەك نییە کە حزب اللە هێرشی کردبێتە سەر ئامانجی ئەمریکی. بەڵام پێویستە لەسەر ئەمریکا کە چاودێری تواناکانی ومەسەلەی تێپەربوونی ماددە بیهۆشکەرەکان بکات لەوناوچانەی کەلە ژێر دەسەڵاتی (حزب اللە)دایە ئەوانە کێن کەبەویدا دەڕۆن؟ ئەوانەکێن کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حزب اللە نیشتەجێن، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوە دڵنیابێت کەحزب اللە هێلانەی لە خۆگرتنی ئەندامانی قاعیدە نییەو ئەو گروپە تیرۆریستە نین کەسەر بە قاعیدەن هەرچەندە ڕودانی ئەم مەسەلەیە هێشتا دوورە.



هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناخوازێت کە بازرگانانی ماددە بێهۆشکەرەکان باشوری لوبنان بکەنە ناوچەیەکی ئارام بۆ خۆیان، باشترین چارە ئەوەیە کە ئەمریکا وابکا حکومەتی لوبنان دەسەڵات پەیدا بکاتەوە بەسەر باشووری لوبناندا بەڵام ئەمریکا ناتوانێت ئەم کارە بکات لە کاتێکدا تیرۆریستان هێزەکەیان بپارێزنو حکومەتی لوبنانیش بەلاوازی بمێنێتەوە .

دوای تەواوبوونی ئەجندای ئەمریکای پەیوەندیدار به ئێرانەوە ڕەنگە ڕێگا خۆشبێت بۆ ئەوەی ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ لوبنان بۆبەهێز کردنی حکومەتی لوبنان بەجۆرێك کە سەرجەم ناوچەکانی لوبنان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی . گومانی تێدانیەکە (حزب اللە) هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئیسرائیل پێکدەهێنێت .. هەروەها



www.pertwk.com

وەدەنێت کە دوژمنایەتی ئیسرائیل بکات:-

یەکەم/ داگیر کردنی ئیسرائیل بۆ لوبنان...

حزب الله زیاد لە هەموو کەس هێرشی کردۆتە سەر ئیسرائیل لە لوبنان تاکو پاشەکشەی ئیسرائیل لە لوبنان لە ئایاری2000.

دووەم/ ئەو هۆکارەیە کە زیاتر جێگای مەترسییە بۆبوونی سەقامگیری سیاسی، دوژمنایەتیو ڕقی زۆری حزب الله لە ئیسرائیل بەهۆی داگیر کردنی فەلەستین بەلاَم لەتێڕوانینی حزب اللەدا ئیسرائیل ڕۆژێك لەڕۆژان شەرعیەتی نییە، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی داگیرکردنی خاکی



فەلەستینەوە دروست بووە لەسەردەستی داگیرکەرانی بیانی[89]

حزب الله ناتوانێت ئیسرائیل قبوڵ بکات لە فەلەستین، بە گوێرەی وتەی قسەکەری فەرمی حزب الله (سەدان ساڵی دیکەش تێپەڕبێت دەوڵەتی ئیسرائیل شەرعیەتی نییە)، چونکە بەپێی داوەری خواوو داوەری مرۆڤایەتی، ڕەوابەسەر ناڕەوادا سەردەکەوێت لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا[90] سەرەڕای ئەمانەش ئەو دوژمنایەتییەی بوە هۆی دروستبونی ئیس‌رائیل تا ئێستا بەردەوامە بە شێوەیەکی بەهێزتر بەلاَم لەبەرگێكی جیاوازدا، دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر مافەکان، پاڵی بەحزب الله وە نا کە بە

[89] (حزب الله)ی سعید غوریب لا 134

90 هەمان سەرچاوەی پێشوو لا135



www.pertwk.com

دوژمنی مەزن ناوی بەرێت ببێتە قێزەونترین دوژمن لەم سەردەمەداو سروشتەکەی وای لێکردووە کە ببێتە دوژمنی یەکەمی شارستانییەتی نەتەوە[91]، هەروەها حزب الله چارەسەر کردنی ململانێی فەلەستینی ئیسرائیلی لە ڕێگەی گفتوگۆوە ڕەتکردەوە چونکە دەبێتە هۆی دانپیانانی بە ئیسرائیلداو ڕازی بون لەسەر فەلەستینێکی پارچە پارچە کراو، ترسی گەورەش ئەوەیە کە ڕێکەوتنەکان لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا بن بەم شێوەیە هەتا لەگەڵ پاشە کشەی ئیسرائیل لە لوبنان ئارەزوی ڕزگار کردنی فەلەستین دەمێنێتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی هەبونی ئیسرائیلە[92] شێخ (نعیم قاسم) جێگری

91 هەمان سەرچاوە

92لە ڕاستیدا حزب الله لەسەردەمی جەنگی ڕزگاری عیراقیشدا بەردەوام بوو لە ئاراستە کردنی موشەك بەرەو خاکی ئیسرائیل وتەقەکردن لە فرۆکەکانی ئیسرائیل.



ئەمینداری گشتی حزب الله ساڵی1998 لەبارەی جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل وتی هەتا ئەگەر ئیسرائیل پاشە کشە بکات لەباشوری لوبنان ئێمە وەك داگیرکەر تێیدە ڕوانینو ئەرکی ڕزگارکردنی فەلەستین لەسەر شانمان دەمێنێتەوەو لەئەستۆی ئێمەدایە[93] حزب الله چالاکی ڕونو ئاشکرا لە دژی ئیسرائیل ئەنجام دەدا وەك چالاکی کردنەوەی ئاگری چەکی دژە فڕۆکەکان بە درێژایی سنور کە بووە هۆی کوشتنی هاوڵاتییەکی ئیسرائیلی ساڵی2003 کە یەکەم کوژراوی دەستی حزب الله بوو پاش پاشەکشەی ئیسرائیل لە باشوری لوبنان لە ئازاری2000 هەروەها حزب الله چالاکی نهێنی ئەنجام دەدات وەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکانی فەلەستینو پێکهێنانی شانەی

93 -وەرگیراوە لە کتێبی(حزب الله)ی سعد غوریب لا 162



www.pertwk.com

سیخوڕی لە ناو ئیسرائیلو ئەنجامدانی هێرش لەناوخۆی ئیسرائیل، حزب اللە نکوڵی لەو چالاکییانە دەکات. حزب اللە هەوڵی زۆری داوە بۆ دزە کردنە ناو ئیسرائیلەوە بەشێوەیەکی زۆر داهێنەرانە، حزب اللە بۆ ئەم کارە هاوڵاتیانی عەرەبی ئیسرائیلیو عەرەبە دانیشتوانەکانی ئیسرائیل بەکاردەهێنێت کەلە (بەرزاییەکانی جولان) نیشتەجێن دیاریکردنی ئامانجەکان لەناوخۆی ئیسرائیل بەجۆرێك کەسیخورەکانی حزب توانیان سنورەکانی ئیسرائیل بەبێ چەك ببەزێنن.. بێگومان ئەم حزبە دوژمنێکی لە ڕادەبەر حیلەبازو فێڵاوییە. ڕەنگ گرنگترین مەسەلەی جێگابایەخ توانای (حزب اللە) لە بەزاندنی سنوری ئیسرائیل بە بەکارهێنانی خەڵکانی ئەوروپی عەرەبیو عەرەبە بەڕەگەز



ئاسیای‌یەکان بە بەڵگەنامەی سەفەری کەنەدی یان ئەوروپی هەبێت. محمد حسێن مقداد یەکەم کەس بوو کە لە ئەوروپا بە فرۆکە گەیشتە ئیسرائیل بە پاسپۆرتێکی بەریتانی ساختەوە ... خۆشبەختانە ئەو ئامێری تەقاندنەوەیەی بە دەستییەوە بوو بەخۆیدا تەقییەوەو بەخەستی برینداری کرد لە ژورەکەی خۆیدا لە ئۆتێل (قدس)

.لە حوزەیرانی ساڵی1988 لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی بەندکراوەکاندا گەڕایەوە بۆ لوبنان، هەروەها هاوڵاتییەکی ئەڵمانی هەیە سیخوری حزب اللە بوو لە ساڵی1997 دەستگیرکرا کاتێك ویستی چالاکییەکی خۆکوژی ئەنجام بدات، لە کانونی دووەمی ساڵی2001 هاوڵاتییەکی بەریتانی دەستگیرکرا کە بۆ بەرژەوەندی حزب اللە



www.pertwk.com

.

ڕێکخـراوی دیکـه هەیـه کـه هاوڵاتیـانی لایـەنی ســێهەم بــەکاردەهێنن بــۆ جێبــەجێ کردنــی هێرشـەکانی وەك حـەماس ئـەو کەوسـانه هـاوڵاتی وڵاتـانی ئـەوروپا بـوون[95] هـاوڵاتییـەکی بـەریتانیا بەڕەگـــەز پاکســـتانی تیاترۆخانـــەی شـــەوانه (Milxe's club) تەلئـەبیبی تەقانـدەوە لـه نیســانی 2003 ســێ کەســیانی کوشــتو پێــنج کەسـیانی بریـنـدار کـرد هـەروەها حـزب اللـه لـه

[94] حزب الله دزە دەکات بۆ ئیسرائیل Sobelman,pp.26-27

95 -دودڵی هەیە لە بارەی (IRA) کە هاوکاری گروپە تیرۆریستەکانی فەلەستین بکات وەك ئەو یارمەتیەیی پێشکەشی گروپەEARC یکـرد لـە کۆلۆمبیـا.وادەردەکـەوێت کـە ئـەم هاوکارییـە بـە شـێوەیەکی تایبـەت پێشکەش دەکرێت بۆ تیرۆریستە فەڵەستینییەکان وپێشـکەش کردنـی شـارەزای پێویسـت لـەبواری پیشەسـازی بۆمب ودیاری کردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەو کارە وداهێنان لـە بـارەی راوکردنـی کەسـەکانی دوژمـن بـە چـەك وڕاهێنان لەسەر پەیوەندی کردن.



دەرەوەی ئیسـرائیل هێرشـی کردۆتـه سـەر ئامانجـه ئیسـرائیلییەکان لەناوچـەکانی دیکـه، حـزب اللـه بەرپرسەله هەوڵی سـەرنەکەوتوانەی هێـرش‌کـردن بـۆ سـەر باڵیۆزخانـەی ئیسـرائیل لـه بـانکوك لـه ئایاری 1994دا.



www.pertwk.com

## دەوڵەتی فەلەستینی کە هەڕەشە نەبێت بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل:



(یوجی بیرا) سەر سوڕمانی خۆی دەربڕی کە سەرجەم پێشبینیەکان بێبەزەیی بوون، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە، وا پێدەچێت لەە ململانێی ئیسرائیل _ فەلەستینی بە ئاسانی بە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی (بیرا)بێت کە پێی وابوو خوێنی زیاتر دەرێژرێ لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە خوازیاری ئارامی نێوان ئیسرائیلو دەسەلاتی فەلەستینین کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی فەلەستینێکی گەشەکردو کە هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل ناکات .. بەلام هەروەها پێویستە پێشبینی خێراتر بکەین ئەویش زیاد بونی حاڵەتی خوێنڕشتنە یان بەردەوام بوونی ئەو توندو تیژییەی لە ئەیلولی2000ەوە بەردەوامە[96].

[96] باشترین ڕاڤەکردنی نەزەری بۆ کرداری خوێن بەربون لە لێدوانەکانی (ئافی کوبر)



www.pertwk.com

گفتوگۆکـانی (ئۆسـلۆ) ئاماژەیـەکی بـۆ ئاشـتی پێشـکەش کـرد بـەڵام کـاتی نـەهاتبو ... بـەڵام گـومـانی تیـادا نیـە لـەکاتی بەفـەرمی ناسـینی دەوڵـەتی فەلەسـتین گفتوگۆکـانی ئۆسـلۆو هەوڵـەکانی (ئـیسـحاق رابـین) وێنـای مەبـدەئی پێشکەوتنەکانی داهاتوو دەکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـوونی ململانـێ توندی وتیـژی تیرۆریسـتان وا لـە ئیسـرائیل دەکـات کەلـە حاڵـەتێکی راوەسـتاندابێـت.لـەوەی حـەماس وجیهادی ئیسلامیوشـەهیدانی ئەقصا لـە رێکخـراوی فـەتح جیاببنەوە ئاشکراشە کە هێلێکی تـەریب هەیـە لـە نێـوان ئـەو ململانیـەو هێرشـی ئـەمریکا بـۆ سـەر قاعیدە.

---

See his (Reflection on Battlefield Decision and low Intensity conflict)

لێکۆڵینەوە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەت و ئاسایش لـە رۆژهـەلاتی ناوەڕاست ژمـارە (49) رامـات جـان — سەنتەری مرکز بیگن_ زانکۆی بار ئیلان-12002 چالاکییە خوێن بەربوەکان لە جەنگی هاوچەرخ.



ئیسـرائیلیەکان لـە هـەوڵی بەردەوامـدان بـۆ لـەناوبردنی ئـەو تیرۆریسـتانە چ بـە کوشـتنیان چ دەسـتگیرکردنیان، یـان بـە رێگـرتن لـە راکێشـانی ئەنـدامانی نـوێ، گەیشـتنی یارمـەتیو هاوکـاری دەرەکـی بۆیـان، لەهەمانکاتـدا پێویسـتە ئەلتـەرناتیفێکی پەسـەندکراو میـانڕەو بـۆ (یاسـر عەرفـات) بدۆزێتـەوەو بـەهێز بـکرێـت، ئەمـەش گرنگـە بـۆ کەمکردنـەوەی سـەرەنجی گروپـە تـیرۆری‌سـتەکان بۆناوچـەکە ... ئیسـرائیل لـەم رێگایـەدا هـەنگاو دەنێـتو پارێزگـاری لـە ئـیرادەی خۆی دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر.

ئەگـەر بڕوانینـە ململانێی دوورودرێـژی نێـوان ئیسرائیلو فەلەسـتین هەڵکشـانو داکشان دەبیـنین وەك جـەنگی 30 سـاڵە یـان جـەنگی 100 سـاڵە بۆمـان ڕوندەبێتـەوە کـە هەنـدێك لـەگرنگترین



www.pertwk.com

پێکهاتەکانی ئاشتی لەم ململانێ توندەدا زەمینەکانی ڕەخساون.. بە ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت فەلەستینی‌یەکان هێزێکی مەزنی‌ان لەکیس چوو کە پشتی دەگرتن.. لەسەر کارلابردنی (صەدام حسین)یش هەرچەندە گرنگییەکەی کەمترە بەڵام پەیوەندیدارە.. هەروەها گەشەکردنی بیری سیاسی فەلەستینی کەبە ئاڕاستەی ئیجابیدا دەڕوات، لەبارەی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بە جۆرێك کە قبوڵی دەوڵەتی ئیسرائیلی دەکات[97] ، هەرچەندە گەشە کردنی ئەم لایەنە لە بڕی سیاسی گورزێکی کوشندەیە بۆ هەندێك وەك (SISYPHAN TESK) لە کۆتای‌یشداو

97(باری روبن) ڕاڤەکردنێکی قوڵ پێشکەش دەکات لە بارەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتە نوێیەکانی‌فەلەستیینەوە (شۆڕش تا سەرکەوتن؟ سیاسەت و مێژوی ڕێکخراوی ئازادیخواز, فەلەستین) ئەم نوسراوە ماوەی نێوان ساڵەکانی (1948-1993 (لە خۆ دەگرێت (گۆڕانی سیاسەتی فەلەستینی لەشۆڕشەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت) ئەم کتێبە لە دەسەڵاتی سیاسەتی فەلەستین دەکۆڵێتەوە لە ماوە نێوان (1993-1999).



بەهەمان گرنگی بڕیاری ئیسرائیل لە بارەی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر لە جێگای خۆیدا ماوەتەوە سەرەڕای بە دەستهێنانی هەندێك سەرکەوتنی بچوك، هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل پابەندە بە جەنگێکی خوێناوی ئاسایی دژی دوژمنێکی ترسناكو خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز، بەڵام ئیسرائیل دەتوانێت ئەو جەنگە بباتەوە ئەگەر بڕیارەکەی ئیسرائیل لەجێگای خۆیدابمێنێتەوە، لە ڕاستیشدا سەرۆکی ئەرکانی تیمەکە (موشی یالون) لە تەموزی2003 ڕایگەیاند کە کۆتایی ململانێکە نزیك بۆتەوەو سەرکەوتن هەر بۆ ئیسرائیل دەبێت، ڕەنگە بارودۆخەکە بەو ئاقارەدابڕوات، بەڵام گومانی تیادا نییە کە مرۆڤایەتی باجێکی گەورەی پێشکەش بەو جەنگە کردووە، بە درێژایی



www.pertwk.com

ی‌یەکان کوژراون (567 مەدەنی، 243 سەرباز)و (5600) کەسی دیکەش بریندار بوون، بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیلی نزیکەی (2330) کوژراوو (14000) بریندارى فەلەستینى هەیە.[98] پێویستە ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:-

یەکەم/ پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دڵنیا بێت لە ئاسایشی ئیسرائیل _ بەو هۆیەوە کە ئیسرائیل پاڵپشتی ڕاستەقینەی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ لە جەنگی سارد چ دوای ئەو، هەروەها

[98] هەزار ڕۆژ لە ململانێ: 810 کوژراو لە ئەنجامی هێرشی فەلەستینییەکاندا –نینا جلبرت Jerusalem ost,June24,2003



هاوپەیمانێکی بە نرخە لەبەر هۆکانی ئیدۆلۆژی‌و سەرکردایەتی... هتد..

هاوکاری هەیە لە کاروباری سیاسی‌و عەسکەری‌و هەواڵگری لە نێوان هەردولا، وەئێستا ڕون نییە کەئەگەر دەوڵەتی فەلەستینی هەبێت پاڵپشتێك دەبێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل‌و بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنهالەبەرئەوەی یاسرعەرفات لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە.. لە ڕاستیدا گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕوی دەسەڵاتی عەرەفات دەبێتەوە لە لایەن گروپە تیرۆریستەکانەوە نەك لە لایەن عباسی میانڕەوەوە، ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان وای لێبێت بەڵام ئێستا.... نەك... باشترین‌و کاریگەرترین ڕێگا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ستراتیژیەتە ئەوەیە کە ڕێگا بە ئیسرائیل



www.pertwk.com

بۆ
یەکلایی کردنەوەی ململانێکەو ئاڕاستەکەی بە دڵنیابوون بەوەی کە لە کۆتایی‌دا دەگەنە ئەو مەرجانەی کە ئیسرائیل پێیان ڕازی دەبێت.

دووەم/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەلەسەر تا سەری جیهاندا بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت، پێویستە لەسەری کە گرنگی بدات بەبیروڕای نێودەوڵەتی بەتایبەت جیهانی عەرەبی، دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەش پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆتستۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بکات لەکەناری ڕۆژئاواو کەرتی غەزەو تاوانەکانیش بخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی فەلەستین ... لەوەش زیاتر پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان وا خۆی نیشان بدات کە چالاکە لەبوژاندنەوەی گفتوگۆی نێوان ئیسرائیلو



فەلەستین، وەکو ئەو هەڵوێستەی لە بارەی پرۆسەی (نەخشەی ڕێگاوە) هەیبوو پێویستە سەرجەم هەنگاوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی وابکەوێتەوە کەلە بەرژەوەندیی کۆتایهێنانی ململانێکەدایە. بەڵام لە ڕاستیدا پێویستە دوربکەوێتەوە لەهەر شتێك کە هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل بکات... پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پارێزگاری لە ئاسایشی ئیسرائیل بکات، لە کاتێکدا چەمکەکە وا دەکەوێتەوە کە فشار لەسەر هەردوولا دادەنێت بۆ قبوڵ کردنی (نەخشەی ڕێگا).

پلانی ئاشتی نەخشەی ڕێگا بۆ چارەسەکردنی ململانێی نێوان ئسسرائیلو فەلەستین لەلایەن چوارلایەنی ناوبژیکەرەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دارێژراوە (یەکێتی ئەوروپا، ڕوسیا، نەتەوە



www.pertwk.com

قۆناغی یەکەم لە[99]

پرۆسەکەدا کۆتایهێنانە بە توندوتیژیو بنیاتنانی متمانە، پێویستە لەسەر فەلەستینییەکان بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکراو بێپەردە دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن، وسەرجەم هێرشەکانی سەر ئیسرائیل ڕابگیرێت لەڕێگای ڕاگەیاندنی ئاگربڕ بە خێرایی بەبێ هیچ مەرجێكو دەستبەسەراگرتنی سەرجەم چەکە نایاساییەکان، وکارکردن بۆ کۆتایهێنان بەئاژاوە لەڕیزی گروپە تیرۆریستەکانداو، پرۆسەی هەڵبژارندنی ئازادو

99 ناوی فەرمی نەخشەیڕێگا: ئەوەیەکە نەخشەی ڕێگا دەکێشێت بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی هەمیشەیی وەك چارەسەرێك بۆ ململانێی ئیسرائیل -فەلەستین



ئاشکراو دادوەرانە ئەنجام بدرێتو سەر لەنوێ دەزگا ئەمنییەکان بە سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران پێکبهێنرێت[100] ئیسرائیلیەکانیش دان بەدامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی دابنێن کەخاوەن سەروەری خۆی بێت، ئیسرائیل ئۆردوگای جولەکەکان لە کەناری ڕۆژئاوا وکەرتی غەزە هەڵبوەشێنێتەوە تا ساڵی2001 کەزیاد لە (70) ئۆردوگای جولەکەیە. هەروەها ڕاوەستاندنی ڕوخانی ماڵی جەنگاوەرە فەلەستینیەکانو پاشەکشەی قۆناغ بە قۆناغ لەو ناوچانە لە قۆناغی دووەمدا دەوڵەتی هەرێمی فەلەستین لە کۆتای

100 پێویستە تێبینی بکرێت کە دەسەڵاتی فەلەستینی پێنج ڕێکخراوی ئاسایشی هەیە وڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی عەرەفاتدایە کە بریتین لە :هێزی (17) \, هەواڵگری گشتی, هێزی ئاسایشی نەتەوەیی, هەواڵگری سەربازی و هێزی دەریایی, هێزی حەڤدە ڕاستەوخۆ دادەنرێت بەلایەنی بەرپرسی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ئیسرائیل, مەیەستی ئێمە لەم لایەنە ئەوەیە کە هێزی سەربازیی سەربەخۆو جودا هەبن و ووردبن لە دەسەڵاتی ئەبومازن.

Ze’er schiff (Araft Oatmuneu vers Abbas on Rood map) Ha’aratz May5,2003.



www.pertwk.com

کاردەکات بۆ فراوانکردنی روبەری ئەو زەویانەی تەرخانکراوە بۆ دامەزراندنەی دەوڵەتی فەلەستین بە شێوەیەك کە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل نەبێت ... هەر لەم قۆناغەدا دەستوری فەلەستین بڕیاری لە سەر دەدرێت وە لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیدا دەوڵەتی فەلەستین ڕادەگەیێنرێت کە سنورێکی هەرێمایەتی هەیە .
چوار لایەنەکە هەوڵی بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی فەلەستین دەدەن لەئاستی نێو دەوڵەتیدا، هەورووەها بە وەرگرتنی وەك ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە قۆناغی سێهەمدا ئامادەکاری دەکرێت بۆبەستنی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی لەساڵی2002 کەکاردەکات بۆ گەشتن بە ڕێکەوتنی



یەکجارەکی لە ساڵی2005 لەم قۆناغەدا ئەو مەسەلانە چارەسەر دەکرێت کە چارەسەرکردنیان گرانە... چارەنوسی قودس یەکلایی دەکرێتەوەو سنوری کۆتایی نێوان هەردوو وڵات دیاری دەکرێتو مافی گەڕانەوە چارەسەر دەکرێت، هەروەها دوا بڕیار دەدرێت لەبارەی ئەوەی ئایا پەنا بەرە فەلەستینییەکان دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانیان لە ئیسرائیلو چارەسەری مەسەلەی ئۆردوگا ئیسرائیلیەکان دەکرێت. ئیدارەی بۆش چەندین جار خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی کەلەسەردەمی دەسەلاتەکەیدا ڕوناکی ببینێتو لەگەڵ ئیسرائیل بە ئاشتی بژی.

ئیدارەی ئەمریکی (یاسر عەرەفات) • بە کۆسپ دەزانن لە ڕێگای هێنانەدی ئاشتیو محمود عباس



www.pertwk.com

[101] لە نیسانی2003 قسەکەری
ڕەسمی کۆشکی سپی (ئاری فلیشەر) لە لێدوانێکدا وتی(یاسر عەرەفات هەلی بۆهاتەپێش بەڵام سودی لێنەبینی) کاتێك دەستی دەستی کرد لە ڕازی بوون بە ئیمزاکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیەی سەرۆك (کلنتۆن) ماندو بوو بە دەست ئامادەکردنییەوە...ئەوە ساتی ڕاستەقینە بوو بۆ یاسر عەرەفات کە ڕاستگۆیی خۆی تیا دەربخات ... ئەو ساتەش کە درۆی لەگەڵ سەرۆك بۆش کرد لە بارەی (کەشتی کارین KARINE-A)و

101 پاول) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی CBS لە بەرنامەی ڕووبەڕووبونەوەی میللەت لەگەڵ (بوب شیفر) لە 4 ئایاری 2003



کارکردنی چالاکی لە بری تیرۆریستانو درۆکردن لەگەڵ سەرۆك لە بارەی هاوکاری فەلەستین بۆ سەرکردە تیرۆریستەکان[102] لەهەمان کاتدا ئیدارەی ئەمریکی زۆر بەشانو باڵی (محمود عباسدا) هەڵیداو سەرۆکی ئەمریکا بەوە وەسفی کرد (کە ئەو پیاوەیە دەتوانم کاری لەگەڵدا بکەم)[103] سەرەڕای هەموو شتێك پێویستە لەسەر سەرکردایەتی فەلەستین ئەوە ڕونبکاتەوە کەگەشتونەتە تێگەیشتن لە پەیوەند بە بونی دەوڵەتی ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی یەهودیو هەوڵدانەکانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی

102 کورتەی گوتەی ڕۆژنامەکان- ئاری فلیشر- کەشکی سپی30 -نیسانی2003
103 سەرۆك جۆرج بۆش, لێدوانەکانی سەرۆك بۆش وسەرۆکی کۆلۆمبیا لە بۆنەیەکی وێنەگرتندا لە 30نیسانی2003
• یاسر عەرەفات لە مانگی نۆڤەمبەری 2004دا کۆچی دوای کرد( وەرگێری کوردی )



www.pertwk.com

فەلەستینی هەنگاوێك نابێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل.

دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی کەزیان بە ئاسایشی ئیسرائیل ئەگەیەنێت چارەسەری نمونەییە... ئەگەر ئەم هەنگاوە شکستی هێنا هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی چڕو پڕ کاربکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی بێ زیانبەخشین بە ئاسایشی ئیسرائیل... ئەوە تا ئێستا بەسە ... فەلەستینییەکان دەستیان لە ڕێکەوتنەکانی ئۆسلۆ هەڵگرتووە ئۆباڵی سەرنەکەوتنی ئاشتی لە ئەستۆی سەرکردایەتی فەلەستیندایە پێویستە لەسەر فەلەستینییەکان کە بەخەبەربێن لەو خەیاڵەی کە هەڵوێستەکانی



یەکێتی ئەوروپا تەرازوی هێزیان بۆ پارسەنگ دەکاتەوە .

پێویستە لەسەر فەلەستینییەکان شێوازەکانیان بگۆڕن ئەگەر دەیانەوێت بگەن بە ئاشتی هەمیشەیی. چارەسەرێکی دیکەش هەیە بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێکە بەڵام ئەو چارەسەر بەهای کەمترە... ئەویش بەرکاهێنانی هێزی ئەمریکی یان هێزی ناتۆیە بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لەو ناوچانەی ململانێیان لەسەرە.

لە حوزەیرانی2003 (جون وارنر R-VA و ریتشارد لوگار R-N) هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کران بۆ تاقیکردنەوەی ئەگەری سەرکەوتنی ئەمریکا یان پەیمانی ناتۆ لە چەسپاندنی سەقامگیری لە



www.pertwk.com

ین، وبەکارهێنانی هێزی

سەربازی ئەمریکی یان هێزی ناتۆ بۆ تەفروتونا کردنی حەماس، هەردوکیان پێشنیاری بونی هێزی ناتۆیان کرد کە هێزی ئەمریکی لە خۆ دەگرێت بۆ ناچارکردنی فەلەستینیەکانو ئیسرائیلیەکان بە ئاگر بڕ[104] لوگار لەمبارەی‌ەوە وتی (پێویستە هێزە نێودەوڵەتییەکان بە شوێن حەماس و گروپە تیرۆریستەکانی دیکەدابڕۆن[105] بەڵام مەترسییەکانی ئەم ڕێبازە لە سودەکانی زیاترە ... لەهەمانکاتدا هێزەکانی ئەمریکا ئەرکی دیکەیان هەیە لە زۆر ناوچەی دیکەی جیهاندا بۆ پاراستنی ئاشتی، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بلاٌوببنەوە حەماسو جیهادی ئیسلامی هێرشی

[104] (ریك میز) یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران, پێشنیاری ناردنی هێزی پەیمانی ناتۆی كرد بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .Nary times,June23,2003.p.10.

105(بیل سامون) ڕۆڵی هێزی ئەمریكایی ڕەأأتكردەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
The washington time, June17.2003.



خۆکوژی دژبە هێزەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدەن، وجیاوازی بیرورا لە بارەی چۆنیەتی وەڵامدانەوەو تۆڵەکردنەوەی ئەو هێرشانە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئیسرائیلدا ڕودەدات، هەمیشە ئەگەری ڕودانی مەترسی نامەبەست دەبێت لە نێوان ئیسرائیلو ئەمریکا لە ئەنجامی هەر کردەوەیەکی سەربازی ئیسرائیل[106].

لەگەڵ بونی ئەو پەیوەندییە تایبەتییەی ئیسرائیلو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیەکەوە دەبەستن، کێشەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە لەو پەیوەندیەدا ئەویش ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی مەزنەو بەرژەوەندی لەسەر ئاستی جیهان هەیە لە کاتێکدا ئیسرائیل بەو شێوەیە نییە، هەربۆیە ئەمریکا

106 Efraim inbar,"the left's latest pancea-Trusteeship for palestine"The Jerusalem post,Jukne26,20030



www.pertwk.com

بۆ نمونە لە بەهاری ساڵی2003 ئەمریکا فشاری بۆ ئیسرائیل هێنا بۆ کەمکردنەوەی کوشتنی گەورە تیرۆریستەکان‌و دەست هەڵگرتن لە چوونە ناو ناوچە فەلەستینییەکان لە کاتی گفتوگۆو ڕاگەیاندنی ئاگربڕ[107]

بەڵام ئەم هەڵوێستانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە بە ناکۆکی بچوکی نێوان هاوپەیمانان دابنرێت، وزۆر پێویستە کە پشتگیری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەسەرجەم جیهاندابکرێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافی خۆیەتی کە لایەنی ئیسرائیل بگرێت لەو جەنگەدا کەبەرامبەرتیرۆریستە فەلەستینییەکان ئەنجامی دەدات، ئیسرائیل هاوپەیمانێکی زۆر گرنگە بۆ

---

107 Ha'aretz state."Source:Israel Agrees to limit strickes on militants" Ha'atretz,June18,2003

وەك لـــە

دەسـەڵاتی فەلەسـتینی ... بـەڵام ناهاوسـەنگی لـە هەڵوێستەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بەڕوی دوو لایەندا کاریگەری زۆری دەبێت لەسـەر پەیوندییـە گرنگـەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە وەك (عەرەبستانی سعودیو پاکستانو میسر) سـەرەڕای دەوڵـەتی تـازە دروست بـوو لـە عێـراق، ئەمـە بـۆ ئیسـرائیلییەکان گـرنگ نییـە بـەڵام پێویسـتە گرنگـی پێبـدەن. سەرەڕای ئەو کێشە زۆرانە بەڵام ئـەو پەیوەندیـەی ئیسـرائیل دەبەسـتنەوە بـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پەیوندییەکی بـەهێزەو پێویستە هەروا بەهێز بێت لەبەرئەوەی پەیوەندی لـەو شـێوەیە خزمـەت بـە بـەرژەوەنـدیـیـەکانی هەردوولا دەکات.

## ئەنجامی کۆتایی

هەریەك لە جەنگی دژە تیرۆرو بارودۆخی ئێستای سیستمی جیهانی لەگەڵ باڵادەستی ئەمریکی دا هەلێکی ئاڵتونی پێشکەش بە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا دەکات... ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی دەتوانێت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتی خۆی پەرەپێبدات بە ڕێژەیەك کە پێشتر بۆی نەڕەخساوە لە ئەنجامی گۆڕینی ڕژێمە دژە ئەمریکیەکان بە ڕژێمی دۆست، راگرتنی بەرنامەی چەکە كۆکوژەکان، وکەمکردنەوەی ئەو هێرشەی ڕێکخراوی



قاعیدەوحزب الله دەینوێنن، وپێش خستنی بیری ئازادیخوازی سیاسیو، بەردەوام بون لە هاتنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان، وە هاوکاری کردنی دەوڵەتانی هاوپەیمانو تێکەڵ بوونی ئابوری دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ ئابوری جیهان بۆ باشکردنی ئاستی بژێویو دابینکردنی هەلی کارکردن بۆ ئەو گەلانە .

ئەم لێکۆڵینەوە کورتە بیانوو دەهێنێتەوە بۆ فراوان بونی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وخاڵەکانی ئەجندای ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو ناوچەیە دیاری دەکات.. بەڵام ئاستەمە هەموویان جێبەجێ بکرێت بە هۆی بونی ئاستەنگ لە خودی ناوچەکە هەروەها لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ......بۆیە پێوستە ویلایەتە یەکگرتوەکانی



www.pertwk.com

هات کەزۆر جارلە
مێژودا ڕویداوە، جێگای تێبینییە ئەو خواستانەی ئەمریکا لەناوچەکە دەیەوێت بەدییان بهێنێت لەرووی سەربازییەوە بارێکی قورس دەخاتە سەرشانی.

گومانی تێدا نییە ئەوەی ئەمەریکا شانازی پێوەدەکا ئاستی بەرزی هێزەسەربازیەکەیەتی کەپڕچەکن بەباشترین چەك و هاوکاری ئیداری، هەروەها توانا هەواڵگرییە دانسقەو نمونەییەکان پاڵپشتیان دەکات. بەڵام لەگەل ئەوەشدا خوێن ڕشتنەکان دەکەوێتە ئەستۆیان، دواجار حکومەتی ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەك ناتوانیت وێنەی سەربازەکانی جوان بکات لای گەلانی ناوچەکە، وگەلی ئەمریکا لە ڕوانگەی



گرنگی سیاسی بۆ ئەمریکا لە بڵاوکردنەوەی بیروراو دەسەڵاتی ئەمریکا.

دواجار... ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی تاقانە دەمێنێتەوە.. کە جیاوازە لەگەڵ هەر ئیمپراتۆریەتیەکی پێشخۆیدا. ئەو هەوڵی باڵادەستی دەدات بەبێ داگیرکردن.. وە لەرێگای حواکمڕانی کردن لەلایەن خودی هاوڵاتیانی وڵاتانەوە.. بەسەرنجدانی تایبەت لە بیروڕای نوخبە.. بەڵام وانەی ئاشکرا هەیە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ئەنجامی هەوڵەکانی پێشوتری بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەت وەری گرتوە گرنگترین وانە ئەوەیەکە دەسەڵاتی ئەمریکا ئەوانە دەترسێنێ کە خاوەن دەسەڵات نین و هەرکاتێك هەلی گونجاویان بۆ ڕەخسا دژی دەوەستنەوە، بەر لە پرۆسەی ڕزگاری عێراق یان



www.pertwk.com

ۆسۆڤۆ بەماوەیەکی درێژو هەتا رووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت دوو دڵیەك هەبوو لەبارەی توانای هێزی سەربازی ئەمریکا، شەلەلێکی تەواو هەبوو لە دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی چالاك دژی ئەمریکا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کاریگەریە گەورەیەی دیبلوماسیەتی ئەمریکی لێی بەهرەمەندبوو، وەگرنگی بەرژەوەندی ئەوانەی کە دەکرا دژایەتی بکەن ، بینیان کە ئەگەر لە ڕیزی ئەمەریکادابن دەسکەوتیان زیاتردەبێت وەك لەوەی دوژمنایەتی بکەن .

سەرەڕای گرێدانی هەندێك کۆبونەوە لەلایەن هەندێك سەرکردەی روسیاو چینەوە یان لەلایەن لێپرسراوانی روسیاو بەرپرسانی یەکێتی ئەوروپا رەخنەی توندیان ئاراستەی بالأدەستی ئەمریکا کرد. سەرەڕای ئەوەی تاهەنوکە کاریگەریان نیە،



بەلاّم زیادبوونی دەوڵەتە دژەکانی ویلایەتە یەکگریووەکانی ئەمریکا هەرەشەیەکی راستەقینە پێکدەهێنێ لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی سەربازی مەترسی ڕاستەقینە پێکدەهێنێت بۆ چەندین دەوڵەت پێویستە ئەو ولأتانە بزانرێت کەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوژمنایەتیان دەکات.. پێویستە بەو شێوەیە تەماشای ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەکرێت کەدوژمنایەتی کردنەکانی بێ هۆیە (بیروورای بوش)و (ڕاگەیاندنی ستراتیژی ئەمنی قەومی ئەمریکا) هاوارێکی خوێناوی بوو بۆ جیهان کە ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە دەوڵەتێکی بالأدەست بمێنێتەوەو تۆڵەی خۆی لەهەر دەوڵەتێك دەکاتەوە کە هەڕەشە پێكبێنێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان:- سەرۆکی ئەمریکا ئەو



www.pertwk.com

انـه ئـەمریكیـیەكانیـان كوشـت ...

ئێمەش له 11ی سیپتەمبەرەوە نیـازی خۆمـان بـۆ ئاشـكرا كـردن... لەمـە بـە دوا متمانـە بـە نیـازە (باشەكانی)ئـەو كـەسـە شـەڕە نگێزانـە ناكـەین ... ئێمـــە لـــە ڕووبەڕووبونـــەوەی ئـــەو تیرۆرســـتانەو هاوكارەكانیانـــداین ... ویلایەتـــە یـــەكگرتووەكانی ئەمریكا ڕێگە نادات بـە هیـچ گروپێكـی تیرۆریسـت یـان ڕژێـمێـكی لـە یاسـا دەرچـوو كـە هەڕەشـە لـە ویلایەته یەكگرتووەكانی ئەمریكا بكات بـە چـەكی كـۆ كـوژ ، هــەر كــات پێویســتی كــرد وەڵامیــان دەدەینەوە بۆ ئـەوەی ژیـانو ئـازادی گـەلی ئـەمریكا بپـارێزین[108] ئـەو وشـانە زۆر كـەسی لـە هـەموو

---

[108] -لێدوانـەكانی سـەرۆك جـۆرج بـۆش لـە ڕۆژی 4 تـەموزی 2003 یـادی سەدسـاڵەی فڕۆكەوانیـدا- لـە



لایەكی جیهان تۆقانـد،  بـە هـۆی ئـەو ناوەڕۆكـەی لـەخۆی گرتبـوو ... ئەگـەر ئـەوەی ڕاسـت بێـت كـە ویلایەتـــە یـــەكگرتووەكانی ئـــەمریكا دوژمنكارانـــە مامەڵـەدەكاتو هێـزی سـەربازی بـە پلـەی یەكـەم بەكاردەهێنێت لـە كـاتی ڕووبەڕونـەوەی هـەر كێشـە یەكدا، سەرەڕای تێگەیشتنی دوژمنكارانـەی ویلایـە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئـــەو ترســـە لـــە جێگـــای خۆیـــدا نیـــە... چـــونكە ویلایەتـە یـەكگرتووەكان تـەنها مەبەسـتی چـەند دەوڵەتێكە وەك ئێران كۆریای باكور كە هەڕەشە لە سـەر جـەم دەوڵەتـە گرنگـەكانی ئـەوروپاو روسـیاو یابـــان دەكـــەن، هـــەر وەك ئـــەو بارودۆخـــەی ئەوروپیـــەكان تیـــادان ئـــەوا دانیشـــتوانی ئـــەمریكای لاتینـیو كۆریای باشورو یابان ئێستاكە بارودۆخیـان

---

مۆزەخانەی هێزە ئاسمانییەكان لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا-دایتۆن- ئۆهایۆ.



www.pertwk.com

،

ژیانی زۆربەی گەلانی ئەو ناوچەیەش هاو شێوە دەکات . پێویستە لە سەر ئەو وڵاتانەی ڕەخنە لە ئیداری ئەمریکا دەگرن ئەو راستیە بزانن کە لە ناوبردنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران و کۆریای باکورو لاوازکردنی کلتوری تیرۆر لای موسڵمانان سود بەوانیش دەگەێنێت، هەروەها سود دەبینن لە فراوان بونی ئابوری جیهان بڵاوبونەوەی بیروڕای کەلتوری پێویست بۆ ئەو فراوان بونە. وا باشترە ئەو ئامۆژگاریانە جێبەجێ بکەن کە دەستەی فرۆکە بازرگانیە ئەمریکیەکان ئاراستەی سەرنشینەکانی دەکات پێش هەڵفرین:_

(لەجێگاکانی خۆتانبن، پشوبدەن، کاتێکی خۆش



لەم گەشتەدا بەسەربەرن، ئامادەبن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشتی سەلامەتیان بۆ مسۆگەردەکات، بۆ شوێنی مەبەست... لەگەڵ پێویستی بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی دانایانە... ئێستا کات کاتی ئەمریکایە.

---



www.pertwk.com